

# کۆمەڵێک چیرۆک

نووسینی: لەیلا قادری (ساکار)

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

* کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «لەیلا قادری»..................................... ن. و: تریفە فاتیحی ..... ٤

١– قادر و خەزاڵ......................................................................... ٧

٢- ماچی مەلایی......................................................................... ١٢

٣- جەیران................................................................................ ١٥

٤- سەڵتەنە............................................................................... ٢٠

٥- مریەم بۆکانی......................................................................... ٢٥

٦- جوانییەکەی گەوەر.................................................................. ٣٠

٧- زمانی دایک وەک هەوێتی و وەک ژیان.......................................... ٣٣

٨- تریفە: "ڕووبارێک پەژارە" (وەک خۆی) ........................................ ٣٦

٩- مارف................................................................................... ٤٠

١٠- نازدار.................................................................................. ٤٥

١١- حومێرا(١)........................................................................... ٥١

١٢- حومێرا(٢)........................................................................... ٥٥

١٣- حومێرا(٣)........................................................................... ٦٠

١٤- جیژوان............................................................................... ٦٤

١٥- بیرەوەریی خۆم..................................................................... ٦٨

١٦- کچانی گەڕەک....................................................................... ٧٤

١٧- ئافتاب خاتوون...................................................................... ٧٩



سەرچاوە
Serchawe

١٨- وێنەی بە ٢٠ تمەن.................................................... ٨٥
١٩- ژوانی شاران.................................................... ٩٠
٢٠- غەریب ماوم لە تارانێ.................................................... ١٠١
٢١- گوڵان.................................................... ١٠٨
٢٢- سەیران.................................................... ١١٨
٢٣- خانزاد.................................................... ١٢٥
٢٤- فەرهاد بەهایی.................................................... ١٣٥
٢٥- سەدری.................................................... ١٤٣
٢٦- شەهلا.................................................... ١٥٤
٢٧- گورگەمێش.................................................... ١٦١



## کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «لەیلا قادری»



**ن. و: تریفە فاتیحی**

**خانمە چیرۆک نووس و وەگێڕ، دوکتور لەیلا قادری لە ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی لەگەڕەکی کوشتارگای شاری بۆکان چاوی بەدونیا هەڵێناوە**

لە تەمەنی دە ساڵییەوە بە خوێندنەوەی کتێبی ملوانکەی شین-ی مامۆستا شەریف، فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بووە، دواتر باوکی کە کەسێکی نە خوێندەوار نەبوو بەڵام زۆری شیعر و چیرۆکی کوردی لە سینەدا بوو، زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری سروەی بۆ دەکڕی لەیلا بە تامەزۆییەوە بۆی دەخوێندەوە و لەو کاتەوە جگە لە وانەکانی قوتابخانە و زانکۆ، هەموو پێوەندییەکانی بە زمانی کوردی بووە.

لەیلا لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەردا پەروەردە بوو، گرنگیدان بە شێوازی ئاخاڤتن و ڕەسەنایەتی زمان بە لای دایک و باوکیەوە زۆر گرینگ بوو، ئەوان هەردووکیان بە زمانێکی ڕەسەن و بە ئەدەبیاتێکی پەتی لەگەڵێ دەدوان.

گەورەماڵ بووین و هەمووکات دەرگای ماڵمان لەسەر گازی پشت بوو بۆ بەخێرهاتنی میوان لە خزم و دۆست و برادەر. بۆیە زۆر زوو لە نیزیکەوە هەستی بە زۆربەی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی خۆیان کرد و لە هەمووکات وەک گەردەلوول

بیر و هۆشیان لوول دەداو ئارامیان لێ هەڵدەگرت لە لایەکی دیکەشەوە، هەستی دەکرد هێندێ وشە و دەستەواژە و قسەی نەستەق، خەریکە لەناو خەڵکدا بەرەو فەوتان دەچێ، بۆ پاراستنی ئەو وشە و پەند و ئیدیۆمە ڕەسەن و پەتیانە لە فەوتان و لەناوچوون، بیری لە نووسینی چیرۆک کردەوە کە ئازاری ژنانی بێدەرەتان و ڕەنجەڕۆی پێ داڕێژێ.

-------

لە ١٨ ساڵیدا دەچێتە زانکۆی، کارناسیی تەربییەت موعەلیم/ لە زانکۆی تەورێز

ساڵی ١٣٨٥ کۆچ دەکا بۆ تاران و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدا و ساڵی ١٣٨٨ لە ڕشتەی «مودیرییەت ی بازرگانی شاخەی مارکێتینگی نێودەوڵەتی» زانکۆی تاران کارناسی ئەرشەد تەواو دەکا.

ساڵی ١٣٨٩ لە زانکۆی پەیام نووری کەرەج(البرز)، بۆ کارناسی ئەرشەدی رشتەی «بەڕێوەبەرایەتیی کەسب و کار» دەردەچێ و دەست بە خوێندن دەکا، و ساڵێک دواتر بۆ قۆناغی دوکتورا، لە ڕشتەی «بەڕێوەبەرایەتیی بازاڕیابی» لە زانکۆی تاران وەردەگیرێ و سێ مانگ پێش ئەوەی وڵات بەجێ بێڵێ، بە سەرکەوتوویی داکۆکی لە تێزەکەی دەکا و کۆتایی بەو قۆناغەش دێنێ»

لە بۆکان لە زۆربەی کۆڕوکۆبوونەوەکاندا بەشدار بووە و چالاکییەکانی سیاسی - مەدەنی بوون.

لە ماوەی ساڵەکانی ٩٢ - ٩٥ دوو کتێبی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کرد.

١- وەک یەکەم بەرهەم، وەرگێڕاوی یەکێک لە کتێبەکانی «برایان ترەیسی»ە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی بە نێوی «هێماکانی سەرکەوتنی ژنان لە کار و ژیاندا»

کە دەزگای چاپەمەنی زانکۆ چاپی کردووە.

٢- دووهەمین بەرهەمی کتێبێکی زانستی - ئاکادێمیکە بە زمانی فارسی کە پێوەندیی بە بواری خوێندنی خۆیەوە هەیە بە نێوی «تجارت خارجی» کە دەزگای چاپەمەنی «نارین» لە بۆکان چاپی کردووە.

ماوەی چوار ساڵیش خەریکی نووسینی چیرۆکە و دەربیجەیەکی کردۆتەوە بۆ پێشاندانی ئازارە شاراوەکانی کۆمەڵگە بەبێ سانسۆڕ.

کـۆی ئەو چیرۆکـانەش هەر ئێـستا ئامـادەی چـاپن، کە بە هـۆی سـەرقاڵیی خـۆیەوە نـاپەرژێتە سـەر چـاپکردن و بڵاوکردنەوەیان، و لە وڵاتی فەڕەنسایە نیشتە جێیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی: یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

١٢ی ئەپریلی ٢٠٢٣

---

# قادر و خەزاڵ.

نەورۆزی ساڵی ٧٧ی هەتاوی (٩٨ی زایینی)

چەند پاروو سابوونی بۆنخۆش و چوار کیسە خەنەو هێندێک سمڵ و مێخەکمان کڕی و کردمانە دیاری دەستی خۆمان...

کاک "حەبیب"ی شۆفیر، بە پەیکانە شڕەکەی، پاش فراوین (نەهار) هات و هەڵیگرتین و پاش چارەگێک لە نێودێ دایبەزاندین.

پوورە خاوەر، بۆرە خزمێکی بابم بوو...

مێردی بە ماڵێکی سێحەب تایفە کردبوو، هەر پێی دەکرا کەوشی خزموکەسی کاک برایم جووت کا، گەر خزمێکی خۆشی سەری لێ هەڵێنابایە، شاگەشکە دەبوو لە خۆشیان...

هەر بۆیە هەر کات دەچووین، دە خولەک هەر ماچی دەکردین و لەگەڵ هەر ملچەیەک دەیکوت: برایم دیوتە ئەوە کەسەکانی منیش هاتن...

خودا هەڵناگرێ، کاک "برایم"یش پیاوێکی وێچوو، هەڵکشاوو داکشاو و هەروەها پیاوی سوڵح و مەسڵەت و خوێنکووژانەوە بوو.

شەو داهات و باسی زۆربەی خەڵکیی نێودێ کرا و ماڵات و پاتاڵی زۆر کەسیان لێک داوە...

هەیوانەکەیان دەیڕوانییە حەساری دوو ماڵی هاوسێیان. (ماڵی سەید عوسمان و حاجی قاسم)...

لە نەکاو پیاوێکی "کەواوپاتۆڵلەبەر"ی "کورتەباڵا"م دیت بە ماتەماتە وەسەر دیواری ماڵی سەید کەوت و ئاوەژووی ئەو دیو بۆوە.

زۆر شڵەژام، ترسام نەکا ئەو ماڵە پێشمەرگەی لێبێ و ئەوەش جاش بێ...



سەرچاوە Serchawe

کاک برایم کوتی: ڕۆڵە پێشمەرگە کوا لە ناوچە دایە!

کوا، چی لێهات؟ یەکی چۆن بوو؟ چووە ماڵی کێ؟

پاش دوو خولەک، ژنێکی بالابەرز لە پەنجەرەی وەتاغەکەڕا هاتە خوارێ و لەگەڵ کابرا تێکهالان، بەلام دموچاوی هیچیان دیار نەبوو...

ئەوەی ڕوون بوو، ئەو ماڵە کچی جحێڵیان نەبوو.

کەڵەبابخوێنی بەیانی کە پووره خاوەر و دایکم تەندووریان داخست، لە بەر دەستیاندا وەک ودودە دەهاتم و دەچووم و زۆرم پێخۆش بوو سەر لە ژوانی شەوی ڕابردوو دەرهێنم.

پنە، ڕفێدە، تیرۆک، کەوڵ و ئاوردووم بۆ تەیار کردن و ویستم خۆم بدزمەوە، لە نەکاو گێژەلووکەیەک ساز بوو، ڕەهێڵە و لێزمەی باران، هەموو خەڵکیی بە ژووریدا کردەوە...

هەوری بەهار بوو، هات و ڕۆیشت...

بە تاڵووکە خۆم گەیاندە ماڵی سەید عوسمان...

هەرچی هەرام کرد، کەس نەیکوت: فەرموو...

لە نێوەڕاستی"نێومال"ەکە کوتم: ئەرێ ماڵەکە میوانتان ناوێ؟ دیتم ژنێکی جوان و چەلەنگ و نەرمەنیشک لە وەتاغێ هاتە دەر (قەد باریکەی سنەوبەر)...
حەپەسابووم، زمانم نەدەگەڕا. هەر بالابەرزەکەی دوێنێ شەوێ بوو...

کوتی: چۆنی خانم گیان؟ کچی کاک"ڕەحیم"ی؟ بەخێربێی...

کوتم: بەڵێ، بە میوانی هاتووین بۆ ئێرە و کوتم بزانم کچی جحێڵتان هەیە لەگەڵی بچمە نێو ئەو چیمەن و مێرگانە...

کوتی: ناوەڵا، دشەکانم هەموو مێردیان کردووە و کچی وەک تۆیان هەیە...

من لەگەڵت دێم، ڕاوەستە با قەڵەمێک بە چاوم دابێنم.

خەزاڵ خۆی لە گوڵێ داو کۆڵوانەیەکی مەخمەری گوڵینگداری لە کۆڵ کرد و ڕۆیشتین بەرەو مێرگوزاری بەر ماڵان.

سیغارکێشێکی پێ نەچوو، کابرایەکی خڕپلانە(ئەوەی دوێنێ شەوێ)بە بزەبز و حیزەحیز پێشاوپڕی داینەوە.

ئاگام لێبوو خەزاڵ پێی کوت: هەر وەختی جاران، هیچت لەبیر نەچێ گەزۆ گیان...

کابراش، یەکی قوون لێکەوتووی بەدسەکوت، بە گەدو گیپاڵێکی قرڕەوە لێی هاتە پێش و پێی کوت: هەموو کەسوکارەکەم بە قوربانی ئەو پێکەنینەت بێ، چۆن شێتت کردووم!!! نیگەرانی هیچ مەبە، ئەمنت لە پشتم.

کابرا ئەوەندەی کوت و ڕێگای خۆی خوار کردەوەو ڕۆیشت...

هیچ وەسەر خۆم نەهێنا، ئەننەهوو هیچم نەدیتووە و نەمبیستووە.

کوتم: باجە خەزاڵ، منداڵت نییە؟

کوتی: چۆن نیمە لەیلا گیان! سێ منداڵم هەیە، هیچیان ناچنە قوتابخانە، وەک تۆ چوونەتە سەردانی ماڵی پووریان لە قەرەکەند.

پێکەوە زۆرمان گۆرانی کوت و زۆر خولاینەوە...

پاش کاژێرێک ماڵئاواییم لێکرد و چوومەوە ماڵێ.

ئەو شەوە هەموومان بانگهێشتی ماڵێکی دیکەی نێودێ بووین. بەپەلە شێوەکەم خوارد (بەربەسێڵ بە گۆشتیی گیسک) و خۆم هێنا حاڵێ جاوی...

بووکی پوورم و خوشکەکەم لەگەڵم گەڕانەوە، گەرچی دوو سێ کاژێری مابوو بۆ کاتی ژوانەکەیان. مەعتەل بووین و چاوەڕوانمان کرد...

لەو شەوەزەنگەدا، کابرامان دیت کە بە هەڵەداوان و بە پەشۆکاوی دەرگای ماڵی خۆیانی کردەوە (کوڕی گەورەی حاجی قاسم بوو) و لەسەر پەنجە گەڕاوە بن دیوارەکەی ماڵی سەید عوسمان و خەزاڵی لەسەر دیوارەکە داگرتە خوارێ و باوەشێکیان پێک داکرد و ڕایانکرد...

خەزاڵ، بوخچەیەکی پێ بوو، وێدەچوو جل و شتومەک بێ.

ئەو شەوە تا بەیانی سەرم نەخستە سەر باڵنج...

کازوکووزی بەیانی، گاڵەگاڵ و قاوەقاو لە ماڵی جیرانان ساز بوو...

دایکی کوڕە، بە گریان و کاوەکاو و لەخۆدان، خۆی بە ماڵی پوورم داکرد.

کوتی: ماڵم کاوڵ بوو، "قادر"ی جوانەمەرگ بووکەکەی سەید"عوسمان"ی هەڵگرتووە و یەکسەر تێی قووڵاندووە بۆ لای عێراقێ.

ئێستاش خێزانی دەڵێ: چون ئەو ئەتکەی پێ کردووم و لە نێو دۆست و دوژمن شکاندوومی، شەرت بێ شووشەیەک دەرمان دەخۆمەوە و منداڵی بۆ ئاوارە دەکەم ...

کاک برایم کوتی: حاجیژن، چەند جارم بە گوێ هەڵێنای و کوتم: بە قادر بڵێ عەیبە، دەست هەڵگرێ، ئێوە پێڵاوی غەریبیتان لەو ماڵە کراوە، تا دوو ساڵێش بە "دەوە"و ڕزقی ئەوان بەڕێدەچوون...

وەڵڵاهی ماڵی بابی ئەو سەید"عوسمان"ە، نانیان بە متفەڕک دەڕۆیشت، چاکە جادەی.

ئەی نەتکوت: یاخودا هەر کەڵەبابی من بێ و لە سەربانی خەڵکیی بخوێنێ!!!؟؟

ئیدی ئەو گوڕۆزی و گریوەگریوەی پێ ناوێ...

لێی گەڕێ با بیگرن و دارێکی تەڕی لە... بڕن.

مێردی خات "خەزاڵ"ێ، لە باشووری ئێران لەسەر کۆمپاین بوو...

کاتێ ئاگادار بۆوە، ژنەکەی ڕەدوو کەوتبوو (هەڵگیرابوو)...

سێ منداڵی سەرو پێچکە و نێونیتکەیەکی ناخۆش و دایک و بابێکی پیری بە سەردا بەجێ مابوو.

هەزار ڕەحمەت لە پێشینیان، لە خۆڕا نەیانکوتووە:

"دڵ لــە ســەرووی جــەرگــەوەیـــە".

.....

قادر، خەزاڵی ڕفاند و ڕۆیشت بۆ گەرمێنێ...

خێزانی چۆوەماڵە بابی و سارای باربەهاشی بە چاوی بە فرمێسک و هەناسەی ساردەوە ماڵ و مێرد و منداڵی جوانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە ماڵە بابی (حاجی قاسم)...

قادر، ژیانی سێ بنەماڵەی شێواند و ژێرەوژووری کرد و هەمووی لە ماچێکی خات خەزاڵێ دا...

یەستاش هەر لە باشووری کوردستان دەژین و دوو منداڵیان هەیە.

١٦ی جانێوێری ٢٠١٩

## ماچی مەلایی.

لە حەفتاکانی هەتاوی، یەستا هاتووچۆ گەرموگوڕ بوو. خەڵکیی لادێ بە کیتەڵە ماست و تونگە دۆ و چەلەنگە پەنیرەوە سەردانی خزم و دۆستی شاریان دەکرد.

ماڵی ئێمەش وەک خانەقای لێ هاتبوو...

ژنی هەڵگیراو، قۆر و شەل و کوێر، نەخۆش و سەرئێشی ئەو دێهاتانەی دەور و بەر ڕوویان تێ دەکردین.

کەڕەی بەیانی میرزا حوسێن و زێنەب خاتوون بە توونگەیەک شیر و دە کولێرەی پەنجەکێش لە "سێوەدین"ڕا گەیشتنێ.

میرزا حوسێن، پیاوێکی سوورکارەی کەڵەگەت (باڵابەرز)ی لەبەر دڵان بوو، زۆربەی وەرزەکان ڕانک و چۆخەیەکی بوززووی شینکی لەبەر دابوو و جووتێک کەوشی "کەڵاش"یشی لە پێ دەکرد.

بووک "زێنێ"ش، ژنێکی خاوولاوی چوارشانەی چاوو برۆ ڕەش بوو؛ دەسماڵی شانەوشان و پشتێنی شل و مل، هەر لە خۆی جوان بوو...

دادە زێنەب، ماوەیەک بوو پەڵپ و بیانووی بە میرزا حوسێن دەگرت و لێی لالووت بوو؛ بە کوردی، داوای دیزەی تەنیایی دەکرد (سڕی خۆی و تڕی خۆی) و دەیکوت: چی دی قەرەواشی ماڵی خەزووران ناکەم؛ بۆ چم لە "ئەسمەر"ە رەقێ کەمترە، بەو رۆژگارە کلچێوک و ئاوێنەیەکی بە دەستەوەیە، کەواو پاتۆڵی مێردەکەشی لە چڵکدا وەک ڕفێدەی لێ هاتووە، ئەوەش کوڕوکارخانەکەیەتی، مێرد بەو دەست و بەو دەست بۆی دەکێشێتەوە؟!!

بۆ دەبێ کوبڕا لینگ تووزەڵەی خوشکت ئەوە ماڵ و حاڵی بێ و مێرد دەستەو نەزەری ڕاوەستێ، منیش خوری و بەرگنی ماڵی بابت بشۆم؟!!!

ئایاڕۆ! یانی بە قاقانی حاجی ئەحمەدیش نابم، ئەگە خودا ڕۆژی کردەوە پووتێک "بی بی کا" لە خۆی هەڵدەسوێ و

خەریکی وردەواڵە کڕینە! بۆخۆت نەتدەکوت:" چەرچی ئەو ناوەناوە بە قاقانێ خەنی بوون"؟

منیش خۆ کچی چۆچەی گاوان نیم و لە بن بەردی گەورە نەبووم و گیام بە کێوێوە نەخواردووە (هەست بە ژیانی خۆش وناخۆش دەکەم)...

میرزا حوسێن هەر مشەی دەهات؛ تۆزێکیش حەیا بەخۆ بوو؛

لە ناکاو هەڵچوو و هەموو شتێکی بە چاوی خات زێنێ داداوە و بەڕڕە شڕەی لە بن ماڵە باب و باپیری خانمێ دەرهاویشت؛ شەڕ کەوتە قۆپی و سوێندی لێ خوارد کوتی: هەستە، شەڕابم لە مەرقەدی شێخی کردبێ هەر ئەورۆ تەڵاقت دەدەم.

هەنگاوت بە" سێوەدین"ی دا نایەتەوە؛ ئەوەتا سجیلەکانیشم لە باغەڵی دایە. چما دمت نابڕم!؟ ئەوە دەمهێنییە ڕێزەی عومبەرە ڕەش و حاجی ئەحمەدێ؟ هەستە! هەستە دەی!

پیلی گرت و وەپێش خۆی دا...

هەرچی تکا و ڕجامان کرد، بە گوێی دا نەچوو. سواری سەری قسەی خۆی بوو، بە گوڕەگوڕ و زرم و کوت، ژنەتیوی لە ماڵی مەلا...ڕۆکردبوو. (مەلا...بە پیاوێکی حیزۆکە ناسرابوو؛ کاری بە جوانی و ناحەزی نێچیرەکەش نەبوو)

سوتفە، مەلاژن لە شیاکەپێژانێ (دەوەی دەکرد/ دوو مانگای بۆ ڕزقی خۆیان لە شاری ڕاگرتبوو) دەبێ.

مەلا کەیفی دەچێتە سەر" زێنەبێ دوو ددانی زێڕە، ئۆمەتی محەممەدیم، لە دینم وەرمەگێڕە".

بۆ فتۆکۆپیی سجیلەکان، میرزا حوسێن دەنێرێتە چوار ڕێیانی ئێتلاعات (ئەو کات لەو گەڕەکە هەر مەلا ڕەحمان دەیکرد)... مامۆستا، شکی میرزا دەبڕێ و لە خانمێ وەخۆ دەکەوێ؛ لای دەرگای وەتاغێی لێ دەگرێ و دەڵێ: دەبێ ماچێکم دەیەی. ژنەی گۆرین دەکەوێتە ئامۆژگاری و دڵسارد کردنەوەی مامۆستا...

مامۆستاش لەسەر داوای خۆی سوور و پێداگرە...دەڵێ: ڕوحت بەرییە بەربەڕۆچکەی ئاسمان، ماچێکت هەر لێ دەستێنم... لە قسان زێنەبە خاتوون، بە زاقوزرووق خۆی ڕزگار کردبوو!

بە قسەی خۆی دەیکوت: "مەلام ناهومێد کردووە!!".

بەڵام پێم وانییە ڕاست بکا!!

بە هەڵەداوان کەوتبووە دوای مێردەکەی و هەرای لێ کردبوو: ئەهۆی وسێن ئەهۆی...

کوڕە ڕاوەستە بابان وێران! ئەوساڵیش نەکرا، دەیخەینە ساڵێکی دی.

**تێبینی:**

"بی بی کا"، چەشنێک کرێمە، تایبەت بە دەیەی ٦٠

"سێوەدین": نێوی لادێیەکە لە ١٢کیلۆمتری بۆکان-مەهاباد

"کلچێوک": ئامێری چاوڕشتنی ژنان لەگەڵ کلدان(کلتوور)، بەکار دێ.

نێوەکان خوازراون

۱۷ی جانێوێری ۲۰۱۹

# جەیران

جەیران کچی وەرزێرێکی دەست و پێ قەڵەشیو و حەیابەخۆ بوو.

شنگڵی لە خۆی دابوو، مێردی بە ماڵێکی تێروتەسەلی شاری کردبوو.

ماڵی کابرا بە داب و دەستوور و چەوری و شیرنی دایانبەزاند. سێ شەوو ڕۆژ دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ کوتا...

جلوبەرگ، تارا و بەهارنارنج، بەر و یەخدان و دۆدی بۆدییەکەی، مەگین بووکی دەوڵەمەندان، ئەگینا بە کابرای دەسکورت نەدەکڕدرا.

زێڕ و زەمبەرێکی چاکیان وێخست، چوار قاپیان هەر قەرەپووڵ بەسەردا هەڵخستەوە، وەلحاسڵ بووکی خۆیان لەنێو دۆست و دوژمندا، بە ڕووسووری دابەزاند.

پاش چەند ڕۆژ، باوەخوون کراوە و باوەدزانە، کاوڕێکی قەڵەوی هێناوە،

سوێندی ئەوە ناخۆم بە کەوڵکراوی دیتبێتی، دەنا چاو دیتی و زگ نەیدی و لێی نەچێژت، هەر پاش دە دوازدە ڕۆژ بە قوڵەدار و لینگە سەرپایی هەڵیانبرپیە دەرێ.

دەوەڵکوو بە زیقەزیق و "ئەی بابەڕۆ کوشتیانم و بۆ وام لێدەکەن کافری کافرباب"، خۆی لەنێو کۆشی ژنان ڕۆدەکرد، هەر پێنج دش و دوو سێ هێوەری دمڕووتی بە مۆڕەمۆڕ و هەڕەشە و گوڕەشە و ئەوە دەنێرین لە دووی بابە گەوادەکەت، ژنەی فەقیریان لە ژووری دەکردەوە.

ساڵدەری دوازدەی مانگێ یان بەرچاوی یان ملی، دەتگوت مار مژیویێتی.(مژتوویەتی).

"تەها"ی مێردی، بەرەڵڵایەکی خوێڕی و قەلاش و مفتەخۆر، دایم و دەرهەم خەریکی ڕاوێچکەکردن و کلاوی خوار بوو .قەت

خۆی لێ بەسێحەب نەدەکرد، ئەننەهوو ژنی ئەویش نییە هەتا کاتی تێخزانی شەوانە.

قرچەقرچی نیوەڕۆی نیوەڕاست مانگی هاوینێ(گەلاوێژ) جحێڵ و نیمچەجحێڵی گەڕەک لە "توبا" شێت ورووکابوون و پێیان ڕادەبوارد.

توبا ژنێکی شەست حەفتا ساڵەی شیرینعەقڵ بوو، زەڕی بۆ کەس نەبوو، خەڵک پلاریان تێ دەگرت و دەستیان بۆ دێنا، بەوە زۆر قەڵس بوو، کەسی نەدەهێشتن...

بە هەموو کەیفی خۆی سی کیلۆی گۆشت پێوە نەبوو، کراسێکی قوڵە لەسەر چۆکی، دەلینگی دوو سێ دەرپێی ڕەنگاوڕەنگی کۆن و گنج و لۆچ بەسەر یەکدا شۆڕ ببوونەوە، بەو سوورەتاوەش دوو کەوای(کلۆنجە) لەسەر یەک لەبەر دەکرد، جا گیرفانەکەنیان دادەچۆڕا و یەکی پەنجا دەرزیان پێوە بوو.

میترێکی پەڕۆ کردبووە پشتێند و کراسەکەی پێ ڕادەگرت یان تێی هەڵدەچەقاند. چڵک لەسەر لاق و دەستی کەمەڕەی بەستبوو.

زۆر جار کەوشی ئادیداسی پیاوانی لەپێ دەکرد و لەگەڵ ئەو بەلەکە کز و ویشک هەڵاتووەی، قەد و گیپاڵێکی ناحەزی پێ دەبەخشی.

لەبن سێبەر و پەنا پەسیوان، هەتیومەتیو، قسەیان لێ ڕادەکێشا و دەیانبزاوت و هێڕهێڕ پێی پێدەکەنین...

لەو جەنگەیەدا "جەیران"یان ڕەپێ نا بۆ دەرێ، ئەویش گورجێک خۆی لەنێو ئەو پۆلە کوڕە هاویشت.

ئیستێکی پێ چوو، تەها تێی ڕۆهات، شەپێکی لە خاڵیگەی دا و بە قژکێشان، ڕاکێشڕاکێش لە ژوورێی کردەوە و هەتا شلشل بوو کوتای و پاشان وڵات بێدەنگ بوو ..

هاتە دەرێ و سیغارێکی بە لالێوییەوە نا و بە قوونی خۆی دادا...

توبا چاوی لەسەر هەڵنەگرت هەتا لە تەپکەکە ئاوا بوو...

ئەوجار گوتی:" بێ و نەبێ ئەو قووندەرە ئەو ژنەتیوەی کوشتووە، بە قەبری دایکم دەچم عەجەمی(پاستارٍ) بۆ دێنم با بیگرن و وەک سەگ بیتۆپێنن".

هەرچی گوتیان توبا تۆ خۆت تێوەرمەدە... بەرخم! تۆ دەرۆستی ئەوانە نایەی، ئەوانە شڵتاغبازن...

توبا: "ئەخە بۆ کوشتی باشە؟ ڕەببی گلێنەی ڕۆرژێ و بە کوێری لە وڵاتان گەڕێ، ڕەببی بە گوللەی گەرمەوە چێ، بۆ ئەو ژنەی کوشت"!!!

توبا لە پایەگاکەی بەرامبەر کوشتارگا، پێنج شەش ماشێنی پاستارٍ لەسەر کردن و خەڵک وەک شارە مێرووله تێیان هاڵان، ئەو کۆڵانە قەت کەسی نەدەبرد.

جەیران بە تەقڵەکوت خۆی لە پشت پاستارێکی ڕیشن قایم کرد و بە چاوسووری و مەردئازایی ئەوەوە، شەویلکەی وەکار خست و گوتی:" بە قەرەواشی ئەو کەوشانەتان بم، لە دەست ئەو چەقۆکێشانەم ڕزگار کەن، ئەوڕۆش نەبێ، سبەی ڕۆژێ بە دەستی ئەوانە تێدا دەچم."

پاستارٍ: "خانم کێ بەو دەردەی بردووی و کێ قۆڵبەست کەین؟"

- "هەموویان... خەزوورم، خەسووم، هێوەرەکانم، دشەکانم، مێردەکەم".

- خەزووری: "دەری بابانت بە سێچەپەی قوڕێ بگرم بۆ درۆ و دەلەسەت، چاکە جاددەی... ئێستا دێڵە سەرسواڵکەری لینگ شیاکاوی، من دەستم لێ هەڵێناوێتەوە؟"

- "خۆ ماست نییە بە لێوتانەوە دیار بێ! لە چوار پەلان گوێم ساغە، ئەی چ دایەخۆگێییەک وای لێ کردووم؟"

خەسووی: "ئایارۆ دێڵە نێوزگ ڕزیو، ئەوە بووی بەو ژنە بەر بە بەری پاستارانەوە نێی و بەربەرەکانی خەزوورت بکەی؟! بڵەی تەها بمرێ و نەیەتەوە! ئەوەیە دەڵێن بزن گەر ئەجەلی هات، نانی شوانی دەخوا".

پاستارٍ بە پاڵەپەستۆ جەیرانیان لە پێشی شلەخەجێ سوار کرد و بەرەو کەرێزە وەرێ کەوتن.



سەرچاوە
Serchawe

هێشتا خەڵک بە تەواوی بڵاوەی نەکردبوو، تەها بە نارەنار و لۆژەلۆژ خلۆر بۆوە، هێندەی لەو ئارەقە پیسە خواردبۆوە هەر لاترەی دەبەست...

هەرزەکاران بەرەوپیری چوون و هەواڵەکەیان لە بەری دەستی نا.

تەها: "دایک و خوشکتان(...)، کامەتان پاستاڕی سەگبابتان لەسەر کردووین؟ کێها گەوادی ژنحیز، پێمانەوە ماندووە و لێمان ئاوسە؟ ئەی هاوار ئێمە بە ئێوەمان گوتووە قوونتان چەند جەواڵ کا دەبا؟ بۆ سێسەرەمان لەسەر هەڵناگرن؟ ئەوە بە دەردی خۆماندا کەوتین، فەرموون ژنەکەتان لەبەر پاستاڕان کردم نێر و مێتان"...

لەگەڵ ماڵی سۆفی میرزا تێکەڵی و یەکماڵەکییان هەبوو، ئەوان تۆخ و لۆخیان چوو، تەهایان بۆ زەوت نەبوو...ئاخری گوتیان:" تەها گیان، ئەو خەڵکە دایک و باب و ژن و خوشکی بەراو نییە، تۆ جنێو بدەی و ئەوان گوێ شل کەن، ئەوانە فامیدەن و دەزانن وەک پیسایی وای هەتا چیلکەت تێوەردەن، بۆگەنت زیاترە...

خۆ تۆ نێری نێو ماڵان نی، هەموو لە پاتۆڵی خۆماندا پیاوین و قسەی ئاوات چی دی لێ قەبووڵ ناکەین. پێت وا نەبێ، کەڵەگای گەڕەکی و ئێمەش جەیرانە چارەڕەشەکەین، ئەوڕۆش گۆیا توبا ترساوە و چۆتە پایەگا و پاستاڕی لەسەر کردوون، دەنا ئەو خەڵکە ئاگاو خەبەردار نەبوون."

-یانی "توبا"یەکی شەل و شێت، قوڕی بۆ گرتوومەتەوە؟! جا بزانن چۆنی ئەتک دەکەم".

خەڵک بڵاوەیان کرد و سبەینێ تازە شەبەقی خستبوو، دوو جیپ و "پەیکان"ێنک پیاوی دەستە و کەڵەمێر، زرموکوتیان سازکرد.

"تەها" یان بانگ کردە دەرێ و بێ ئەوەی دەستی بۆ بەرن، لێیان پرسی:" تەها ئەو کچەی ئێمە لەپای چی ئاوا دارکاری کراوە و هەموو گیانی وەک خمخمۆکەی شینی لێهاتووە؟ چیتان لە گیانی ویستووە؟ پێمان بڵێ بزانم، دزە، حیزە، ماڵانگەڕە؟ ژنی خەڵک پیاوی وەسەر دەپەڕێ، کابرا لەسەر تەپاڵەیەک تەڵاقی دەدا و بەو دەردەی نابا...

گوێ شل کە تەها! ئەلێرە و لەبەر چاوی ئەو حەشیمەتە، ئەتکت دەکەین با چواری دیکەشت پێوە تەمبێ بێ، چاوی خۆت خوردەوە کە خوێڕی، ئەو کچە بێ کەسوکار نییە".

خەزووری: "بۆ ڕەنگە پێتان وابێ کچەتیوەکەی ئێوە جێی لێ نەبێ، حەزرەتی عایشێیە...ژن چۆن دەبێ لە ماڵان هەژدەر هەژدەر قسان بکا و پووتێک بنێشت لە زاری هاوێ و بەرامبەری خەزوور و هێوەری جحێڵی قاوچەقاوچی لێ بێنێ!؟"

خەسووی: "ئەگەر خودا ڕۆژی کردەوە، دێڵە کەڵپەکەری کچتان، بەدیار داشقەی دەسفرۆشانەوە ڕادەوەستا و دمی دەتەقاند... بۆمان نەکڕیبایە، بەری داویشت".

- "ئەو گەوجەگەوجە بەرنەوە ژووری، ئێوە هەرزنتان لە دەست ناوەرێ، چۆن چاوتان لە کیلۆ هەڵووچەیەک نابێ؟"

- "وەڵا ڕاست دەکەی، ئەگە خودا ڕۆژی کردەوە، بە دوو دەستان کێشەوە دەکەین و بە دمی دادەکەین، ناوەڵا هەر قوونیان کون دەکەن و دەیانئێرنە ماڵان، لە ماڵانیش ئاوایان بۆ نالوێ، کەریشمان پێ(...) و شادیمانیشمان پێ دێنن"

- "بفامە دەڵێی چی، پیرێژن... سەرت سپییە دەنا دوو قسەم لە پارسەنگت دەنا".

سێ چوارێکیان پەلاماری "تەها"یان دا و لە جیپ گاڵانتیان ڕوکرد...

تەنگەی نوێژی شێوان، بە هیلاکی و لەخۆ ڕیاوی و سەروگوێلاکی خوێناوییەوە هاتەوە.

هاوکات قسەوباسێک دەماودەمی دەکرد و کەس لەڕووی هەڵنەدەهات بیدرکێنێ، ئەخە خەڵکی ئەو دەم زۆر بەحەیا و شەرم بوون...

لەقسان دوێنێ شەوێ، لە خانووە چۆڵەکەی ماڵی برایمە چکۆل، لە پاش و پێشەوە دەستدرێژی کرابووە سەر توبا و کاتێ دۆزراوە کە دمی و هەر دوو دەستی بەسترابۆوە و جۆگەلەیەکی خوێن لەبەر ڕۆیشتبوو و بەحاڵ روحی لەبەردا مابوو.

جەیران بە هیچ کلۆجێ بەلای شاردا نەهاتەوە و "تەها"ش کەس نەبوو پێی بلێ پشتی چاوت بڕۆیە، ژنە عەجەمێکی چاپچی وەک خۆیانی هێناوەو و لە شاری عەجەمان گیرساوە.

٢٠ی جانێوێری ٢٠١٩

## سەڵتەنە

ساڵی١٣٨٧ی هەتاوی(٢٠٠٨)، بۆ خوێندن و کارکردن، ماڵێکی چکۆلە و جوانمان لە باکووری تاران بە کرێ گرتبوو.

بۆخۆم لە کۆلێژی بەڕێوەبەرایەتیی

زانکۆی تاران دەمخوێند کە لەگەڵ نەخۆشخانەی "شەریعەتی"، مەودایەکی وایان نییە.

جا ئەوە منی کوردخۆشەویست و دوورە وڵات، هەموو ڕۆژێ پاش کۆتایی کلاسەکانم، بە ئانقەست ڕێگای خۆم خوار دەکردەوە و بە دەرک و بانی نەخۆشخانەکەدا تێدەپەڕیم، دەی بەشکم خودا بیرەخسێنێ و کوردێک ببینم و ئاوپرژێنی دڵم بکرێ.

لەگەڵ کاک بەهمەن قوبادی بە تەلەفۆن قسەم دەکرد، پیاوێکی نابووتەی ناجەستەی نێوچاوان تاڵی پەنجا شەست ساڵە، لەسەر شانی ڕاستەی دام و گوتی: خانم! کوردی؟

گوتم: بەڵێ...

دیتم لە تەنیشتی، ژنێکی چاو کاڵی لێو ئاڵی جوانکەڵە، بە مانتۆ و شاڵوارێکی کۆنی ڕەش و جووتێک سەرپایی جیری نەخۆشخانەوە ڕاوەستاوە هەر لێوی دەکرۆژێ...

گورجێکی خۆم گەیاندە لایان و دەست و موشتاقم لەگەڵ کردن و خۆم پێ ناساندن و نێویانم پرسی...

خات سەڵتەنە دەتکوت خودا خەنی کردووە، هەر دەیگوت: کچێ خۆ لەو وێرانبووە ناسیاوێکمان نییە بۆ تاقە شەوێک ڕوو لە ماڵی کەین و ئاوێک بە سەر و گوێلاکماندا بکەین، بۆکلیشە و بۆهەڕناوتمان دێ...

ئاواڵزاوایەکی ناسری برام لێرەیە، غایەتێکی ئەویش ئەوەندە بارچەوت و نانتاڵ و نانکوێرە، کەس زات ناکا لەسەر خوان و سفرەی دانیشێ.

عەزیزخان، بە پاتۆڵێکی قاوەیی و کراسێکی سپی و جووتێک کەوشی تەوریزییەوە لە پەناپەسیوێک هەڵترووشکا و سیلەی چاوی لە ژنە عەجەمان گرت... جا ئاغای بە ماڵم، ڕدێن و سمێڵی شەش تیغ، سەری لە ڕەنگدا شێتشێت کردبوو، دەتکوت هاتۆتە سەر داوەت...

سەڵتەنە بە ماتەماتە لێم هاتە پێشێ و دەستی گرتم و ژمارە تەلەفۆنێکی لە لەپی دەستم نا و گوتی: کچێ بە قەرەواشی ئەو کەوشانەت بم، ئیستێکی دیکە زەنگم بۆ لێدە و بە فارسی قسە بکە و بڵێ دەبێ هەرچی زووتر عەمەلیات بکرێی، دەنا نۆرەکەت دەسووتێ و هەتا شەش مانگی دی نۆرەت نایەتەوە.

گوتم: بۆ تووشی درۆم دەکەی دایکەکەم، بڵێ بزانم دەردت چییە؟ گوتی: ئەوەندە بۆ خوشکی خۆت بکە لەیلا گیان، هەموو گیانم کێم و زینچکاوی لێ دێ، ئەو قاحبەبابە خەمم لێ ناخوا و خەرجم لێ ناکا.

گوتم: خەمت نەبێ...جارێ ئەو شەو دەتبەمەوە ماڵی خۆمان، با کابرا لێرە هەر سەوزەڵێ بڵێ.

وەڵا بەو نەزمە، "سەڵتەنە"م بردەوە ماڵێ و گەلێکم ڕێز لێنا و بەربەسێڵێکی چاکم بۆ ساز کرد و شەوچەلەم بۆ دانا و جا ئەوجار گوتی وەرە گوێ لە بەسەرهاتی "سەڵتەنە"ی بێمراد بگرە، بزانە چۆن بە شلکی و بە نابالقی (نابالغی) کەوتە داوی ئەو کەمتیارەوە و چۆن پازدە ساڵە نێوجەرگی بۆتە کۆی زووخاو!!!

منیش تاریفی خۆم ناکەم، لە خودا بەزیاد بم، بەردەنگ و بیسەرێکی باشم و بە دڵ گوێم بۆ هەڵخست...

گوتی: تاقانە کچی دایک و بابم بووم... هەمیشە ساچ و پەرچەمم شاپەسند و موورووی ئاڵ و شینی پێوە بوو، سەرشانەکانم نوشتەی چەند شێخ و مەلا و گۆشگرەی جۆراوجۆری پێوە هەڵواسرابوو.

بابم هەموو جارێ دەیگوت: بابەلێ گیان، ڕەوڕەوەم لە دار گوێزەکانی خۆراسانە بۆ چاک کردبووی هەتا زوو دارەدارەمان بۆ بکەی، بارتەقای هەموو دونیا شاییمان پێت بوو...

نەنکم، کڵاو و ژێرچەنە و کرمەکی بووکێنی، وەک دیاری دەستی خۆی دا بە دایکم و لە خۆشی ئەو دیارییە نێویان نام"سەڵتەنە"...

خۆزگە هەر ئەو دەم ئاڵ و شەوە بیبردبایەمەوە و ژیانم ئاوا ژێرەوژوور نەبایە.

گوتم: باشە چۆن بوو مێردت بەو کابرایە کرد؟ ئەخە جێی لێ نەبێ، بە کچی ئەو دەشی.

گوتی: تازە بناغەی مەمکم دانابوو، یەستا خۆم نەناسیبوو، هەر نەمدەزانی مێرد کردن چییە و چۆنە...

ئەو "عەزیز"ە، نەیسانێکی پێبوو، دەمێک بوو هاتوچۆی ماڵی باپیرمی دەکرد و زۆر جار مەڕ و ماڵاتی لێ دەکڕینەوە و پووڵێکی چاکی دەدانێ...جا هەموو جارێ، شتێکی بە زیادەوە دەبژارد و دەیکێشامە سەر کۆشی و تێرتێر ماچی دەکردم و دەیگوت: "ئەوە بۆ ئەو کچۆڵە جوان و زیتەڵەیە."

ڕۆژێک گوتی: "دەمهەوێ سەڵتەنە بەرمە شار و دەستێکی جلوبەرگ، سەرتاپاخوار بۆ بکرم و دوو شیش کەبابی لەگەڵ بخۆم و بیهێنمەوە، کاکە حاجی نازانی چەندە روحمم بۆی دەبزوێ! یانی کچی خۆم بایە هەر ئەوەندەم خۆش دەویست".

باپیرم گوتی: جا قەت ئەوە قسەیە!! کوڕە ئێمە هەر ئیخلامکێشی تۆین کاک عەزیز گیان، سەڵتەنە قەرەواشی تۆیە.

هەستە کچێ سازبە لەگەڵ مامە عەزیزت بچۆ شاری...

بابم گوتی: بابە، بە نۆکەرت بم، با نەچێ... خۆ ڕووت و ڕەجاڵ نییە و پەکی بە دوو شیش کەباب نەکەوتووە، خۆ چاوی لە چاوی ئێمە ڕەشتر نییە.

باپیرم: سەعدوون گیان، ئەو هەمۆ نانخۆر و گووکەرە بە من بەخێو نابێ، لێگەڕێ کابرای بۆ کەر بووە، با خەنی بێ.

گوتم: دەی سەڵتەنە گیان، تۆش هەڵتکهەڵتک شان بە شانی کابرا پێشی نەیسانە شینت گرت و لەگەڵی وەڕێ کەوتی؟

گوتی: لەیلا گیان، روحم خەبەردار نەبوو خوشکێ...ئەو ڕۆژە باپشکێوم لێ هاتبوو، هەر لەبەر ئاوێنەی ماشێنەکە چاوم هەڵدەگلۆفی و ناوناوە چاوێکم لە کابرا دەکرد...

هەر نارەی دەهات، گۆرانی"عەزیزەکەم سەڵتەنە"ی مامڵێی رەحمەتی بۆ دەگوتم. دوو سێ جار دەستی هێنا بۆ باغەڵم، خۆم

بە دەستەوە نەدا... گوتی: ئەو ناز و نیمنازە چییە دەیکەی کچەتیوە؟ پێت خۆش نییە دایک و بابت دەوڵەمەند بن؟

گوتم: تۆ لە ساز و سەودای خۆت دای و من جارێ بۆ مێردکردن نابم.

گوتی: وەک بووکە چینی لەسەر تاقەت دادەنێم و هەتا گەورە نەبی تخوونت ناکەوم شەرت بێ بە شەرتی پیاوان، مەگین بۆخۆت بڵێی...

وەڵا بەو جۆرە هەڵیفریواندم و بۆی کەر بووم... لەو ڕۆژەوە، خۆشیخۆشیم بوو کاتێ دەهات بۆیە خێرایەکی خۆم لە باوەشی دەهاویشت. هەتا پاش سێ چوار مانگ، ڕۆژێک بە بیانووی کەوش کڕینەوە، هەڵیگرتم و بردمی بۆ تەوریز و لە کوورەخانەی وەردام.

نەمزانی منداڵیم چۆن تێپەڕ بوو، جحێڵی چ بوو مێرکردن وشایی و باوەخوون چۆنە....

هەر زمانم گەڕابایە، ناو و ناتۆرەی دونیای لێ هەڵدەدام و دەیگوت: هەی ناچیزەی ڕەدواکەوتوو، خۆ شەگەت نییە، دەبێ شان بە شانی من کار بکەی، زۆرت بە تەرخانی خواردووە...لە بیرت نییە بڵقن، من عەیب و عارتم شاردەوە و کۆک و پۆشتەم کردی!!!

هەر پشووم دابایە، بە سەرتراش، لێی ڕادەکێشام.

ئەوە پازدە ساڵە ژنی ئەو کابرایەم و تازە پێم لە ٢٦ی ناوە.

ئەوەندە لە ماڵێدا نانبژێرە بۆیە خودا تفلێکی نەداوینێ هەتا خەمەکانمی پێ بڕەوێنم.

ماڵی بابم زۆر زوو وەخۆیان کردمەوە و سازشتیان کرد بەڵام بابم دەڵێ: ئەو خوێڕی و حەرامزادەیە، نانی خوارد و ناندێنی دڕاند بۆیە بەو دێیەشدا بێ پاتۆڵی لەبەر دادەکەنم.

ئەیچۆن لەیلا گیان، هەموو ئاواتەکانی دایک و بابم بوو بە کڵاوی بووکێ و خۆم بە سەری شلکی بەو پەلەدا کرد و لەگەڵ پیاوێکی نەحاواوە و دمشڕ و چاوبرسی لەسەر زیلۆ و ڕاخەرێک دەژیم.

سەرەڕای ئەوەش ماوەیەکی چاکە لێم بادی هەوا بووە و دەڵێ تۆ کەڵکت کەوتووە و هەموو ئازای بەندەنت ڕزیوە... ئەوە چییە دوو دوکتۆر چووم و هەر دووکیان دەڵێن دەبێ عەمەلیاتت بۆ بکرێ، کەچی دەڵێ پووڵ لە تۆدا خەرج ناکەم.

گوتم: سەڵتەنە گیان، دیارە من ساڵێک لە تۆ گەورەترم و بەو قسانە خوێنم زۆر گەرم داهاتووە.

بە ئان شەرتی پووڵی عەمەلیاتەکەت دەدەم گەر لێی جودا بییەوە. بەسە وەڵڵاهی تۆش کەرەژنی، ئەگینا چۆن پازدە ساڵە "عەزیز"گیانت سواری خۆت کردووە و نووزەت دەرنەهاتووە؟!

گوتی: کچێ وەڵڵا بە قوربانی چەقۆیەکم دەکا، بۆ دەوێرم باسی جودایی بکەم.

دەی گوتم کەوایە سەرت لەو بەفرە دەرمەکێشە...

باربوومان دا...

هەر چونکە ژنێکی لێقەوماو بوو لە شاری غەریب.

شکور عەلەمی (ئەلەم) لێ بڕا و یەستاش هەر کابرا بە دوای ژنی نەرم و نۆڵەوەیە و ژنەش کوێرەوەری دەکێشێ.

٢٣ی جانێوێری ٢٠١٩

# مریەم بۆکانی

بەرەبەرەی نەورۆز بوو، دوو سێ ژنی توندوتۆڵ، کۆشیان بەلادا کرد و قۆڵ و باڵیان هەڵکرد و لە ماڵی "ئەحمەد"ی برایمی خڕێ وەخۆ کەوتن.

ئەوەی خودا بەو ماڵەی دابوو، هێنایانە دەرێ و شوشتیان، نوێنوبانیان وەبەر با دا، سیمیان لە قابلەمە و مەجومعەی روح(فافۆن) دا، هەر ترووسکە ترووسکیان دەهات، هێندێک ڕاخەری تەنک و سووکباریان شوشت و بە گوێسوانەکەیان دادا، گەرچی تاوی ڕەشەممەش سڕە و تینی نییە...

کاک ئەحمەد و خات مریەم، چوار کوڕ و شەش کچیان بوو، کەچی بە ساڵیش ئاوڕیان لەو دایک و بابە نەدەداوە و سەرێکیان لێ هەڵنەدێنان، هەر کامەو پەرەوازەی شارێک ببوو.

ساڵێک دەبوو، خات مریەم، داروبەرد گوێی کەڕ بێ، تووشی شێرپەنجەی میزەڵدان(مەسانە) ببوو. دوکتۆرەکان لە خۆیان ڕانەدیتبوو عەمەلی کەن، گوتبوویان ماڵی دەست لێدانێ نییە، بیبەنەوە گەردنی خۆتانی پێ ئازا کەن و قەدری بگرن و پاشان پەکوو پەکووی بۆ مەکەن و گەرمەشینی بۆ مەگێڕن.

هەر بۆیە کاک ئەحمەد وەک پەپوولە بە دەوریدا دەهات و دەچوو.

پیاو حەق بڵێ، خەڵکیش لێی ببوونە کەسوکار، چما خافڵیان دەکرد!!

بۆخۆشی کەیخوداژنێکی نەجیم(نەجیب)، بە حەیبەت، ماقووڵ و گەورەژنی گەڕەک بوو. وەتا وەبیرم دێ، بە لاپێچ و چارەکەی پەشمینەوە دیتوومە... زوو زوو سەر و ئەگریجەی لە خەنە و ڕەنگدا شێتشێت دەکرد، نەیدەهێشت کاڵ بێتەوە و چلی سپی سەر دەربێنێ، دەیگوت بە دڵی "ئەحمەد"ی دەکەم.

کاک" ئەحمەد"یش، پیاوێکی هەڵکشاووداکشاو و وێچوو بوو، پیاوی مەجلیسی مەسڵەت و خوێنکووژانەوە.

زەوی و زارێکی زۆریان کڕیبۆوە، بۆیە هەموو ساڵێ بەروبوومێکی چاکیان دەبوو.

خات مریەم، دەمێک ساڵ بوو دروومانی خەڵکی دەکرد، لەو ئاخرانەدا دەیگوت چاوم هەتەرەی لێ ناکا و وازی لێ هێنابوو...بە دەسکورتی و تەنگوچەڵەمە پاڵی بە داشقەی ژیانەوە نابوو تا ئێرەی گەیاندبوو.

ئەو ڕۆژە ژنان هەر هاتن و چوون، جنێویان بۆ کچ و بووکەکانی حەواڵە کرد...خات مریەم لێیان وەجواب هات:" تۆ خودا لێیان گەڕێن با زیندەگی خۆیان بکەن، خۆ ماڵی خەزوور نەیانهێشت من پشتم ڕاست کەمەوە، ڕەببی لە قەبرەکەشدا نەحەسێنەوە...

وەرن با پرێسکەی دڵمتان بۆ بکەمەوە...چوار خوشک و دوو برا بووین، ڕەفیقێکی بابم، ژنی رەئیس پاسگای هەڵگرتبوو، بابیشم کێشکی بۆ دابوو... لەسەر نانی شێوان ئەمنێ بابمیان بانگ کردە دەرێ و کەس نەیزانی بۆ کوێیان برد، ماڵی باپیرم دونیایان بەدوادا کرد.

دوو خوشک و برایەکەم بە چاوقووڵکە(وبا) چوون، ماڵی وابوو تاقە منداڵێکی بۆ نەمابۆوە، فریای ناشتنیان نەدەکەوتن. پەتایەکی پیس بوو.

نۆبەرەی ڕسقبەرە بووم، ماڵی باپیرم دایکمیان بەو دڵە برینداروە لەسەر سێ منداڵی سەروپێچکە هەڵپچڕی و ناردیانەوە ماڵی بابی.

لەوێش خاڵم بە ژنی دا بۆخۆی.

دەسەڵاتی ئێمەش کەوتە بەردەستی مام و ئامۆژن، کوڕەکانی خۆی ئەوەی کاری بیلعەت بوو لەگەڵ من و خوشکم دەیانکرد(کوێر بم مەستوورە گیان، گڵ خەبەری بۆ نەبا)، خوشکم لەسەر منداڵ چوو، براکەشم شکور ماوە و بۆخۆشم بە مەرگوژی تا ئێرە هاتووم.

تاریفی خۆم ناکەم، زۆر تیشکەڵە و لەبار بووم، کوڕی ئەو دێیە نەمابوو چەند جار پێم نەڵێ...کەچی لە ترسی مامم و کوڕەکانی نەمدەوێرا پەل ببزێوم. زۆر جار ئامۆژنم لە نێودێرا بە بەر چاوی کوڕاندا، وەرم دەگەڕایە و پێی دەگوتم:" ئەوە بۆ ئەگەر دوو نێرت دی، دادەهێزێی و شلوشەوێق دەبییەوە!؟ هەنگاو دوو تسی ماڵوێرانکەرە، ئاوا دەچییە ماڵان! بە سەری

بابت هیچ قاحبەبابێک بە نانە سووتاوێکی ناوێی، کێ باشاری ئەو دمە هەراشەی تۆ دەکا، هەموومان لەبەرت بەزیوین، دمچە پڵە"

هەڵخولداخۆل و جرتوفرتم زۆر بوو، لاکێش بووم و زۆر جار جوابەجەنگیم دەکرد، بەڵان ئەو خوشک و برایەم دەتگوت ماستی مەیون، زمانیان لە زاریدا نەبوو، منیش لە عەزرەت ئەوان شەق و جنێوەکانم بە گیان دەکڕی. هەمیشە لە منداڵەکانی خۆی هەڵاوێردرابووین و قەت تێر زگی خۆمان نەخوارد.

شازدە ساڵ دەبووم و نەدەبووم، بۆ کوڕە گەورەکەیان بە ژن درام.

یارەببی ئامۆژن هەر شەوێ قەبرێک ببینی و سەر کڵی جەحەندەم جێگات بێ. لە ماڵێکی هاویشتم، هەڵدەستام و دادەنیشتم نێوی دایک و بابیان دێنام.

هەتا خودا حەز بکا، ئەحمەد بۆم باش بوو، بەڵام داخەکەم، دەسەڵاتی نەبوو، ماڵە باوانێکیش نەبوو رووی تێکەمەوە و جاروبارە بوخچەکەم هەڵگرم و بتۆرێم و دوو کەیخودا بنێرن و منیش بڵێم بەو شەرتە و بەو مەرجە دەگەڕێمەوە.

ئەرخەیان بوون کە چاوسوورم نییە، بۆیە هەرچی بێفەزیحەتی بوو پێیان دەکردم. شەوانە لە دیوی کووچەڕا زیپکە بەردیان لە شووشەی وەتاغێ دەگرت، هەتا ئەحمەد دڵی غایلە بکا...منداڵە ورتکەیان فێر کردبوو، بچن بە ئەحمەد بڵێن ژنەکەت حەز لە حەسەن چەرچی دەکا.

ئەحمەدیش خودا نەکا لێڵ بێ، دەیزانی هەر باوەشی ئەو مزڵ و مەکانمە.

ئەو شەش کچەم دوابەدوای یەک بوون، هەموو ساڵێ زگێکم دەکرد، قەت کۆش خاڵی نەبووم... پێیان دەگوتم:"زڕبووت"... یانی ها تۆ نێرینەت نابێ. زۆریان قەوە لە خۆیان دا، ئەحمەد دەستی لێ هەڵنەگرتم. هەرچی بە گوێیاندا خوێند:" ئەو ژنە شفتەزێیە و هەموو ساڵێ دێڵێکی دەبێ و وەجاخ کوێر دەمێنییەوە، لەو زەوی و زارەش هیچت پێ نابڕێ، مەگین بووره و کەسنەکێڵەکان بکێڵی و دایچێنی".

جاری وابوو بە شەش مانگ دەنگیان لێ دادەگۆڕیم و ئەو شەش زگەم لەو وێرانبووەدا کرد، هێشتا بۆنی میوانی و ڕۆنی زەنگم لەو ماڵەدا بەسەردا نەهات...هەر دەروجیران بە خێرای خۆیان، قاپە میوانی، پیاڵە ڕۆنێکیان بۆ دێنام...سوێندی

کەسم لەسەر نییە، بەرەژان دایگرتبووم، وەک مار جنگڵم دەدا، کەچی بە فەرغوونەوە لەسەرم ڕاوەستابوو و ناردمی بۆ کەمرە بڕینەوە...

دەنا سەعات پێنج لە منداڵ بوومەتەوە، بە کۆڵێک خوێن و خورەوە، لە گوێی تەندوور دانیشتووم و نیوە تایەکم ئاردی هەشتەرخان پێوە داوە.. سێسەد سەر مەڕی سپی و شوانی سەربەخۆیان بوو، لە حاندی من و ئەو کچۆڵانەشم لە برسان قڕیان هاتبوو.

زۆر جار ئاواڵکراسی خۆم تێکداوە بۆ کۆچکە و پەڕۆوپاڵی منداڵەکان...

لەسەر پەروین، هەموو بەدەنم هەڵدڕا، زستان بوو، زۆر رووت و ڕەجاڵ بووم. ئەحمەد گوتی:" دەچمە شاری و خۆم فرۆشتبێ، دەستێکت جلوبەرگی گەرموگوڕ بۆ دەکڕم، تۆ زەیستانی، نابێ سەرما کارت لێ بکا".

ئەحمەد ڕۆیشت، دوو ڕۆژی ڕەبەقی پێچوو...هەر گەیشتەوە حەساری، قوولەقوول پەیدا بوو، بگربگر و پچڕپچڕێک بوو نەبێتەوە. ئەگە تەماشا دەکەم، ئەوە ساکێکی شینە دەیهێنن و دەیبەن.

وەڵحاسڵ نەیانهێشت قوڵی تێهەڵکێشم، خەزوورم کەوا کۆنێکی خۆی بۆ هێنامە ژووری و گوتی:" لە سایە سەری تۆوە کوڕەکەشم بێبەری کردووە، بۆ کچی کێت پێ دەڵێن، دەبێ لە شاری ساکە لیباست بۆ بێتەوە! کچی قەرەنیاغای مامەشی یان لە حەوزە گەورە دەرپەڕیوی؟ ئادی ئەوەنێ ساڵێ دوانەیەکت کوڕ دەبێ، هەقی خۆتە ئیفادەمان بەسەردا لێدەی".

ئەحمەد دەستی بە گریان کرد و گوتی: "بابە گوناجباری دەبن، ئەو ژنە هیچ ئەنوایەکی نییە دەنا یەک سەعاتی لێ قەبووڵ نەدەکردن، کوڕە بابە سەر هەڵێنە خودا ببینە، پیاوی چاک بە بابە، دایکم دەیکا، تۆ مەیکە. خۆ لەبەر عەیبەی دونیا نەبێ دەستیان دەگرم و سەری خۆم دەنێمەوە، ماڵێ نانێکیان بۆ بستێنمەوە هێشتا ناهێڵم کەمایەسی بکێشن".

"ئەو مریەمەی خۆم ئەیزانم، بەردی بۆ بکێشم بە شانم، ئێستا منەتە بە گیانم، ئای مریەم ئامان، مریەم چاوجوان، مریەم بۆکانی، مریەمێ"

چاویان بە منداڵێکم هەڵنەدەهات، منداڵیش دەتگوت قونچکە زێڕن.

لە پاش کچە چکۆلەکەم(شەشومین زگم)، تا چل شەویش دوو لە ڕووی ئێوە، میزم بۆ ڕانەدەگیرا، پێمابێ میزەڵدانم خزیبوو، هەر ئەوەندە خۆش بوو دشەکانم پێیان زانی، ئیدی دوو دێهات ئەولاوەتریش دەنگی داوە، ئەو دەمیش ئەو شتانە پینەیەک بوو لەسەر شان...ئەحمەد دەیگوت هەرزەکاران دەگەنە حاستی من و دەڵێن:" کوندەمیز"، ژنانیش بزەیەکیان دێتێ و بەر دمیان بە لەچکەکەیان دەگرن. ئەو ڕۆژە شین و مۆر ببۆوە، گوتی عالەم بە پەندی سیام هەڵێنێ، یەک دەقەی تێدا نابم هەی لە کۆڵەکەی ماڵەکەتان(...)، هەی لە زەوی و زار و ڕزق و ڕۆنەکەتان ...(...)

ئیدی قسەی خۆی بردە سەرێ و هەر ئەو ڕۆژە بە داری دەستی هاتینە دەرێ.

لەو دەمەوە بە بوون و نەبوون، سەرمان پێکەوە ناوە و ئەو چوار کوڕەشم لێرە بووە و ئەوە بۆخۆتان دەزانن هەموویانم وەبەر خوێندن ناوە و شکور داوودامەزراون".

لەو کاتەدا کاک ئەحمەد هاتەوە: ئەرێ مریەم بۆکانی، بۆ لێم نەبانی؟

مریەم: "کابرا بۆخوت دەزانی من لەشبەبار و دەردەدارم، دەنا کوا جاران ئاوا زوو هەڵدەچووم؟ کوا دڵم دێ لێت قەڵس بم، یا خودا هەتا تۆ دەڵێی"وەی"، من ئێسک و پرووسکیشم نەمێنێ. تۆ چارشێوی سەرمی کابراکە گیان".

ئەحمەد:" کچێ هەر نەتبینم بە هەڵبزڕکاوی، شەو و ڕۆژ نەخۆشەوانی دەکەم و دەستم ماندوو بێ، بە شان دەتگێڕم، ئەوەی تۆ لە پێناو مندا قەبووڵت کرد، بە داستان دەبێ بنووسرێتەوە"

مریەم: "جارێ لەوەی گەڕێ گەڕ، ئەو ژنانە لە ئەوەڵی بەیانییەوە تۆخ و لۆخیان چووە لەگەڵ ئەو بەروماڵە".

ئەحمەد: "هەتا گڵەبانی ئەو چاوانەم دەکەن، چاکە و پیاوەتی ئاوماڵ و دراوسێی خۆم پێ نادرێتەوە"

خات مریەم و کاک ئەحمەد شکور یەستاش ماون و زۆر بەدەماخ و بەکەیفن، کەس نەیزانی کام دکتۆری پەتیارە ئەو خورپەیەی خستبووە دڵی ئەو ژنەوە.

٣ی فێبریوێری ٢٠١٩

## جوانییەکەی گەوەر

### کەس نەمابوو نێوبانگی گەوەری نەبیستبێ.

ژنێکی ڕەشئەسمەری چاوبەڵەکی تیژکەڵە، جلی کوردی بەبێ دەسماڵ، لە کەم کەس دەوەشێتەوە، کەچی ئەو ژنەتیوە بە سیخمەی زەرپی زەردەوە لێی دەبوو بە نەخش، نەرمەبڕ، توند تەبیات و تووڕە و تۆسن بوو.

مێردەکەی، "خالید مینەتاڵ" پیاوێکی بەدسەکوتی کەڵەگەت، چاودەروێش و دەروەست و بێدەمار و کارمەندی سادەی دەوڵەت بوو...ڕۆژانی پشوو، حەسانەوەی، نیسکڕنینەوە بوو.

دەبوایە لینگ و باڵی لەو کوڕوکارخانەی گەوەرێ هەڵکا و سەر و گوێلاکی سێ منداڵی ورد و درشت خاوێن کاتەوە و شیووکوڵیان بۆ بکا.

جاروبارە، گەوەر لە وەڕەزییان بەربینگی پێ دەگرت و لە هیچ و خۆڕایی شەڕی پێ دەفرۆشت.

کابراش هێندە حەیابەخۆ و شەرمن بوو، هەتا نەگەیشتبا سەر ئێسکی، دەنگی هەڵنەدەبڕی... زۆر جار ژنبرا سەرشێتەکەی خۆی لەپاڵ دەخست و لەبن خۆی دەنا، بە ئیمامی ڕەببانی لەبن دەستی نەدەهاتەوە دەرێ.

ماڵیان لە مەنتیقە حەوتی بۆکان بوو، کەچی شەوێک بەدەست ئەو هەتیوە ملقەوییەوە، تاقە هەناسەیەکی تێدا مابوو، بۆیە لە حەیبەت گیانی، هاواری دەکرد:" مەنتیقە سێ بمگەنێ کوشتیانم، کوڕە کوشتیانم بمگەنێ..."

چوار پێنج پیاوی گورد و قۆچاغ، ئەوەندەی یەک و دوو گەیشتنە سەری و دەریان کێشا دەرێ...سوێندیان دەخوارد دەیانگوت:" وەک مریشک، قورقرۆچکەی گرتبوو، نووزەی لێ بڕیبوو، وەفریای نەکەوتباین، نانی زیندوویی نەدەخوارد."

کابرای گۆڕین بەو جۆرە چاوترسێن کرا، ژنەش پەتپسێن و سەربزێو، دەوەڵکوو ڕۆژ دەبۆوە، هێشتا خێر و شەڕ بەش نەکرابوو، چلوچوار ماڵەی بۆکانی دەکرد... ماڵەکەشی، لاقی تێدا هەڵنەدەهاتەوە، ماڵێکی شپرێو و شپرزە و کۆڵێک

حاجەت و حوجەتی نەشۆراوی کەڵەکەکراو و دوو منداڵی وردی بەسەر کچۆڵەیەکی نۆ ساڵاندا بەجێ دەهێشت و دەرگای حەسارێی لێ قفڵ دەکردن.

منداڵی بەستەزمان، لەنێو میز و پیساییدا دەگەوزان و بە دم ئانیسکەوە خەو دەیبردنەوە.

دەمێک بوو، خەڵک هەر پیشیان دەبردەوە بەرە خۆ و نەیاندەوێرا بیدرکێنن. ئاخری پێیان موار نەکرا و "گەوەر"یان بانگ کرد و زۆری بە سەردا هاتن و شێر و ڕێوییان بۆ هێناوە و تەوس و پلاریان تێگرت و قسەیان لەولاولا دا:

"کچی خۆم، بە عالەمی ئاشکرا دەزانین مێردەکەتت بە دڵ نییە، لەبەر منداڵەکانت دەبێ هەڵکەی و ئەو ملەقوتە و چاوبرکێن و کۆلانکوتی و ماڵانگەڕییە تەرخ کەی. ئەگەر هەر پێی ناچارێی و فرت بە سەریدا سوارە و روحمت بۆ منداڵەکانت نابزوێ، تەلاقی لێ وەرگرە، خۆ تۆقی عەزازیل نی بە ملییەوە. سوور سوور دەزانین قسەیەک بکەین وەک ئاور هەڵدەبی و بەرد بە با دەکەی...بەو قورعانەی لەو مزگەوتەی سەیدشوکرە دایە، شانی مێردەکەتت ناسیوە و دەزانی هەڵیدەگرێ، دەنا ئەو نیمتەنەیەی تۆ سمت و سۆڵت پێ پان و پۆڕ کردووە و ئەو هەمۆ سوورا و سپیاوەی تۆ کردووتە، بە گولی لە وڵاتان گەڕێم، بۆ خالیدت نەکردووە، چاکە.

گەوەر: "ئێ!!!

ئەوە دەزانم کێ بۆی تێچاندووم...ئەوە فیتی ئەو بزنە قۆجەیەی دشمە، ڕووی ئەژداد و نەژدادی ڕەش بێ، چاوی پێم هەڵنایا، زارا شاغی...ئەو دێڵە کەس تێنەڕیاوە حەدی چییە پاشملە باسی من دەکا و بەیت و باللۆرەم وەدوا دەخا! دەڵێن تف هەلاوێی ڕووی خۆت دەگرێتەوە، دەنا ئاوام لە دێڵە بیژووهاوێژێ قەبووڵ نەدەکرد...پێی بڵێن ئەوجار زمانی بگەڕێ، پشیلەی دە دەرپێی داوێم، ئایاڕۆ!! تا دوێنێ دەرپێکەی بە شانییەوە بوو، ئەورۆ لە پێوسەری من دەگەڕێ".

گەوەر شانەکەی لەسەری "زارا"ی خوشکەمێردیدا شکاند و خلۆر بۆوە بۆ ماڵێ.

دوو سێ ڕۆژی پێچوو، هاتە نێو ژنان و گوتی: "ئەوەتا هەر لە منتان هەڵکێلاوە و پێتان وایە قاحبەم و سەد دەلەسە و بۆختانتان بۆ هەڵبەستووم... هەرچەندی دێمە دەرێ، ئەو کوڕە بەهاییە گیانی دەردێنێ و بانگم دەکا.

ژنان: "کچێ گەوەر! زمانت نەگەڕێ، تۆ عومر ونیوێکی "فەرزاد"ت هەیە، ئەو کوڕە جێی لێ نەبێ دەڵێی ئەسحابەیە... بە

بـرام بـێ، جوانچـاک و سـەنگین و گـرانە، ئەو عەرزە منەت دەبـا، ئەو کـوڕە پێـی لەسـەر دادەنـێ... شـەرت بـێ شـا شـەرمی لێدەکا...

کچێ عەیبە ڕۆڵە گیان، ئەو قسەیە وەدووی خۆت مەخە، بۆخۆت پێی سووک و چرووک و لەکەدار دەبی. بۆخۆت دەزانـی، دڵی بە قومری حاجی عومبەرەوەیە و حـاجی دەڵـێ بەهـاییە و کچی نـادەمێ، ئەوەی بـۆ هەڵمەبەسـتە، بـا "قـومری"ش لێـی نەتـارێ".

ڕۆژێکی دیکە گوتی: "ئەو ماتۆڕسوارە پێـی گوتووم"جـا حەیـف نییە ئەو بەژن و بـاڵا عەڕعەڕە، ملـکی گـولەکەی حەمتەرە!؟ لەگەڵم کەوە خاسەکەو، ڕۆژم لێ مەکە بە شەو...وەک بووکە چینی لەسەر تاقەت دادەنێم".

گەوەر خۆی کردبوو بە گـای قەشـان، بە کـوردی دابوویە لانی بێعـاری و ملی لە چەقـۆ هەڵسـووبوو، لە سـایە سـەری مێـردی ملپـان، قزە و حیزەڵەوە.

پیاو ماقووڵانی گەڕەک، نامەیەکیان نووسی و بە ئادرەسی ئیدارە پۆستیان کرد...

- کاک خالید گیان، برادەری ئازیز؛ دەزانین دەستی ئەو کچۆڵانەت کولە و دانت بەسەر جەرگت داگرتـووە و ژنێکت ڕاگرتـووە وەک گولی دووراوا خۆت لێ دەپارێزێ و لووتت پێدا ناهێنێ... بـراڵە گیـان؛ بیکە سەرپشک بـۆ ڕۆیشـتن یـان مـانەوە، ئەو ژنە لێی بۆتە کوردە نامووسی بۆیە بەجێت ناهێڵێ.

تـۆ پیـاوێکی داوێـن پـاکی، حەز نـاکەین بە دم پیسـەوە بـدرێی... ئەو جـۆرە جوانـانە، بە دوو قسـە هەڵـدەخەڵەتێن، ئـابڕووبەرەو و مـاڵوێرانکەرەن، کـوڕە ئەو ڕیشـە سـپییەمان هێنـایە تکـایە، لە خێـر و بێـری بچـۆ دەرێ، "دایەن"ـێک بـۆ منداڵەکان بگرە، هەتا کەسێکی وەک خۆتت لێ هەڵدەکەوێ. دیسان دووپاتی دەکەینەوە؛کەڵەگا پشتی شکاندووین."

کابرا ئەننەهوو، گوێی بەو قسانە نەبزووت و هەر لامەلامەی لەبەر کرد، هەتا فریوی جاشێکی ڕیشنی خوارد و حاشـای لە مێرد و منداڵی خۆی کرد.

منداڵی چارەڕەش، بە ڕۆژ دەروجیران دەیلاواندنەوە و بە شەو بابیان.

کورتی ببڕمەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "حاشا وە لیللا لە ژنی جوان"، قەیرەکچێکی خانەدانی خواست و پێنج منداڵی دیکەشی لێ کەوتەوە.

١٤ی فێبریوێری ٢٠١٩

## زمانی دایک وەک هەویێتی و وەک ژیان

زمان بریتییە لەو دیاردەیەی، کە وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیگرتن بەکار دەهێندرێ، ئامرازێکی سەرەکیی کولتوورییە و سۆنگەیەکە بۆ پاراستنی فەرهەنگی نەتەوەکان و گواستنەوەی ئەو فەرهەنگە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی.

زمان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەکردنی مرۆڤ و تەنیا ڕێگەیە بۆ فێربوون لە پەروەردەدا و مرۆڤ بە زمان دەچێتە نێو چالاکی و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی گرنگی پێدەدا، زمانی دایکە، بەڵام پێناسەی زمانی دایک چییە؟ مرۆڤ کە دێتە سەر دنیا، تێدەکۆشێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەورووبەری ڕێک بخا، ئەو پەیوەندییەش سەرەتا بە گریان دەست پێدەکا، بەرەبەرە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی، زمانی دەپژێ بە زمانی دایک.

زمانی زگماک لەسەر شکلگرتنی هەویێتی و کەسایەتیی مرۆڤ کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە و لە ڕاستیدا بەشێک لە هەویێتیی تاکە. هۆکاری سەرەکییە بۆ وەرگرتنی خوو و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەیەک. هەروەها بەهۆی زمانی دایکەوە، تاک دەتوانێ زیاتر خودی خۆی بناسێ و هەست بە ناسنامەی خۆی بکا.

مرۆڤ بە زمانی دایک دەتوانێ، تواناییەکانی خۆی بنەخشێنێ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بپارێزێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە باری دەروونییەوە، هۆکارێکی باشە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز، بەرامبەر دەورووپشت و، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگیی هۆش و دەروون.

زمان، دیاردەیەکی «کاتالیک»ـە، بەو مانایە سروشتی و بەبێ ئیرادەی مرۆڤ دروست بووە و گەشەی سەندووە و بە نەزم و نیزامێکی خۆڕسک گەیشتووە. لە دیاردە «کاتالیک»ـەکاندا، پێش هەموو شتێک پێویستە فێری چۆنیەتیی بەکارهێنانیان بین، پاشان لێکدانەوەیان بۆ بکەین. گەر زمان دیاردەیەکی «کاتالیک»ـە، کەوایە پێش هەموو شتێک، پێویستە کەڵکی لێ وەرگرین و بەکاری بێنین و لێهاتوویی و توانایی کەلکوەرگرتن لەو زمانە بە بەرزترین ڕادە بگەیێنین و ئینجا بکەوینە شوێن فێربوون و شیکاری و لێکدانەوەی بۆ بکەین.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێ منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەش دەکرێ و دەخرێتە نێو کەش و ڕەپۆشەی زمانێکی بێگانەوە، ڕێک ئەو کاتەی کە هێشتا لە پرۆسە و ڕەوتی فێربوونی کاتالیکی زمانی دایکی بە شکۆفایی و بڕەوسەندن، یانی بە دوند و دهاری توانایی قسەکردن و تێگەیشتن نەگەیشتووە، لە ڕاستیدا بەشێک لە هەست و سۆزەکان کە دەبێ بە یارمەتیی زمانی دایک بەتەواوی گەشە بستێنێ، کامڵ ناکرێ. کەواتە بەکردەوە ڕەوتی گەشەسەندنی توانایی ئاخاوتنی بە زمانی دایکی لەو منداڵەدا ڕادەگیرێ و زمانی دەروونی ئەو منداڵە کە هەمان زمانی بیرکردنەوەیەتی، بە زۆرترین توانایی ناگا.

زمانی دایک بەدەر لە سروشتی خۆی، واتای سیاسیی هەیە و بە شوناسی نەتەوەی دادەنرێ و هۆکاری یەکگرتوویی تاکەکانی کۆمەڵە. بە واتایەکی دی، ئێمە بە پاراستنی زمانەکەمان، پارێزگاریمان لە بوونی خۆمان کردووە.

لە ئێران تەنیا زمانی فارسی بە ڕەسمی ناسراوە و خوێندن بەو زمانە زۆرملێیە، لە حاڵێکدا ئەم زمانە بۆ بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەم وڵاتە زمانی دووهەمە. خوێندن بە زمانی دووەم لە سەرەتاکانی تەمەندا بەتایبەت، پێش تەمەنی 9 ساڵی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانی دایکی و کەسایەتیی منداڵەکەش هەیە و بە پێچەوانە، خوێندن بە زمانی دایکی، یارمەتیی منداڵ دەدا بۆ بنیاتنانی کەسایەتی و سەرکەوتنی لە خوێندندا.

سەپاندنی زمانی دووهەم دەبێتە هۆی ڕووخانی توانایی قوتابی و دروستبوونی باری دەروونیی خراپ و کەمتوانایی لە فێربووندا، هەروەها شڵەژاوی و بیرئاڵۆزی، کە سەرەتا تەنیا یاساکانی زمان تێک دەشکێن و دواتر زاراوە و دەستەواژەکان دەشێوێن و تێکدەچن. بەم جۆرە بەبێ ئەوەی وەخۆ بێینەوە، منداڵ لە دەریای زمانی بێگانەدا نوقم بووە و چارەسەرکردنی کارێکی ئاسان نییە. «نوام چامسکی»ش دەڵێ: «خوێندن بە زمانی دایک ئەنجامی باشی هەیە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، چونکە کەمتر ڕووبەڕووی تەنگەژەی فەرهەنگی دەبێتەوە و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستکردن بە بەهای خۆی و هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی.

لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و بیرکردنەوەدا هەیە، ئەوەش ئێمە بەرەو ئەو بۆچوونە دەبا کە کاتێک کەسێک بە زمانێک دەخوێنێ و دەنووسێ، گەر ئەو زمانە شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبێ بەو مانایە کە گەیشتبێتە ئاستێک لە شوناسی تایبەت بە خۆی، ئەوە بە شێوەیەکی سروشتی ئەو کەسەی بەو زمانە دەخوێنێ و دەنووسێ، جۆری بیرکردنەوەی لە شێوازی ئەو بیرکردنەوەیەدا دەبێ کە شوناسی ئەو زمانە پێوەی پێوەست بووە.

هەر لێرەدا نەخش و دەوری بەرچاوی خوێندن بە زمانی دایک یان زمانی نەتەوە لە پەروەردەی ڕاستەوخۆی نەوەکاندا دێتە ئاراوە.

لە ڕوانگەی دەمارناسیشەوە بە فێربوونی زمان، لە مێشکدا ڕووداوێکی نوێ دەقەومێ کە هێدی هێدی پێناس و هەوێتی بە مرۆڤ دەبەخشێ. هەنگاوێک پێشتر، مانا و مەفهووم دروست دەبێ، وردە وردە وشەکان دەچنە نێو سیستەمی هورووژ/سۆزداری و بەشێک لە مێشک کە پێوەندی بە سۆزدارییەوە هەیە و لەوێدا بۆ هەمیشە هەڵدەکەندرێن و دەمێننەوە. وە لێرەدایە کە زمانی دایک، دەبێتە بناغەی ژیانی هەر مرۆڤێک.

**نووسینەکەم بە چەند وتەیەکی ناوداران لەبارەی زمانی دایک کۆتایی پێدێنم:**

- زمان بەنرخترین میراتی یەک نەتەوەیە. (شۆپێنهاوێر)

- گەر زمانی نەتەوەیەک لەنێو بچێ، ئەو نەتەوەیەش نامێنێ و دەتوێتەوە. (هایدێگێر)

- زمانی من، جیهانی منە و جیهانی من، زمانی منە. (ویتگێنێشتاین)

- گەر بیانهەوێ ئێوە داگیر و بەستراوە بە خۆیان بکەن، لە پێشدا دەچنە زگ زمانەکەتان. (جان ستوارت میل)

- کەسێک کە شارەزایی لەسەر زمانی دایکی نەبێ، وەکوو کەسێک وایە کە کلیلی زیندانەکەی لێ ون بووە. (ئالفۆنس دوودێ)

- گەر دایک و بابەکان ئیمانیان بەوە هەبێ و بزانن کە زمانەکەیان چەندە بەنرخ و گرنگە، لەگەڵ منداڵەکانیان بە زمانی خۆیان دەدوێن. (جۆرج برادۆن)

- ئەگەر لەگەڵ کەسێک بە زمانێک بدوێن کە زمانی خۆی نییە و تەنیا دەتوانێ لێی حاڵی بێ، ئەوکات وتەکەتان تەنیا دەچێتە نێو مێشکییەوە، بەڵام کاتێک لەگەڵ کەسێک بە زمانی خۆی (دایکی) دەکەونە ئاخاوتن، بە دڵ لێتان تێدەگا و وەریدەگرێ. (نێلسۆن ماندێلا)

- کەسێک کە نەتوانێ بە زمانی دایکی بدوێ، ئەگەرچی بتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێتەوە، بە بێسەواد حیساب دەکرێ. (ڕێکخراوی یۆنسکۆ)

۱۹ی فێبریوێری ۲۰۱۹

## تریفە: "ڕووبارێک پەژارە" (وەک خۆی)

بۆخۆی دەیکوت ٣٦ ساڵم تەمەنە و هەر ئەوەندەشی پێ دەکەوت؛ لە یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستان لە دایک ببوو. لەگەڵ کوڕەوەکەی ساڵی ٩١ ئاوەژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوونەوە و لە بۆکان گیرسابوونەوە... بابی پاش ماوەیەک گەڕابۆوە زێدی خۆی و تریفەش لەگەڵ ماڵ و منداڵی لە بۆکان نیشتەجێ ببوو.

ژنێکی خڕپلانەی نەرم و شل، ڕەزاسووک و دەم بە پێکەنین.

دایکی چوار منداڵی چاوگەش و هێدی و هێمن... (ئارەش:١٧، ئازیتا: ١٤، ڕۆزیتا: ١١، ئاڕشام: ٢ ساڵ تەمەنیان بوو) نادر و تریفە، هەر لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە بە شەڕ و هەڵلا هاتبوونە سەری.

نادر، بارە قاچاخی کابرایەکی دەوڵەمەند و فێڵبازی گرتە ئەستۆ و خۆی لە زیندان ڕۆکرد(بڕیار بوو کابرای گۆڕین هەموو مانگێ بڕی پارەیەکی دیاریکراو بە ماڵ و منداڵی نادر بدات؛ ئەوەش خەون و خەیاڵ بوو) و تریفەی جوان و جحێڵی بە چوار منداڵی ورد و درشتەوە، لە خانووی کرێدا بە جێ هێشت.

دوو ساڵ لە گیرانی نادر تێپەڕیبوو؛ تریفەش ڕاست دوو ساڵ بوو تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە هاتبوو.

لە کاڕێژی ماڵێکدا، دوور لە شار بە خەمی خۆیدا کەوتبوو.

دۆستێک، ئێمەی وەک ئەنجومەنی پشتگیری لە نەخۆشانی شێرپەنجەیی "سەبا"، ئاگادار کردەوە و بە هانایانەوە چووین. پێش لە هەموو شتێک، لە لایەن ئەنجومەنەوە، ماڵێکی گەورەیان بۆ گیرا و یەکێک لە ئەندامانیش کرێی مانگانەی خانووەکەی وەئەستۆ گرت. داوامان کرد خێرخوازان بێن بە هانامانەوە. لە هەموو لایەکەوە کەل و پەلی پێویستمان بۆ هات و بە یارمەتی ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەنجومەنی سەبا، ماڵی تریفە خانمان ڕاخست. ماڵێکی خۆش و خاوێن و بەرفەریح... هەڵبەت هەتا کۆتایی کار نەشمانهێشت بزانێ.

کاتێ هاتە ژوورێ، وەک ئەوەی هەموو خەمەکانی کۆتایی هاتبێ، بۆ چەند خولەک شێرپەنجەشی لە بیر چۆوە؛ لە

خۆشیانە بە دەنگ و سەدا دەستی کرد بە گریان، گریان وەها گریانێک کە تەنانەت کچە جوانەکانیشی نەبوون بە حەریفی فرمێسکەکانی دایکی نەخۆش و لەش بەباریان. (ئاخ و سەد ئاخ)

تریفە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ زیاتر دەتواوە.

کەس نەبوو پەرداخە ئاوێکی بداتە دەستی یان ژەمە چێشتێکیان بۆ لێنێ. خۆی غەریب و بێکەس، خزم و کەسی نادریش ئاوڕیان لێ نەدەدانەوە چونکە وەختی خۆی نادر زۆری غەدر لێ کردبوون. بەڵام دەڵێن ئەگەر خودا دەرگایەک ببەستێ، دەرگایەکی دیکە بۆ عەبدی خۆی دەکاتەوە، کە وابوو دەر و جیران لێی بوون بە دایک و خوشک و برا و زۆریان چاو بەسەر ماڵ و منداڵەکانییەوە بوو.

شەش مانگ تێپەڕی و لەو ماوەیەدا، نەک هەر ئێش و ئازاری ئەو ژنە کەمی نەکرد، بەڵکوو هەر ڕوو لە زیاد بوون بوو. منداڵ، قوتابخانەیان جێ هێشت و بۆ ماوەیەکی نادیار وازیان لە دەرس و دەور هێنا. بەڕێوە بردنی ماڵێکی خێزاندار و نان و چێشت و پاک و خاوێنی کەوتبووە سەر شانی دوو کچۆڵەی دەست و پێ سپیلکە، لە ئامێز گرتن و لاواندنەوەی کوڕە بچکۆلانەکەش ببوو بە ئەرکیی سەر شانی کوڕە حەڤدە ساڵەکەی ماڵێ. ئاگاداری کردن لە دایکی نەخۆش و شەو تاکوو بەیان گوێ بۆ ناڵەناڵی ڕاگرتنیش بەشی هەمووان بوو. کە وایە نە کاتێک بۆ دەرس خوێندن دەما، نە حاڵ و حەوسەلەیەک بۆ فێر بوونی بابەتە قورس و گرانەکانی ناو کتێبەکان.

لە یەکێک لە سەردانەکانمان بۆ ماڵی تریفە، لەگەڵ بەڕێز: خانم قورەیشی(دامەزرێنەری ئەنجومەن)، لە ئارەشمان پرسی کە بۆ ناچییەوە بۆ قوتابخانە؟ کوتی: دایکم شەو تا بەیان دەناڵێنێ و بەرەبەری بەیانی خەوی لێ دەکەوێ؛ من چۆن بخەوم کاتێ ئەو ئەوەندەی ئێش و ئازار هەیە!!!؟ بەردەوام نێومان دێنێ؛ هەر چوارمان دادەنیشین بە دیارییەوە. بەیانیش خەومان لێ دەکەوێ کە کاتی چوونەوە بۆ قوتابخانەیە. دەیگوت تەنانەت ئارشامیش، واتا برا چکۆلەکەشمان خەوی لێ ناکەوێ و شەو تا بەیان بەس لە ئامێزی مندا دەحاوێتەوە و بگرە دایکیشم بە تەواوی ناناسێتەوە.

سێ ڕۆژ پاش ئەو دیدارە، لەسەر پێداگری خۆی، ناردمان بۆ ورمێ بۆ نەشتەرگەری.

نازانم تریفە بۆ تاقەتی نەهێنا و ئیتر نەگەڕاوە!!! خۆ بڕیار بوو منداڵی خۆی بە ڕووسووری بەخێو بکا و هیچ بە هیوای نادر نەبێ!!!

کوتم: ئاخر شۆڕێ ژن! بۆ لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا هەر نەبووی بە شارومەندێکی ئێرانی؟ بۆ هیچ پێناسەیەکت نەبوو؟ نەتدەزانی ئەو ڕێگایەت لەبەرە و ئێستا هەتا نەیسەلمێنین کە تۆ کچە خاوولاوەکەی باشووری و لە ڕۆژهەڵات گیرساویتەوە، تەرمە ماندوو و شەکەتەکەتمان نادەنەوە؟ ئەوانە خۆ نازانن منداڵە دڵ برینداڕەکانت هەموو شەوێ بە دەم هەنیسکەوە خەویان لێ دەکەوێ و ڕۆژانە چاویان لە ڕێی ورمێیە؟

ژنە بێ مراد و سەر بە تەمەکەی باشوور، تاقە کچەکەی کاک مەجید، پشت و پەنا و قەڵای هیوا و هومێدی چوار منداڵی سەر لێ شێواو، هیچ لە ژیان تێ گەیشتی؟ چەرخی گەردوون چەند ڕۆژ بە دڵی تۆ خولی دا؟

"ئاااخ ژیان! ناخۆشییەکانت زۆر نەغدن."

تەرمی تریفەمان پاش پازدە ڕۆژ لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی وەرگرتەوە.

زۆر ڕۆژێکی ناخۆش بوو...

میوانەکانی خۆی تەنیا سێ کەس دەبوون: باوکی و زڕدایکی و کوڕە پوورێکی.

ئێمە بە گیان و دڵ ڕێوڕەسمێکی تایبەتمان بۆ گرت و چەندین کەڵەپیاو و کەڵەژنی بە ناوبانگی شار تێیدا بەشدار بوون. لە ئاکامدا تەرمی غەریبی، لە نێوان ئاپۆرەی خێرخوازان و هاریکارانی ئەنجومەنی سەبا، بە ڕێز و حورمەت بەرێ کرا و بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپاردرا.

تریفە لاقەکانی لێ ڕاکێشا و کۆتایی بە گشت ئێش و ئازارەکانی هات. ئیتر نە زامی مابوو، نە جنێوەکانی نادر برینەکانی دەکولاندەوە.

دڵەڕاوکێی نەمابوو. ئیتر تەنانەت هەستی بە غەریبیش نەدەکرد.

چوار منداڵی ورد و بێ مشوورخۆری لەو دونیا ناخۆشەدا تەنیا ختەوە.

"یانی بڵێی خودا لەوە ساردتریشی لە لا بێ؟"

لەگەڵ فەوزییە خانم پێمان لێ نەبڕین، چون تریفە بەڵێنی لە فەوزییە خانم ئەستاندبوو کە لە پاش مەرگی، چاو لە منداڵەکانی خافڵ نەکا و هەتا بە ئەنجام دەگەن باڵیان بەسەردا بکێشێ.

ئەگەر چی شەوێک، درەنگانێک نزیکەی نیوەشەو، زەنگی بۆ فەوزییە خانم لێدابوو و سوێندی دابوو بچێت بۆ لای. ئەویش دڵی نەشکاندبوو و چووبوو.

تریفە دەستی ئەو خاتوونەی گرتبوو، ویستبووی بەڵێنێکی لێ وەربگرێ؛ ئەویش بە ڕووی خۆشەوە گوێبیستی قسەکانی ببوو. لە نەکاو تریفە پێی گوتبوو: بەڵێنیم پێ بدە کە نەمرم و هێڵلانە لەو منداڵانەم تێک نەچێ. لەبیرمە هەتا چەندین ڕۆژ خەم و خەفەت و پەژارە بەرببینگی بە فەوزییە خانم گرتبوو و ژیانی لێ تاڵ کردبوو.

پاش کۆچی دووایی تریفە خانم، ئەو خاتوونە دڵسۆزە، لەسەر ئەو قەول و بڕیارە و بە پێی ئەرکی ئینسانی خۆی، هەموو منداڵەکانی لە باشترین شوێن، سەقامگیر کرد و هەر ئێستاش بەردەوام لەگەڵیان لە پێوەندی دایە. ئەژمارێکی بانکیمان بە سێ واژۆوە بۆ کردوونەتەوە، لە هەر شوێنێک و بە هەر شێوازێک یارمەتییەکیان بۆ بێ، بۆیان پاشەکەوت دەکرێ.

ئەگەرچی بەداخەوە ناچار بووین منداڵەکان لێک هەڵبڕین.

ئازیتا و ڕۆزیتا بە پێی تەمەنی هەستیاریان و جوانی ڕواڵەتییان، دران بە "خانەی بوستان"ی کچان و بەخۆشییەوە و زۆر بە جوانی ئاگادارییان لێ دەکرێ.

ئارەش لە پیستێکی ئەسبسواریی بۆکان، خەریکی مەیتەرییە و لە سەربازی معاف بووە.

ئارشام لە ماڵی خوشکێکی نادر لە بەرامبەر پارەی مانگانە لە لایەن ئەنجومەنەوە بەخێو دەکرێ.

سپاس بۆ بەڕێز فەوزییە خانمی قوڕەیشی، هیوادارم سێبەری پڕ پیت و بەرەکەتی لەسەر نەخۆشانی شێرپەنجەیی هەژار و داماو بەردەوام بێ چونکە ئەم لێ قەوماوانە، لەم دنیا پان و بەرینەدا، لەو شوێنە و لەو خێرخوازانە بگەڕێتەوە، هیچ پشت و پەنایەکیان نییە. ڕوحی تریفە خانیش شاد بێ. داهاتوویەکی ڕوون و دوور لە نەهامەتی بۆ منداڵەکانی بە ئاوات دەخوازم. چونکە ئەم بەستە زمانانە لە سەرەتای ژیانی خۆیاندا، زۆریان ئێش و ئۆف و ڕەنج و ئازار دیتووە.

١١ی مارچی ٢٠١٩

# مارف

**هەتا خورت و بەگوڕ بووم و شنگ و قەوەتم تێدا بوو، بێگاریی دنیا نەما پێم نەکەن.**

دەوەڵک و دەغڵ و دان گوڵپەڕ دەبوو، دەچوومە هەرەوەزی دروێنەی گەنم و جۆ، ئەویش بە داس و مەڵەغان. براژنەکانم دوو کولێرەی جۆ و مەتارەیەکیان ئاو لە تووربێنەکەم دەخست، جا هەتا پاش بانگی شێوان لەکاریان وەردەدام.

پاشەبەرە بووم، پاش سێ برا و دوو خوشک لەدایک ببووم.

کاتێ دایکم ڕەدووی «حەسەن»ی مامەڵڵا کەوت، هەرزەکار بووم و بە ئیشتیای خۆم مەیتەری ماڵی ئاغام دەکرد، ئێوارێ بە شەش حەوت پاڵەنگەوە (قامچی) گەڕامەوە ماڵێ.

بابم بەسەر دمدا کەوتبوو، برا و خوشک و زاواکانم، دەستەوئەژنۆ لە دەوری دانیشتبوون و هەر لێک مۆن دەبوونەوە و سەریان دەلەقاند.

نە ماڵات تاقەت کرابوو، نە حەسار گسک درابوو، نە ئاوێک گەرم کرابوو... چوومە ژوورێ و ڕێوڕێ، پێ و سۆراغی دایکمم گرت.
کاکم گوتی: «هەتیوە مل پانە، لە منداڵییەوە دەمزانی تۆ گەواد دەبی. دایکت وەکەڵ هاتبوو، ئەوە لە کۆشی کەڵەگاکەی دایە... سبەینێ بچۆ دەرێ، بزانم لەنێو جیران و ئاوماڵدا سەرت هەڵدێ، بزانە ئەو خەڵکە چیهات پللار تێ دەگرن! ئای ئای چۆن سەرنەوی کردین و بووینە سەرکۆنەی عالەمێ! چۆن خەڵکمان پێ خۆش بوو... ئەی لەو سەرشۆڕییە، قەت بەرگە ناگرم و تابشت ناهێنم، بابم هەستێتەوە، قەت سەعاتێک لەو وێرانبوووەدا نابم، هەر بە شەو بار دەکەم».

بابم لە حەیبەت قسەی خەڵکی و نێو و نێونیتکەی خزموکەس، هەر ئەو بەسەر دمداکەوتنە بوو، پەتایەکی گرت، کەس نەیزانی چییە، پێیان دەگوت» ئازارە باریکە»، وەک بەردەمووکانە ویشک ویشک هەڵاتبوو...

مانگێکی ڕەبەق، ئەوەی نێوی زەواد بوو، نەچووبووە دیوی دەروونییەوە... پاش گردوکۆ کردنی حاسڵات و ئازووقە نانەوەی

پاییزێ، باییشم کەوتە گیانەڵلاوە.. بە گۆپاڵبارانێک ناشتمان، دایکم هەر پەردەی وەتاغێی لا نەدا، تەرمەکەی بابم ببینێ کە چەندی لێ هاتبۆوە و چۆن وەک بەزی سەر ئاور توابۆوە...

ڕەببی باب لە کەس نەمرێ، بە جارێک کۆڵەکەی ماڵمان دارمی و پشتمان شکا... خۆزگە بابە گیان، هەر تاقە نەختێکت لێ مابایەوە و لە سووچێک دانیشتبای و چاودێریت کردباین.

بابم زۆری جامینی دایکم دەویست و ماڵێکی زۆر و زەوەند هەمووی لە ئیختیار دایکم نابوو... هەموو جارێ دەیگوت: «ژنەکە من و تۆ وەک ڕێحانە و جلە واین، تۆ ڕێحانەکەی، منیش جلەم.»

ئێمەش دەمانگوت: «پیاوی چاک بە بابە، بۆ وا خۆت دەتلیسێنییەوە، دایکیشم هەر لیچت لێ بادەدا»!

دەیگوت: «ڕۆڵە، ڕێحانەکەم بەو قسانە دەگەشێتەوە، دەبێ پیاو بەسەر ژنەکەیدا هەڵبڵێ.»

ئەخە بەدڵی خۆی لە گەورکایەتیڕا بە تەپڵ و زوڕنا هێنابووی.

کەچی دایکم، جاری وا دەستی لە کەلەکەی دەنا و بە گژیدا دەهات و دەیگوت:

- "ئەو کەف و کوڵە چییە کردووتە! سەفی بووی پیاوەکە، چاک حەیات تکاوە... شەرم لەو کوڕە جحێڵانە بکە، تازە ئێمە لە ڕێزەی چین؟ ئەو قسانە بۆ عاشقە و ماشقە دەبن، نەک بۆ من و تۆ، ئەوە کچمان لە ماڵانە و کچی خەڵکیمان لەپاڵ دایە".

- «کچێ ژنەکە، ماڵ چۆڵ و هۆڵیش بووە، تخوونم نەکەوتووی و بیانوویەکت هێناوەتەوە...

باشە بەڕاست ژنەکە بەینێکە چاک خۆت تاس و لووس دەکەی و هەر ڕۆژێ بە جۆرێ خۆت تیفتیفە دەدەی. دەستت لە «زێنەب»ی حەسەنی مامەڵلای ئەستاندوە. ئەڵبەت ژنی من، سەد سەگی هەیە، یەکیان زێنەبە. دەبێ سەتی وەک زێنێ، ئاوت بە دەست داکەن.»

- «جا تۆ چیت لە ژنی خەڵکی داوە؟ سوور سوور دەزانم ئەوی ڕۆژێش، قوونخڕت دیتبوو بۆیە لەو ڕاستە ڕێگایە ئەو

مانگادۆشەت، قلّپ کردەوە... بۆ پێت وایە زێنەب بە پیاوت دەزانێ، خۆ میز بکا لەبەرت هەڵناستێ."

- «باشە لەوەی گەڕێ گەڕ، گەوی ئەو گۆرەوییەم ڕەویوەتەوە، بۆم بچنەوە."

- «بەدی، چاوم نەماوە، بۆ ناچی بیدەی بە زێنەبی مامەڵڵای بۆت بچنێتەوە ئەو دەست و گۆلەپ ڕەنگینە. ئەوەنێ بۆتە ماینی کەحلان و منی پێ دەشکێنییەوە. ئەوە ڕۆژەکەیە، ئەگەر پاتۆڵەکەیان بەسەر شانتدا نەدا، بزانە هیچ نازانم.»

- «نەخێر، بەیتی بلەیە. شێتەڵبان، سەری ئەو ئاوەڕوونکەیە کەلا کە، هیچ وڵاتی نەهێشت. ڕەببی موو لە زمانم بێ، کەس نازانێ ئەو شەڕە چ بوو، هەڵمئاویساند. وەڵڵاهی وەبیللاهی وەتەڵڵاهی، لەو ڕۆژەی تۆ هاتووی لەو ماڵەوە، ئیشتیام نەچۆتە سەر هیچ ئافرەتێک. هەر پێمابووە کەس لەو دنیایەدا نییە لە تۆ زیاتر، تۆش ئەگەر دمت تاڵ دەبێ، پەڕوپۆم لێ دەکەیەوە و سەرەوان و بنەوان دەبیەیەوە ماڵی حەمەی گاوان."

- "جوابی تەحا، پەحایە. بەجێی دانیشی وەک پیاوی خەڵکی، بەسەر منداڵەکانتدا بێی و دوو قسەی حیسابیان وەپێش کەوی، کەلکەی قوونت کەوتوە جا وەخۆ کەوتووی و خەریکی تروکەترووکی."

- «کچێ ژنەکە، خۆ قەبریش وەخۆت ناکا... چاوبڕکێنم لەگەڵ ژنی خۆم کردوە، خۆ کفرم نەکردوە، خۆ بەردم بە کابەدا نەداوە. ناوەڵڵاهی تۆ هەر دەزانی پێم هەڵپڕژێی و مل لەبەر ملی من نێی. ئەوەتا دەستەخوشکەکانی خۆت، پەڕۆیەکیان لێ دادڕە، بزانە کێهایان حەمامیان بۆ چاک کراوە و عەلادین و عەمباراویان بۆ دانراوە؟ تێکڕا لەسەر شۆرکە خۆیان دەشۆن... بزانە ژنە ئاغاکانیش بۆیان کراوە. دوور نارۆین، براژنەکانی خۆت، بۆ دوو میتر جاو، دوو مانگ دەکڕووزێتەوە، ئەوەی قسەی سوێر و تاڵیشە پێیان دەگۆترێ، سەگەل و گورگی براکانیشت وەک زێڕ بەخێو دەکەن.»

- « تۆ لەمێژە لەبراکانم ئاوسی، دەنا ئەو باسەت بۆ بردەوە بەیرەم و بەرەجۆیە!»

- «گورگەبۆر ئەوە ئەو بزەبزەت لە چییە دەڵێی کەڵیچەی خراپی، هەستە بڕۆ ملی کارێکی بگرە، ئەخە کوڕی ئەو بابە نین!! شایبی چیم پێتان بێ!»

- «ژنەکە! هەدا دە، کچێ هەر ڕقێکە ماڵوێران دەکا، هەر پیش دەبەمەوە بەرە خۆم، بەڵکم زمانت گرێ دەی... ئەننەهوو، حەیا ناتگرێ. دیارە شکور تۆ وەک دار حەیزەرانی و منیش داچەکاوم بە دەم مەینەتی و قەرقەشیی ڕۆژگارەوە و بەعومرتر

دەنوێنم، چونکە نەمهێشت بەرمنەتی کەس بی و ئەستۆ بۆ کەس کەچ کەی... بەڵام لەو تاریخە بەو لاوە، گەر ماعبەینمان هەر ئاوا بێ و هەر لێم نەبان بی، بەپێی شەرع دەست لێک بەردەدەین. من تا ئەورۆ بە سەربەرزی ژیاوم و پیاوێکی نێوبەدەرەوە و سەربڵێندم، نانی پاڵەیی و جووتیاریم خواردوە و منەتی نامەردم نەکێشاوە.

- «ئەوە پاکانە بۆ خۆت دەکەی، دەزانم هەمووی ڕێخۆشکەرەن و دەتهەوێ پیاوخراپم کەی و سبەی ڕۆژێ ئابرووی من بەری و بڵێی: « ژنەکەم پێم ڕازی نەبوو»، ئیدی نالێی، بۆخۆم ئاورم کردبۆوە. بۆیە دەڵێن سەرچۆپی بدەی بە گامێشێ، بۆ لای چۆمی دەکێشێ... تۆش لەو بنەپاڵەوە بۆ لای خات «زێنەب»ت ڕاست کردۆتەوە.... ئەوە بۆیە ئەو دێڵە بەبایە، بەینێکە بەو هەمۆ داوودەرمانەوە، دەگاتە حاندی من، خۆی ڕەپ دەکا».

- «حەک ژنەکە، ڕەببی نەحەسێیەوە.»

ئەوانەم وەک خەون لەبیرە، ڕێک ڕۆژێک پێش ڕەدوو کەوتنی دایکم...

لەو کاتەوە، خورپەیەک کەوتۆتە دڵمەوە، هەموو جارێ ئەو کەشکە ئەژنۆیانم دەلەرزێنێتەوە... بۆیە کاکم بۆم دەچووە داواکاری هەر کچێک، پەڵپێکم پێ دەگرت و بیانوویەکم لێ دەدیتەوە و هەر زاتم نەکرد ژن بێنم و تا ئەورۆ بوخچەم نەکراوەتەوە.

هەتا ڕانە مەڕ کەوتبێ، بە تەنێ لە مۆڵگە ماومەتەوە، هەتا بێستان کرابێ، لەسەری نوستووم، هەتا خەرمان هەڵدرابێتەوە، نیگابانیم داوە.

وەک کێویلە، قەت لە دیوەخان و بنکورسی دانەنیشتم و چێشتێکی گەرموگوڕم چێژ نەکرد. هەمیشە پاتۆڵ و کەوام، وەک کەمرە چڵکی گرتبوو... ئەو بەرە دەستانەم دافەتابوو، بەو حاڵەوە هەر فزەم لێ هاتبایە، کاکم دەیگوت: «مارف گیان، لە کاکی خۆت کەوێ، تۆ سەڵت و سپاتی، کار بکە کار، ئەو لەش و بەندەنەت ڕاوەشێنە، ئاخری هەر مشک و مار دەیخوا، ئیدی بۆ پەلەپەلی ماڵێتە، کێ چاوەڕێتە؟! دێیەوە ماڵێ دەڵێی چی! ئەو ژنانە منداڵەبەرن، دێیەوە چاو لە سینگ و بەرۆکیان دەبڕی؟»

نەیاندەهێشت کچەکانیشیان بێنە یاریدەم، دەیانگوت: «چۆن دێڵین کچی جوان و جحێڵ لەگەڵ پیاوێکی ڕەبەن، لە مەزرایە بێ، با مامیشیان بی، خەڵک چیی چاکمان ناڵێ؟»

بەو نەزمە، بە نانەزگی تا پەنجام بەڕێ کرد. ئەوە پازدە ساڵیشە ئەلێرە (خەڵوەتگەی پیری)، خەڵک بە خێری خۆیان، بەخێوم دەکەن و سەری خۆم ڕاگرتوە. دایکم، دوای حەزی خۆی کەوت، بەڵام هەمووماںی لە حەز و ژین بێبەش کرد.

۱۱ی ئەپریلی ٢٠١٩

## نـــازدار.

نازدار، ژنێکی سوورکارە و شۆخ و چەلەنگ بوو، تەمەنی هەر چل ساڵ دەبوو. زۆر جار کراسێکی سنەیی لەبەر دەکرد و سۆرانی لە پشت ملی دەبەست، دەتگوت "باڵەبان"ە

هەتا خودا حەز دەکا، کابان و دەست و گۆلەپ ڕەنگین و ژنی نێو ژنان بوو. کچێکی عازەب و دوو کوڕی مێرمنداڵی هەبوو.

مێردەکەی، قاسم وەیخڕ، پیاوێکی پاروبڕێر و گووکوڵێنە بوو، بە کوردی: هەرزن لە دەستی نەدەوەری.

ئەگە خودا ڕۆژی دەکردەوە، ئەو کابرایە دەستی لە پاش قوونی دەنا و وەک میرغەزەب سەری کووچەی دەگرت. پیاوێکی ئاکابر بوو، بەڵان تاڵی و سوێری ڕۆژگاری نەچێشتبوو، هەر بە تەرخانی خواردبووی و بۆی لوابوو...دەتکوت کوڕە جحێڵەیە، تەزبێحی دەگێڕا و نارەناری دەهات. لۆی کراس و پاتۆڵی نەدەشکا، نەیدەهێشت تاقە چڵێک موو سەر دەربێنێ، هەمیشە شەش تیغ بوو. سیگاری وینستۆن بە لا لێوییەوە و ئەنگوستیلەی نەقیم سوور لە قامکدا، شای بە سیپان نەدەگرت.

قەت ئەو ژنەی خۆی لە ڕێگای دوو میتر کودەری نەگرت، قەت کەس نەیدی دوو میوان ڕوویان لە ماڵێ بکا، کەس نازدارە بێنازەکەی بە سوورا و سپیاوەوە نەدی. هەمیشە ڕبەیەکی فرمێسک بە چاوەوە بوو.

دەیگوت: " لە حەیبەت ئەو منداڵە بەستەزمانانە و لەبەر قسەوباس و توانج و تانەی خەڵک و عەیبەی دونیایە فزەم لێ نایە و وسکوت بووم دەنا قەت تاقە سەعاتێکی بەلاوە دانانیشم، تازە زیندان بێ و مەیدان بێ، سەبارەت بەوان دەیچێژم. جا ئەگەر دەیانگوت ئەورۆ بەهارە، ئەو ژنە لەگەڵ دوو سێ سەرکاریگەر دەچوو بۆ بژاری چەوەندەر و دەسکەنەی نۆک و نیسک و بەڵاڵووک و سێو ڕنین و پاییزێش بۆ ترێ ڕنین و گوڵەبەڕۆژە هەڵبڕین.

کابرای گۆڕینیش، ئێواران بە فێنکی لە ماڵێ دەهاتە دەر و هەتا زەردەی دەخست لە دووکانی وەستا عەلی دامەی دەکرد. لە قسان دامەکەری باشیش نەبوو و خێراخێرا دەیدۆڕاند و داخەکەی بەو ژنە و منداڵە دەڕشت.



سەرچاوە Serchawe

ئەو ڕۆژە وەک چەوەنـدەر سوور هەڵگەڕابـوو، بەبـن دیـوارەکەی مـاڵی عەبەمیـرزادا دەهـاتەوە بەرەو مـاڵێ، هەر دەیمشـاند و لەبەر خۆیەوە جنێوی دەدا و نووکە شەقی لە عەرز دەکوتا، دوو سێ جار هەڵەنگوت، وەختا بوو ملی بشکێ.

سەروبەندی هاتنەوەی نازدار بوو، دیار بوو تۆزێک وە درەنگی کەوتبوو.

کابرا لەبن دیوارەکە لە سیپەدا دانیشتبوو و خۆی مەڵاس دابوو هەتـا بزانـێ نـازدار لە مینیبووسـەکە دادەبەزێ یـان ماشێنی دیکە دەیهێنێتەوە.

ئیستێکی پێچوو، مینیبووسە شین، ڕایگرت و نازدار و خەجێی مـام سـاڵە و سێ کوڕ و پیـاوی دیکە یەکـی بە تـوورەکەیەوە دابەزین.

ناسک (خوشک و ئەوجاڕی نازدار بوو، یانی دوو خوشک، مێردیـان بە دوو بـرا کردبـوو) زوو هـات بەرەوپیـری دادی و گـوتی: "دادە گیـان، ئەوە بـۆ وا شـڵەژاوی؟ دادە بە قەرەواشـی ئەو کەوشـانەت بـم، ئـاوا مەچـۆوە ژووری، "قـاسـم" حەیـتەی بۆغـور، بەربینگت پێ دەگرێ و هەڵتدەپێچێ.

نازدار:" ناسک، هەر مەمبزێوە...ئەورۆ سەلاحە ڕەشی سەرکاریگەر، پاش چای قاوەڵتوون، بە بیانوویەک هێشـتمییەوە هەتـا فاعلەکان دوور کەوتنەوە، لەکن خەڵکەکە گوتی:

"ئەرێ خوشکە نازدار لەقسان کوێرەسەوادێکت هەیە، بەخێرای خۆت یاریدەی کاکت بدە ئەو حیساب و کیتـابەی لـێ تێکچـووە با سەری خۆی بخوێنێتەوە بزانێ مایەباش دێتەوە یان لە زەرەدە."

کەرێتی و گەمژەیی لە خۆم بوو، سوور سوور دەمزانی قەدەرێکی چاکە بۆن بە قوونمەوە دەکا، دەوەڵکوو دادەهـاتمەوە بەغـار خـۆی دەگەیـانـدمێ، چەنـد کەڕەتێـک تەقەلای کـرد، نەمهێشـت خـۆم لـێ بخشـێنێ و وەسـەر خـۆم نەهێنـا، ترسـام ڕووی بکرێتەوە...زۆر جار بە مۆنەوە چاوم لێ دەکرد، بەڵان بیستم گوتیان جووزی بە کچۆڵەکەی سەیدعارفەوە کردووە.

دەستی شکاوم، گزەی لێ کردم و خۆش خۆش بەقام پێ کرد و گوتی:

" حیسابی مانگێک بەو هەڵپەهەڵپ و پەلەپەلە ناکرێ، خۆ من سەرە تەقەی لێ دەر ناکەم، دەبێ بە شێنەیی بۆم لێک

دەیەوە، جارێ وەرە بچینە بن ئەو کەپرە با سەرت قاڵ نەبێ لەبەر ئەو سوورە تاوە."

هەر پێم لە بن کەپرەکە نا، خۆی پێ هەڵرووچکاندم و یەک تەخت لەسەر ئەو تەلیسە بەنە لە عەرزی دام، نرکە لە جەرگ و دڵمەوە هات، بە هەموو هێز و قەوەتی خۆی دمی گرتبووم و نێو سینگی دەمژتم و ئەوەتا وەک خمخمۆکەی ڕەشی لێ کردووە ئەو قوڕمساغە...

زاتم نەبوو هاوار بکەم، هەر ئەوەندەی یەک کەس بەحاڵ و دوو بەڵا، بۆنی کردبایە، تازە هەتا روحم لەسەر یەخەی کراسە، هەر دەیانکوت: "سەلاحە ڕەشیان لەسەر نازدار گرت."

دەستی بۆ دۆخینەکەی برد، بە هەموو کەیفی خۆم، جووت پێلاقەم بە سینگییەوە نا و لەگەڵ عەرزی جووتم کرد...جا وەرە نازدار تێی تەقێنە...هەر چۆنیک بوو بە هانکەهانک خۆم گەیاندەوە جەماعەت و ئیدی ئاگام لە مەعبوودی بێزەواڵ نەبوو(مەحموودی بێزەواد)...نە دەمزانی چ دەکەم، نە دەمزانی چ دەڵێم...

دەسبەجێ هاتەوە سەر کارەکە و لە دوو سێ کوڕی هەرزەکاری سریواند و لاتاوێکی پێدا دام:" نەمرم ئەو گەردنە کێلەت دەمژم" ئەلحانیش دەرگای بۆ کردمەوە و گوتی: "چاکم بۆ کەوتبووی، فیلمێکی عەلاحیدەم بۆ گرتووی، بۆت دەنێرم."

خوشکێ گیان، ڕوو لە کوێ کەم، بڵێی فیلمی گرتبێ؟ خۆ بێتوو وابێ، تازە بچمە سەر بەرماڵەکەی پێغەمبەر، نە دایکم بەقام پێ دەکا نە قاسم."

ناسک:" حەک ڕەببی زووخاوی ڕەش هەڵێنم دادە گیان، لە سایە سەری مێردی خوێڕی و کارنەکەرەوە، بۆ پارەو نانێک چیت بەسەر دێ و چۆن تەماحت تێ دەکەن و ئەو مل پانەش سەرووی ماڵێی لێ گرتووی و بۆتە دۆستی خوارێ و دوژمنی سەرت."
+خوشکێ گیان من زۆر ڕیخۆڵەدرێژم، زۆرم بەسەر هاتووە، تاقە ئەو جارەم بۆ گێڕاوییەتەوە، ئەوانی دی وەک مۆتە هەموو شەوێ سواری سەرم دەبن و دەست لە قوڕقوڕۆچکەم دەنێن.

کابرا وەک فیشەک دەرپەڕی، گرمشی نازدار بوو، بەڵان دیار بوو گوێی لە زۆربەی باس و خواسەکە نەببوو.

+ دایکی خێوت(...) ئەوە لە چ قاحبەگەرییەکی!؟

ئەوە وەختە دێیەوە ماڵێ؟ ئەو دایە خۆگێیە کێ بوو دەرگای ماشێنی بۆ کردییەوە؟ ئەو سرت و خورتەی لە چ بوو؟ لەمێژە دەڵێم تۆ کەینەوبەینەت هەیە.

ئەوەیە ئەگەر دەڵێن نابێ ژن بەری بەرەڵڵا کەی، ئەو موویە لە قاحبان هاتبێ ئەگەر دەردت دەرمان نەکەم، ئەوەتەی هەم نانی سەرشۆڕیم نەخواردووە، چما دێڵم پەل ببزێوێ!

هەر ئەوشۆ کەندرێکت لە مل دەکەم و شەرت و گومت دەکەم."

ناسک: " ئایاڕۆ کاک قاسم ئەوە تۆ بوویە ئەو پیاوە نێونیتکە لە دادم هەڵدەی و خۆی لەسەر ڕاوەشێنی؟ ئەویش دادم، لە ئاوی بەیانی پاکترە...

چاوی خۆت خوردەوە کە قاسم وەیخڕ، تۆ ڕێت ناکەوێ هەڕەشە و گوڕەشە بکەی، خۆت بە نۆ مانگای زاو نادەی و ژنە هەناسەساردەکەشت کەڕەی بەیانی لەگەڵ کەس و ناکەس ملی ڕێگا دەگرێ و ئەوەش دەراوی زارتە؟!...

خوشکی من، دەستی ئەو سێ منداڵەی کولە، دەنا کوا تۆ ئەو پیاوەی ژن بە دیارتەوە دانیشێ!! سەرباقی هەموو چاکە و ماندوو بوونەکانی، پێی دەڵێی"قاحبە و سۆزانی"؟! تف چ پیاوێکی...حەیا و نامووست سەگ بیخوا...بەز نییە جیرانەکان هەموو تۆش دەناسن و دادیشم دەناسن"

+ "تۆ دمت گرێ دە ناسکە دم چەپڵە، با لەغاوت نەکەم دایک چاک...ئەخە کچی ئەو دایکە نین! دایکتان نەک هەر گەڕەک، شارێکی پێ خەنی ببوو...

پووش وەسەر گووکارییەکانتان کەن و دیزە بە دەرخۆنەی پێ بکەن، ئێوە شانتان هەڵێدەگرێ، چاوسوورتان نییە و بە کەیفی خۆتان دەکەن...

شەرت بێ بە شەرتی خودا و ڕەسووڵان، قولاپەی لاقت بشکێنم و کەپۆت ببڕم جا ئەو جار گۆشاوگۆش سەرت دەبڕم نازدارە سوور... فێر بووی (...) دەدەی و خۆت دەکەیە مەڕی پێغەمبەر و دمی ناسک قەرەچیم تێ بەردەدەی!؟

نازدار: "کوڕە بەسە، کووچەیە، مەمکە سەرکۆنەی عالەمێ، ورد و درشتی ئەو گەڕەکەماڵە سەیرمان دەکا، با بچینەوە

وێرانبووەکەمان، جا لێکی دەر دەکەین. ئەو حاڵە بەو حاڵە ناشی.

ئەوە بە دایکم دەڵێی خراپ؟ ڕەببی نان و نمەکی دایکم بتگرێ و لەسەر دڵت ببێتە خەپەرە، لە خودام تەڵەبە هەمووی ببێتە کێم و زنچکاو و لە دم و چاو و گوێ و کونە لووتت بێتەوە دەرێ...

دایکی من بە ڕووسووری و شان بە شانی پیاوان کاسبی کرد، لە کیسەکێشی حەمامەوە بگرە هەتا دەستفرۆشی و مامڵەی مڵک و زەمین...

دایکم لە ترسی ژەهری دوو ناپیاوی وەک تۆ، کراس و پاتۆڵێکی هەڵدەکێشا لە چڵکدا وەک شەکیلەیان لێ دەهات، نەیدەوێرا ئاوێک بە سەریدا کا، ژنی ئاوائی ئەو، هەفتەی کەللارەیەکیان خەنە و ڕەنگ دەگرتەوە، دایکم هەموو پرچەکانی بە سپی دەهۆندەوە...هەر بۆ ئەوەی دوو بەڕەڵلای وەک تۆ پێی نەوەڕێ.

ئەو ماڵە زۆر و زەوەندەی بە ڕەنجی شان و پیلی خۆی پێکەوە ناوە، ئاخر ئەویش تووشی بە تووشی پیاوێکی تەرخانخۆری بەرسێبەرەوە ببوو وەک تۆ.

دایکم زۆر لە تۆ و لە هاوشانەکانی تۆ بەغیرەتتر بوو، چما سەتی وەک تۆ ناکەم بە قوربانی نێفەکی دەرپێ شڕەکانی دایکم! خودا بتکا بە نۆکەری، ئەگەر ئاوری جەرگ هەڵێنەدەگرت، دەبوو هەر شەوێ لە قوون دەرگایەک ڕۆژ بکەیەوە و هەر شڕەی لە جێیەک هەڵگریەوە...هەی سپڵەی پێنەزان، ئەوەتەی تۆ هەی دایکم بە دوو دەست بە گەرووتدا دەکا، ڕەببی دەردەدار و لەش بەبار بی چون ئەوە قسەتە."

جا هەر چونکە نێوی ئەو دایکە بێئەنوایەمت هێنا و پێیدا ڕشایەوە، شەرت و قەرار بێ، ئابڕووت بەرمە سەر چڵووکی داران هەی لە کەللە سەری ڕەسووی عوسمانە شێتت ڕیم بۆ نەوەی لێی کەوتەوە.

کابرا بۆی هات لە ژێڵلا، نازدار و ناسک خۆیان لە ماڵێ ڕۆ کردەوە و خەڵکیش کابرای گۆڕینیان بردەوە ماڵی خۆیان هەتا ئاهۆنی کەنەوە.

بانگی بەیانی، مینیبووسە شین بە سیگناڵ لێدان، چاوەڕێی نازدار بوو

کەچی نازدار هەر نەهات...

گوتیان: "ئەویش تێری خوارد و تازە فاعلەیی ناکا، با بڕۆین"...

ئێوارێ کە خەجێ و پیاوەکانی گەیاندەوە، یەکەم ڕۆژی مزگەوت و سەرەخۆشی نازدار تەواو ببوو. نازە بێنازەکە، دۆنێ شەوێ لەتاو ئابڕووی خۆی و لە ترسی زمانی خەڵکی بوختانچی و چاپچی، بە پشتێنە سپییە پەشمینەکەی بووکێنیی، خۆی هەڵواسیبوو.

۱۲ی جوونی ۲۰۱۹

# حومێـــڕا

## بەشی یەک

### (چیرۆکی ڕاستەقینە لە سێ بەشدا، بە هێندێ گۆڕانکارییەوە)

حومێڕا و یاقوب بە ویست و خواستی خۆیان و پاش دوو ساڵ نامە گۆڕینەوە و ژوانی کەلێن و قوژبنان،

چوونە ژێر میچێکەوە.

کارم بەوە نییە کە خەسووی چەندی خۆ لە دار و بەرد دا، چەندی هەڕەشە و گوڕەشە بۆ ناردەوە، چیها نوشتەی لێکرد، چەندە دەستەوداوێنی شێخ و مەلایان بوو، کەچی ئەوەی کردیان، هەر کردیان و یاقوب دەستبەردار نەبوو.

تکای خوێنێکی لە یاقوب کرد، زۆری لەبەر خوێند، بەرۆکی خۆی دادڕی، دوعا و نزای کرد، وەک خەڵاتەکەی برایماغا، ماشێنەکەی لێ ئەستاندەوە.

یاقوب کۆڵی نەدا و شێلگیرتر بوو، بە تاقی تەنێ، بێفێڵ و فەرەج و بە گیرفانی بەتاڵ و حەتاڵ، لە پێشخانەی ماڵی بابی حومێڕا چۆکی دادا، سینگی هێنا پێشێ و نەیهێشت تاقە چلەشەمچەیەکی ماڵی بابی، بەو لایەدا بێ و لەسەر تەفتەفانەکەی بەر ماڵان، داوەتێکی چاکی بۆ گێڕا.

پاش چەند مانگێک، خەزووری هۆی داوە و خانووبەرەیەکی چاکی لە نێوشاری بۆ کڕین و گەردنی خۆی پێ ئازا کردن و وردەوردە گیسکە لەڕە کوژراوە و پێی قەوم و خوێش کراوە...

بیستبوویەوە وەجیهای خەسووی نیولیرەی پەهلەویی بووکێنیی خۆی فرۆشتووە بۆ سەرقەڵەمانەی دوعای ڕەش و لە مستی مەلا کوێرەی کردووە...بە گوێیان هەڵێنابوو وەجیها چ داوێکی بۆ ناوەتەوە و گوتبوویان ئامان سەد ئامان نەهێڵی تخوونی نان و چێشت و ئاوی سەماوەرت کەوێ.



سەرچاوە Serchawe

لەقسان مەلا پێی گوتبوو: "نوشتەکە، مێو کە و دوو جار لە پەرداخێک ئاوی شیلەوگەرمی هەڵکێشە و پاشان ئاوەکەی بە جۆرێک دەرخوارد دە و ڕۆژی چوارشەممە، تەنگی شێوان بیبە قەبرستانی کۆن و لەبن سەری منداڵی نابالغی نێ."

داخی نەدەچوو، دەیگوت: پاش برینگەریی(عەمەل) منداڵدانی چەندەم خزمەت کرد و چەندەم پیسایی لەبەر گرت، بەرگەدە خاوێنکردنەوە و قامک بە کۆمدا کردنەکەم هەر ناچێ لەبیر... کچەکانی خۆی بێزیان نەدەهات قۆتراشەکەش بەدەستەوە بگرن، ئەیامێکی چاک قەبز بوو کەچی منی گەوج و بێئاوەز، ڕۆژێ دوو جارم بە قامک گوو پێ دەکرد، دەمگوت بەشکم لووتم پێدا بێنێ و قەڵسەم لێ نەگێڕێ و نێوچاوانم لێ گرژ نەکا و لەولاولا و پاشملە نێوی بابم نەهێنێ.

دەمزانی ڕۆژێک وەک ماری کەڕڕە پێمەوە دەدا و وام بە سەرەوە ناچێ...

پیس دۆڕابووم، دانیشتم، بە هەر دوو دەست لە ڕانی خۆم دا و زۆرم پەکوو پەکوو کرد، جا ئەوجار دەورێکی چاکم بۆ کەرەژنی و گەوجی و ساویلکەیی و دمچەوتیی خۆم هەڵگرت.

دوو سێ جار، جیفرکم لە خۆم دا، گوتم دەچمە دەستەی ئەو دەڵەدێوە و خەشی خۆمی پێ دەرێژم و ئەوی خراپە پێی دەکەم، کەچی دەستی خەزوورم کول بوو...چون بۆخۆی پیاوێکی وێچوو، بەخزمەت و ماقووڵ بوو. قەت لە گوڵێ کاڵتری پێ نەکوتم، زۆر جار هومایی دەکرِی، دەیگوت کڵاوێک بۆ خەزوورت بچنە، لەکن دۆست و برادەران دەڵێم دەستوکاری بووکەکەمە و خۆی پێوە ڕادەنێم.

دارێکم پێ بوو، هەر دوو سەری گواوی بوو، ئەخە زۆرم پیش بردەوە بەرە خۆم و سەبرێکم ڕاگرت و متەقم نەکرد چەند مانگی تێوەرسووڕا...

ڕۆژێک لە یاقوب بەشک بووم، سوور سوور دەمزانی بەینێکە خەریکی چییە و کەینەوبەینەی لەگەڵ کێ هەیە...بۆسەم بۆ ناوە و وەک مشک،کلکی پێوە بوو.

ئەوجار شەڕ گەیشتە قۆپی و هەر دەهات و خەستتر دەبۆوە، یاقوب حاشای لێ نەکرد و گوتی مەیلم چۆتە سەری و تۆش سەرپشک بە، یان دانیشە و هەوێساری قەبووڵ کە یان چیت دەکەوێ، دەتدەمێ و...

هەتا دەست دەیگرت و شان شل دەبوو، مستێکم لەبەر دمی دا، ئەویش دەستی کردەوە و بە تەقڵەکوت ماڵی خەزوورم هەموو

تێوەگلان و هەر کەسەو لەقەدەر خۆی، ترش و خوێی لێدا و خۆی تەکاند و کشاوە.

خەسووم، گەزارەی کێشابوو، بزەبزێکی بوو نەبێتەوە، داوێنی کراسی بەلادا دا و لەچکەی توندوتۆڵ لە پشتە ملی گرێ دا و هەر دووک دەستی لە کەلەکەی نا و جا بەرامبەرم ڕاوەستا:

ئایارۆ حومە ڕەش، ئەوە لەبیرت چۆتەوە، تکا لە تکاکار برا، هێندەی خەڵکمان لێ ڕاسپێری؟! کووچە و کۆڵانی وڵات نەما تۆ ماچت لێ نەدابێ، بەزازی ئەو شارە نەما تۆ پێی قەرزدار نەبی، ژنی ئەو ناوەناوە نەما دەلاڵی بۆ تۆ نەکردبێ، هەتا خۆت بەسەر کوێرەکەی کوڕمدا بڕی...ئەی بۆ ئەودەم ئاوا دەنگ دللێر نەبووی؟ شەرمەگێلاخەت دەکرد؟

بەرخم تۆ شەش ساڵە بووکی منی، هێشتا نەمدیوە جووتە گۆرەوییەک بۆ ئەو مێردەت بشۆی، ئێستاش نازانی دوو میوان بەخێرهاتن کەی و بە ڕووسووری بەڕێی کەی، ئەلحانیش نازانی چۆن لەگەڵ مێردەکەت جووت بی، ئەوەنێ کۆشت چەند پڕە!

کوڕی من دەتگوت کاکە مەمی ڕۆمێیە، تاقە تاڵێکی ڕەشت بۆ دەرمان بە سەرییەوە نەهێشت، هێندەت گوت "دایکت وای کرد، خوشکت وا ڕۆیشت"...

هەی لینگ دارەلۆتی! لە سایە سەری تۆوە، جێژناوجێژن کوڕەکەمان دەبینین، تەرخی خوشک و برات پێ کرد، لە ماڵە بابەکەشیت کردووە.

یاقوب دەتگوت سەنگی محەکە، ئەها شەش دانە ساڵی ڕەبەقە دزی و گوێبڕی دونیا نەما بۆت نەکا.

ڕۆژەکە بیستم بەربووکت نەبووە و پەڕۆی ڕووسپێتیت کەس نەیدیوە، زوو زمانی خۆم گەزت، بەڵام ئاخ هەتیوەکەی خۆم خوێڕی بوو و ئاوری کردبۆوە. ئێستاش خۆ شەریک و برابەشمان نی، مارەییەکەت نۆزدە مسقاڵ زێڕە، کچی بابی خۆم نەبم ئەگەر ئەوڕۆ بۆت نەکرم. ئیدی هەتیوەکەم مەخەسێنە و دەغزداری مەکە، شەرت بێ بە شەرتی خودا و ڕەسووڵان، گەردنکێلێکی چاوبەڵەکی بۆ بێنم، خەڵک دەستەدەستە بێنە سەیری. ئێ! ڕەنگە پێت وابێ کوڕی من پەکی بە تۆ کەوتووە، لینگ تووزەلە(دووزەلە)!

خەزوورم: کچێ تۆ من بە پیاو نازانی، شەرمێک شکۆیەک لەو بووک و زاوایانە بکە...باشە ئەوە بۆ من ئەوەندە پیاو

نەبووم و جەنگای چەند ساڵە دەستم لە دەستی تۆ نەبۆوە، خۆ منیش ماڵێکی زۆر و زەوەندم هەیە، مارەییەکەی تۆش هەر بیست و پێنج سەر مەڕە...

هەی بابی خێوت(...) بۆ ڕێ و شوێن و قسەی لە گوێی منداڵی خۆتی دەئاخنی، چاکە!

بە لەشی ناخێرمان دوو کچی خەڵکمان لەپاڵ دایە و دوو زاوات گوێدێرن، جلەوت نەگیرێ، ناهێڵی تاقێکیان دانیشن، دە بەسە هەموو وەزاڵە هاتووین لەدەست تۆ، تێکڕا وەرهەمی ڕەشمان هەڵێناوە.

+ مامە گیان، لەسەر من خۆت پیاوخراپ مەکە، من بەو کراسەی بەرم لەو ماڵە دەچمە دەرێ و لە خێر و بیرتان دەردەچم، دەست لە مارەیی و دۆدوی بۆدیش دەشۆمەوە، تازە پشتی دەستی خۆم داغ دەکەم لە خۆشویستن...بەڵان هەتا بە روح زیندوو بم، قەرەواشی ئەو کەوشانەی تۆم و چاکە و پیاوەتیتم هەر لەچاو دایە.

یاقوب: ئەو بەر و بوخچەیەت بۆ ماڵی بابت تێک ناوە؟ دەچییەوە دەبێ هەفتەی حەوت ژەم مەزراویلکە و شۆرباوهێلکە بخۆی، جارێش دەبێ بە مارەوتەڵاقی منەوە بتلێیەوە.

+ سێودووت لەگەڵ ناکەم، تۆ عیشق لە کەلـلەی داوی و دڵت گەرم داهاتووە، ئەلحان من وەک دێوەزمە وام لەبەر چاوت، بەڵام جوان گوێ شل کە یاقوب، من بەو مەزراویکە و شۆرباوە گەورە بووم، بۆیە مەچەکم دەتکوت ئی پاڵەوانە، زرمەی پێم ئەو ماڵەی دەلەراندەوە، گوللەم بەدەست دەگرتەوە، کاری ژن و پیاوم دەکرد هێشتا دەتگوت خۆری سەرکەڵم. تۆ نەبووی بە بەژن و باڵاتدا هەڵدەگوتم!؟ ئێستاش قسەکانت لە گوێمدا دەزرینگێنەوە، هەر هاتم لەو بەقورێگیراوەوە، وەک بەزی سەر مەنجەڵ توامەوە و هەڵقرچام.

تۆش تەڵاقم دەدەی یان نا، چ گونی خاڵم پێی ناچێ. خۆ دڵ گۆشتی سەر چەپەر نییە، تازە حاشاوەلیللا لە دڵداری.

٢١ی جووڵای ٢٠١٩

# حومێــــڕا

## بەشی دووهەم

ئەو ڕۆژە، گورجێکی، ساکێکم شڕەوبڕە تێک نا و ئەڵقەی دەزگیرانی و سێ چەکە پووڵ و دوو سێ کلیلی ژەنگاویم لەسەر تاقەی وەتاخێ بەجێهێشت و بە کۆڵێک ڕەنجەڕۆیی و کوڵوکەسەر و دوو چاوی تەڕ و قالبێکی شەکەت، وەختێ ئارەقە لە بەری پێم دەڕژا و لاقم لەدوو نەدەهات، لە نێو گۆڵگەشە و هاتوهاواری ماڵی خەزوورمدا، بەرەو کارێژی سەیفالی وەڕێ کەوتم. لەو کۆلانانە، بە بانگ و سەلا دەگریام و زۆر جار لاقم دەفیزا. گەیشتمە کن ماشێنەکان و شوناس و ناسیاوم لێ پەیدا بوو...هەرکەس تووشم دەبوو دەیگوت: حومێڕا ئەوە بۆ وا پەشۆکاوی، ناکا موو لە زمانمان بێ، دایە حولەیما شتێکی لێ هاتبێ!

ئەی ئەوە میرزا یاقوب کوا؟ ئەو بەروبوخچەیە چییە؟ ناکا تۆرابێتی؟ "سەلیم"ە کوردە گوتی:

"هەی لە کاکی خۆت نەکەوێ هەی، تێکچوونێ لەگەڵ یارێ، ئاشتبوونەوەی زۆر خۆشە. مەگری، خۆ کاکی خۆت نەمردووە، وەڵڵا بزانین پەل ببزێوێ، ئەلێرە ئەتکی دەکەین. ڕەنگە پێی وابێ چاوسوورت نییە، دەتوانێ بە کەیفی خۆی ڕایدا؟".

نیو سەعاتی نەگرت گەیشتمەوە ماڵێ، ڕەببی لالاییم دایە بۆ دایکی هەناسەساردم، مەنجەڵێکی زنجیرداری لەسەر ماتۆڕی وەسەر نابوو، خێراخێرا ناسووسی لێ دەدا و ڕووبەکەی هاتبووە نیزیک دەرچوون.

هەر سەری هەڵێنا، دەستی لە ناسووس بەردا و توند لە باوەشی گرتم و گوتی: "ئەوە بەروبوخچەت هێناوەتەوە حومێڕا؟ ماڵی باب، ڕووگەی منداڵە،لە کچ و لە کوڕ...بەخێرێیەوە، هەر کچەکەی جارانی، ئەمان خۆزگە کوێر بایەم و تۆم ئاوا لێوبەبار و چاوبەفرمێسک نەدیتبایە. چەند بێکەسین ڕۆڵە! بۆیە دەڵێن بەختی دایکان، گیازی/جیازی کچانە. لێت بەزیاد نەبێ خودایە بۆ بەشت.

باشە بۆ دەبێ بەختمان بە بەختی ئیستیفا کەلوکۆمیش نەبێ!؟ دەترێ و دەڵێ شازدەی مانگە.

ئەورۆ بەیانی، حانێکی چووم تفاق لەبەر ماڵاتی کەم، تەمەشا دەکەم گوێلکێک و مەڕەزاوێکم مردوون. لە تاوانیان لەسەر دونیایە نیم، ئەو زەرەدەشم هاتە سەر، کاکم هەردووکیانم پێ دەبژێرێ."

+ سێ مانگەی پاییزێ دانیشتم، عەبدێک نەهات بڵێ قوونت چەند جەواڵ کا دەبا. چاوەڕێ بوون بۆخۆم شکایەت بکەم. دایکیشم دەیگوت:

چوارخاڵم بکێشن نابێ لینگ لە دادگا نێی. لەسەر دەستی دوو کەیخودا و مەلایەک تەڵاقی لێ بستێنە و هەستە حەوا."

دەروجیران لەگەڵ خۆیان دام و لە نیزیک ڕەزایە، سێوی "باوەڕێن"مان بۆ کارخانەکان کۆدەکردەوە و نیوە نەغد و نیوە قەرز، چەند سەرم مەڕی پاییزەزێ بۆ دایکم کڕییەوە، ئیدی ئەوجار لەبن تڕ و منەتی ماڵی خاڵم هاتە دەرێ. ڕزقی خۆمانی دەگرت و پەسمەندەکەی دەبردە مەیدانی ماستی/بۆکان و دەیفرۆشت.

بە تەواوی مەیلی یاقوبم نابوو، دایکم تاقە جارێکی بەچاودا نەدامەوە و ڕووی لێ گرژ نەکردم، ئەننەهوو دەتگوت قەت مێردیشم نەکردووە. دەروجیرانیش بە قوونی دڕاویانەوە، نە پلاریان تێگرتم و نە پێمەوە ماندوو بوون و نە چڵکیان شوشتم.

دوو سێ دۆج/گاز( کۆمپرێس ماشێنی بارهەڵگری قەدیمی) کاریان بۆ دەکردم، سەرەندی گەورەم دەبردە ئیشکەڕۆکەی بەرماڵان و شەوی دەما دەستم دەکرد بە خیز دابێژتن...خیزێکی چاکم لێ فرۆشت، لەولاشەوە، هەشت هێکتار زەویی دێمم بە دەودوو هەڵگرتبۆوە و پاییزێ بە نۆکە سپیلکە دامچاندبوو... ڕۆژێ خۆی گەورەکچ و کوڕەجحێڵەی کانیتۆمار و نۆباریشم قاو دا و بە هەرەوەز تەقەمان لێ هەستاند.

ساڵ و نیوێکی تێوەرسووڕاوە، یاقوب ژنێکی لەسەر دوو منداڵان هەڵپچڕیبوو، لە بێنەوبەرەی ژنخواستندا بوو، دوو پیاوی لێ ڕاسپاردبووم هەتا بە پووڵێکی کەم چاوم ببەستێ و تەڵاقم دا. منیش لێی هەستامە سەر پاشوو و داوای نەفەقەی ئەو ١٨ مانگەشم کرد و زوێر و ناقایل، ڕاسپاردەم بەڕێ کردەوە.

ئەو باس و خواسە دە ڕۆژێکی خایاند، لەو ماعبەینەدا کابرایەکی چاکیان پێ ناساندم، لە ئورووپا دەژیا و شاش و واش یۆرۆی بۆ خزم و کەس دەناردەوە، هەموو پێی خەنی ببوون.

کابرای گۆڕین ژمارەی بۆ ناردبووم و گوتبووی ئاوی بە دەستەوەیە داینێ و قسەم لەگەڵ بکا"..

دەزبەجێ زەنگم بۆ لێدا و پاش من خۆش و تۆ خۆش، کابرا دەستی کرد بە پێداهەڵگوتن و بۆم بوو بە شایەر و ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە. دەیگوت: "دەڵێی ئەسپی خۆشبەزی، بەقوربانی ئەو دایکە بم مەمکی لە زارت ناوە، دەستی شکاوم چەند درەنگم تۆ ناسی!"

چوومە بەر ئاوێنەکەی دیوی دایکم و چاوێکم لە بەژن و باڵا و قەڵافەتی خۆم کرد، گوتم ئەی بۆ خەسووم پێی دەگوتم:" ریقنەی، مارمژیوی ریوەڵە!!"

خەسووە بێچاوڕووەکەم، چاوی پێم هەڵنەدەهات و وەک دەڵێن کەسێک ڕقی لە کەسێک بێ، خەونی گولی پێوە دەبینێ.

هەموو ڕۆژێ هەتا شەویلکەمان شلشل دەبوو، قسەمان دەکرد و کامێرامان دەکردەوە و گوڵ و جەرگ و دڵ و هەناومان بۆ یەک دەنارد.

پاش دە ڕۆژەکە، زەنگم بۆ خەزوورم لێدا، گوتم من سازم. کوێ دەڵێن دێمە ئەوێ و دوو قڕانێکی سووتاوم لێتان ناوێ. هیچمان لە هیچ.

دڵم گەرم داهاتبوو، خۆم لە شەقامەکانی ئۆسلۆدا دەدیتەوە. جا ئەوە تەنگەی شێوانە و دەستم لە دەستی ئەسعەد دایە و نەرمنەرم شەقاو هەڵدێنینەوە و جاروبارە سەرم بە نازەوە لەسەر شانەکانی دادەنێم و ئەویش قژەکانم لادەدا و لاجەیانگم ماچ دەکا.

دایکم گوتی: "

ڕۆڵە دونیایە، ئەوە من نەمام، دوژمن بە خۆت خۆش نەکەی، تۆ سێحەب سۆرەوتۆرەی، چاوت لەو نەبێ ژنی هێناوەتەوە، بچی ملی خۆت لە چەقۆ هەڵسووی و تۆرەمە سەگێکی وەک یاقوب گیان، لەسەر خۆت بکەیە ماڵ."

گوتم:

"دایە گیان، کەسێکی وا هەیە، قەولی داوە، هەر دووکمان دەبا بۆ خاریج، دەڵێ دایکت بۆ کێ بەجێ دێڵی...نانێکم بێ لەگەڵ دایکت دەیخۆم و کەسێک شیری پاکی خواردبێ، قەت بۆ تاقە سەعاتێک فەرقی دایکی و خەسووی ناکا."

- بەو خودایەی شادەم پێ هێناوە، بەقام بە یەک پیاو نییە. گووی سەگ بە ڕیشی ئەوی چاکەکەیان، بزانم کێهایان دەگرێتەوە، من تازە عومری پیرەمەرێکم ماوە، چم لە غەریبایەتی و نێو ئەو ڕووت و قووتانە داوە!! هەر زەلیل نەبم و خودا ئیمانم داتێ، هیچم ناوێ".

نان و ئاوم لێ حەرام ببوو، گنجم لە خۆم بڕیبوو هێندەی خۆ بەقوربان ئەسعەد کەم.

پاش دوو مانگ، بە دەستی پڕەوە هاتەوە کوردستان و خۆم تیفتیفە دا و چوومە ژوانێ. دایکم نەیزانی دەنا تۆخماخی سەری دەکردم.

گوتی:

"وەرە مەهاباد، لەوێ کەس نامناسێ."

لە باغی میکاییل یەکترمان دیت، دەتگوت خودا خەنی کردووم.

گوتی:

" دەبێ سەبارەت بە کاروباری کەیسەکەت قسە بکەین و ڤیدیۆیەک زەفت کەین، چون دەوڵەتی نۆروێژ داوامان لێ دەکا، با زوو کارەکانت جێبەجێ بێ و منیش لەو سەڵتی و ڕەبەنییە بێمە دەرێ".

منیش هەستام وەک مەڕ وەپێشی کەوتم و چووینە ماڵێکی خۆش و بەرفەریحەوە. کوڕێکی بالابەرزیش لەوێ بوو. هەر پێم لە ژووری نا، خۆی ڕووت کردەوە و دەستی بۆ مانتۆ و لەچکەکەم هێنا.

گوتم:

"کەنگێ قەراری ئەوەمان بوو؟ تۆ کڵاوت لەسەر نام، ئەو نێرەکەرە کێیە لێرە؟"

گوتی:

"بۆ کەیسەکەت پێویستە، کەیفی خۆتە، وادیارە لێم پەشیمان بوویەوە، دەزانم جوانچاک نیم و تۆ بەسەر منەوەی، چ بکەم وەستا کەریم نەیدا."

بەو قسانە دڵم نەرم بوو، چووینە وەتاخەکە و بە کەیفی ئەو ڕووت بوومەوە و بە دڵی خۆی لەگەڵ کردم و کوڕەش دووربینەکەی دامەزراند و ڕۆیشتە دەرێ.

پاش چەند خولەک وەخۆ هاتمەوە، سەرم هەڵنەدەهات، بەدم خۆکۆکردنەوەوە: "دایکم بزانێ روح بۆ کوێ بەرم! دەستەوبەجێ سەکتە دەکا. ئەی لە خۆم خەجاڵەتێ، ئەوە چم کرد!"

ئەسعەد توند لە باوەشی گرتم و گوتی: "ئەگەر تۆم نەبا بۆ ڕازی ژیانم

چ کەسێک دەبوو بە بەردەنیانم"

بەو جۆرە دیسان هیوا چەقەرەی داوە.

هەر ڕۆژئاڕۆژێک بە بیانووی دوکتور و ماڵی ڕەفیق و تاناکۆڕا، دەچوومە مەهاباد و بە لاقی خۆم دەچوومە باوەشییەوە.

٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

# حومێـــڕا

## بەشی کۆتایی

پاش بیست ڕۆژ گەڕاوە ئورووپا و منیش ئەوە سوێم دێتەوە بۆی. دونیام لێ ببووە چەرمی چۆلەکە.

دەستم بۆ هیچ نەدەچوو، زوو زیز دەبووم، بیانووم دەگرت، چاوم بەسەر مۆبایلە ڕەشدا داچەقاندبوو.

خەزوورم لێی ڕاسپاردبووم و گوتبووی دەمهەوێ سەد میتری زەوی لە بەرامبەر شیرکەتی نەوتی عەولاغا بەنێو بکەم، ویژدانم ناحەسێتەوە ئەو کچە بە جلی بەریەوە لەو ماڵە چۆ دەرێ و دەستی لە هەموو شتێک شۆردەوە.

پرسوڕام بە ئەسعەد کرد، گوتی:

"یەک و دووی لێ نەکەی، بەغار سجیل و کارتەکەت بەرە با بە نێوت کا، قاحبەباب کەمی هەیە!"

خاکەکەم بەنێو کرا و قەباڵەم لە تەنگەی باغەڵم نا و هاتمەوە.

ماشێنێکی چاکیشم بە ڕەنجی شان و پیلم کڕیبوو، شایی دونیام پێی بوو... جاروبارە دایکە خۆشی‌نەدیوەکەم سوار دەکرد و گۆرانی مامڵێ و حەسەن‌زیرەکم بۆ دەخستە سەر و دایکم سەری بۆ دەلەقاندن. دیار بوو دەیگوت ئەوە منم، لەژێر سێبەری کچۆڵە بەدبەخت و بنەڕەشەکەم حەساومەتەوە!؟

چ حەفتەی پێ نەچوو، کوڕێک نامەی نارد و گوتی: فیلمی نیزیکی تۆ و کابرایەکمان پێیە، چی لێ بکەین؟ بڵاوی کەینەوە یان بێدەنگانەکەمان بۆ لەو ژمارە حەسێبە دەکەی؟

تەمێک بەرچاوی داگرتم، هەچەندی لە ئاوێنە باڵانوێنەکەدا لە خۆم ڕوانی، ژنێکی زرت و زەلامی بیرکۆڵ و مێشکی کەرخواردووی مارانگەستەم بەدی دەکرد کە بە گۆترەکاری و بیرچەوتی، عومرێکە ئاسنی سارد دەکوتێ و ناگا بە مراد.

حەک ڕەببی سێبەندەی پشتم شکێ و ڕاست نەبمەوە، خۆ من دەمگوت تازە ببڕە و ببڕەوە، ئاو بمبا، ناچمە سەر پردی نامەرد...جا زیندەخەوەکانم دەستیان پێ کرد. زاتم نەبوو بە ئەسعەد بڵێم چۆن لە یەکەم ڕۆژەوە بە زینەوە لێم هاتۆتە پێشێ و چۆن قولاپەی گرتووم و بە دەمەوە لە عەرزی داوم. سەد کێچ لە کەوڵم کەوتبوو. نامەم نارد بۆ کابرا و گوتم: من ئەوە خۆم دەخنکێنم، جا تۆش چ لەو فیلمە دەکەی ئیختیار بە خۆتە. دایکم لە حەسارێ خەریکی شیلاوک خاوێن کردنەوە بوو، ئەو تاوە دایهێزاندبوو...سووکێکی، بەبێ هەست و خوست چوومە دەرێ...ڕووم لە چۆڵگەیەک کرد، پەپوو لێی نەدەخوێند. تاقە دارێکی بە پەل و پۆی لێبوو، کەندرێکم لە دار گوێزەکە هاڵاند و قوڵفەم کرد و گوتم: "دایە گیان، سەرم هەڵنایە لە حاندت، با لەوە زیاتر ئابڕووت نەچێ، هیچ ڕێی دیکەم شک نەدەبرد."

چاوەکانم قووچاند و گوریسم لە مل کرد و خۆم هەڵاوەسی(هەڵئاوەسی)، ویرەی بەردێک لەبن گوێم هات...

حاجی عەلی چێودار بوو، لەقسان دوور و نیزیک هەڵێنابووم و...

باوەشی بە نێوقەدم داکرد و فڕێی دامە عەرزی و دوو تفی لە ڕووم کرد و گوتی:

"هەی جەرگت هەلاهەلا بێ ڕۆڵە، چۆنت ئەمەگی ئەو پیرەدایکەت داوە. بە بۆنەی تۆوە دڵمان بە کچەکانمان خۆش بوو، دەمانگوت کاری حەوت کوڕ بۆ دایکی دەکا و تێی هەڵێناوەتەوە. پەحا بە حاستەم و دووبەڵا هەناسەت مابوو".

خۆم لەو خۆڵە دەگەوزاند و سەرم بە ئانیسکەوە هەڵدەقەندرا.

حاجی، کەشیدەکەی داکەند و سەروگوێلاکی بۆ سڕیمەوە و گوتی: "لێت ناکەمە زۆرەملێ، ئەگەر ئەو گرییە بە مامی خۆت دەکرێتەوە، دریغی مەکە با تەگبیرێکی لێ بکەین، بەو کابەتوڵڵایەی زیارەتم کردووە، مەگەر گڵ لێم ببیستێ، تۆش یەکێکی وەک ئاڵتوون و خاتوون."

دیتم ئەو حاڵە بەو حاڵە ناشێ، گوتم:

"مامە حاجی لەخۆم خەجاڵەتێ، ڕووزەرد و سەرشۆڕ خۆم".

جا ئەوجار سفرەی دڵم هەڵڕشت.

حاجی کرووشمەی کردبوو و تێمابوو چ بڵێ.

هەر ئەوەندەی گوت:

" باشە دێڵە سەگ تۆ تۆپیبای، کێ گونی بۆ لە خمی دەدای؟ ها؟ کێ؟

لەگەڵ کابرا جووت بووی و کامێرای تێگرتووی، ئەویش نە جارێک و نە دوو جار. ئەخە بە خشەخشەکەی نەتزانی مارە، بە مشەمشەکەی نەتزانی!!!

تازە لەپاش چووان نەچین باشە، دەبێ بیکەیە تەجرەبە و دونیا قوونەکەو کەی... کچم! هەڵە و لەبیرچوون جاروبارێکە، دەڵێن هەر عەقڵەی لە خەسارێکە.

هەستە خۆت بتەکێنە با بچینەوە نێودێ.

ئەو ژمارەیەش بدە بە مامی خۆت، دەیدەم بە کوڕەکانی ئەودیو...ئەوان چارەی دەکەن و ئاوای بەسەرەوە ناچن."

چوومەوە ماڵێ، دایکم هەر لەبەر شێرەکە خەریکی سەروپێ خاوێنکردنەوە بوو.

گوتی:

"کچم ئەو تەلەیفوونەت دینی خۆی گا، نازانم کێیە، پەیتاپەیتا زەنگ لێدەدا...ون بووی، هەر نەمای!"

دیتم ئەسعەد سەد زەنگی لێداوە و نامەی ناردووە:

" تۆ ژنێکی سووک و چرووکی و چۆن خێرا بۆ منت داکەند، ئاواش بۆ خەڵکی دادەکەنی. بۆیە دەمهەوێ هەرچی زووتر لە ملی خۆمت کەمەوە. خێزانم پێی زانیوە و شکایەتی لێ کردووم، ئێستاش جەریمەیەکی چاکی دەوڵەتم بۆ هاتۆتەوە، هەمووی لە چاوی تۆ دەزانم و دەبێ نیوەی زیادی ئەو پارەیەم لەگەڵ بدەی، دەنا فیلمەکە دەنێرم بۆ ئەوانەی بڤەن و نابێ بیبینن. هێشتا نەڕێسرابوو، نەپێچرابوو، تۆ باسی شایی و لۆغان و هەڵەکە سەمات دەکرد. کۆڵەوەژ خانم، خۆت بخورێنە، خۆ تۆ

زۆر ئەبلەخەرج بووی! زەمین و ماشێن و زێڕ و... چیت هەیە تا پازدەی سەرماوەز سازی کە، ئامۆزاکەم دەنێرم، بیدە دەستی."

لەگەڵ مامە حاجی قسەم کردەوە و نامەکانم نیشان دا... حاجی گوتی:

"کچم، گوێت نەبزوێ، ئەو پیاوە نییە. بزانە چۆن دەیخەسێنن."

کابرا کاری هەڵخەڵەتاندنی ژنانی دەوڵەمەند بوو، زۆر کەسی لە نەغەدە و شنۆ و پیرانشار بەو دەردە بردبوو... کوڕەکان، خەساندیان، بەڵام زۆر حەستەمە جارێکی دی بەڤا بە پیاو بکەمەوە...چون نازانم "شەنگەبی"م یان"کۆڵەوەژ"....

۱۰ی ئاگۆستی ۲۰۱۹

## جێژوان

کاک ڕەشید، پیرێکی تەڕپۆش و جوانچاک بوو، شەستی ڕەت کردبوو، بەڵان تازە چڵەچڵە ڕدێنی سپی تێ کەوتبوو...

چەند وێنەی لە ژووریٚ هەڵواسرابوو بە دەراغ و زەنگاڵ و کڵاوی مەرەزەوە، دەتگوت قەیسەری ڕۆمە.

چوار برا و تاقە خوشکێک بوون. زەوی و زارێکی چاکیان لە بەشی فەیزوڵڵابەگی هەبوو. بابیان لێی کردبوونە لکی بەرچاو و بە سەنیری خۆی لێی بەش نەکردبوون. سێ برا، بەشی خۆیان بڕ دابوو و خوشکەیان هەڵواردبوو. "شەمێ"ی بەشخوار، لەبەر قسە و قسەڵۆکی خەڵکی بێدەنگەی لێ هێنابوو. هەڵبەت بەشی شەمێ لای کاک ڕەشید بوو...

هەتا وای لێهات، ژنەی بەلەنگاز، نەخۆش کەوت جا کەوتە خۆ...

خزم نەما وە حەفسی هەراسی نەهێنێ، ماڵی کەیخودا و ڕدێن سپی نەما خۆی تێ نەهاوێ و دەرک و لاشیپانی دادگا نەما خۆی تێهەڵنەسوێ.

ئەوەی هەیبوو و نەیبوو لە مستی وەکیلی کرد و هیچیشی بۆ نەچووە سەرێ، گۆیا ساڵێکی لە مەجلیسێ گوتبووی:

"کاکە گیان، گەردنت خۆش و ئازا بێ، من ماڵی بابی خۆم بۆ مێردی قاحبەباب نابەم، پیاو ڕێی بەقایە نییە، منداڵیش چاویان بچێتە پشتی سەریان، چیلکە شەمچەیەکی ماڵی تۆ بە ماڵمدا نایە"

چەند کەس شایەتیان دا و گوتیان: "ئەشهەدوبیللا خات شەمێ ئەوە قسەت بوو و بەشەکەی خۆت بە ڕەشیدخان بەخشی، ئێستاش کرووزە کرووز مەگرەوە و قوون دە سەر بەڕڕەی خۆت".

هێندەی پێ نەچوو شەمێ سەکتە لێیدا و ئەو مێردە قاحبەبابە، وەک پەپوولە بە دەوریدا دەهات و وەک منداڵ دەیلاواندەوە، گەرچی پاش چەند مانگ ئێش و جەزرەبە، کۆچی کرد.

چەند ساڵ پاش مەرگی خات شەمێ، یانی ساڵەکانی کۆتایی دەیەی هەفتای هەتاوی، ڕەشیدخان بۆ جووت و زەوی کێڵان چووبۆوە لادێ.

لەوێ بە یادی جوانی و لاوی و خۆشییەکانی ڕابردوو، بە دیتنی جێژوانە بەتاڵ و ڕووخاو و ڕۆچووەکان، ژوانێکی سەرپێیی لەگەڵ ژنێکی تیشکەڵەی بەمێرد پێک هێنابوو...

جا ئیدی خۆی و نێوچاوانی خۆی، شۆفیری تەڕاختۆنەکە گەرماوگەرم لە کەلاوە کۆنەکەی پشت تەپۆڵکەکە بە سەریاندا چووبوو و لێی لە هەڵڵا دابوون... خاڵەی بەستەزمان، بێ ئەوەی گرێی دۆخینی کرابێتەوە، ژنەیان بە سەردا بڕی و کابرای مێردی حاشای لێکرد و لەسەر تەپاڵەیەکی تەڕ بۆی سێ تەلاقە کرد.

هەواڵ گەیشتە بۆکان، "سەیزادە سەبری" خێزانی دوو ڕۆژ دەبوو لەگەڵ پۆلێک لە ژنانی گەڕەک بە مینیبووسێک چووبوو بۆ وەیسەلقەرەنی.

کابرای گۆڕین، سۆیبە و شەکەمەڕێکی بە سواری لەندەوێرێکی شین، هێناوە بۆکان و خەڵکیش خودا نەکا بۆسە بۆ کەسێک بنێنەوە، هەموو چاو و دمیان داقڵیشاندبوو و لۆمە و سەرکۆنەی ژنەیان دەکرد و پێیان وابوو تازە کابرا هیچی پێ نەماوە و ژنە کەوتۆتە هەواری خاڵی.

کابراش جوان دیار بوو لە پتەی دەرچووبوو و قەت ئەوە ڕۆژەکە نەبوو چاوەڕوانی دەکرد، بۆیە لە حاند بووک و زاوا و منداڵ و دەروجیران، سەری خەجاڵەتی داخستبوو و چین چین ئارەقەی دەڕشت.

وەڵحاسڵ، خۆی کرد بە قومارکەری منداڵەورکە و بە یەکجاری کەوتە تەنگەژە و تەنگانەوە و بوو بە قوربانیی ڕقەبەرایەتیی سۆیبە و سەیزادە سەبری.

سەیزادە کاتێ گەڕاوە، خەڵک چینێکی خەو کردبوو، ئەوانە نەبی وا چاوەڕێی دایکیان بوون.

من و سارای کاک مەولوود بە هەڵەداوان بەرەو پیری چووین:

سەیزادەی قوڕبەسەر، مێردەکەت ژنی هێناوە، ئەوە لە ژوورێیە.

+حەک ڕەببی موو لە سەری زمانتان بێ، ڕەببی پێستی سەرتان بە نەعلەت بێ چ کچێکن، ئایاڕۆ لەبەر کچەتیو مچەتیوی ئێستا، قەت ئاگاتان لێیە، چەندە دەزانن! ڕۆڵە خۆ من ئاواڵی ئێوە نیم، من بۆ دێننە ڕێزەی خۆتان!

من: "بە گیانی بابم، بەو مزگەوتە درۆ ناکەم، نێویشی سۆیبەیە، خەڵکی دێی خۆتانە".

دایکی سارا: "سارا، پێچکەت بە(...) دایکم هەتا دێیەوە، شەرت بێ بە شەرتی خودا و ڕەسووڵان، لێدانەکەی ئەوی ڕۆژێت نان و ڕۆن بێ. باشە ئەلحان بۆ پێشت بەو ژنە ماندوو شەکەتە گرتووە، لینگ تەشی"!

سارا: "جا من بۆ؟ دایە بە سەری خاڵە حەیزم، لەیلا بەتەنێ قسەکەی کرد".

منداڵ و بووکەکانی دەستەملانی بوون و گەلێک بە شان و پیلیدا گریان، کابراش هاتە دەرێ، شانەکانی وێک هێنابوو، کۆخەکۆخی ساز کردبوو، یانی ها کەلکی قوونم کەوتووە و ڕێی نیگەرانی نییە.

سەیزادە: "ڕەشید، هۆی ڕەشید! ئەوە بەڕاستە؟ ڕەشید لەگەڵ تۆمە، ئێستا ئەو قەڵەشتەت بۆ خستە نێوانمان؟ ئەوەتی هەم، پینەوپەڕۆت بۆ دەکەم، هەر گوتم با بەرزوتەرز بچییە نێو خەڵکی، عالەم سوێندی بە سەرت دەخوارد، بۆ خۆت کردە گای قەشان!؟ ئەوە بوو "سەبری سەبرییەکەت"! تف تف ڕەشید، وەڵڵاهی دەبوو کەری دونیایەت لێ هەڵێ".

دیار بوو دڵی لە خێڵەوە دەهات، دوو سێ هێڵنجی دا و بردیانە ژوورێ.

پاش چەند ڕۆژێک منداڵە ورتکە کابرایان وەک جاوی جوو هەڵپێچا

+ نەکەی وەک باپیرم بکەی و ئاژاوەمان بۆ بنێیەوە، بێنە چیمان دەکەوێ بماندەیە، سبەی ڕۆژێ سەگەڵ و گورگی دیکەشمان لێ پەیدا دەبێ و هەر بینا لەو ماڵەدا گوێزەبانە گیرا.

ئەو خانووبەرە دوونەفشەی بۆکان و زەوییەکانی دێ، هەموو سەروەت و سامانی ڕەشیدخان بوو.

خانووەکە بۆ بەشکردن نەدەبوو، هێنای کردییە دوو بەش، سێ دانگ بۆ سەیزادە، سێ دانگ بۆ سێ کچەکەی(یەکی دانگێک). زەوییەکەی دێهاتیش، شەش دانگ لە نێوان چوار کوڕەکەدا بەش کران و بۆخۆی ماوە و دەستێک ڕانک و چۆخەی مەرەزی

شینکی و دوو دەست کەواوپـاتۆڵی فاستۆنی ڕەش و ڕادۆیەکی سۆنی شڕ و دەزبێحێکی قەزوان و ژێکی نەبان، ناقایل و لووتخوار...

ڕەشیدخان هەر دەهات و بێدەسەڵاتتر دەبوو، ئەو پیاوەی گونی گونداری دەردێنا، کەلوکۆم ببۆوە و قسە و قسەلۆکی خەڵکیش بەجارێک فەوتاندبوویان، بە سەعات لەبەر دووکانی وەستا عەلی دادەنیشت و چاوی لە عەرزی دەبڕی و خەیاڵ هەڵیدەگرت، کەچی ئاوالی ئەو خەریکی دامە و گاڵتەوگەپ بوون، ئیدی کەس سۆرانی بە سەر قۆڵەکانییەوە نەدیتەوە...هەمیشە یەخەی کراسی وەک شەکیلە وابوو، چاوەکانی کەم حوکم ببوون و ژنەتیویش گوێچکەی بۆ نەدەلەقاند و بە بای خەیاڵیدا نەدەهات، تەنانەت جێوبانیشی لێ جودا کردبۆوە و لەکن ژنان گوتبووی:

"کرخە و مرخەمرخی ئەو کەمتیارە، خەوی لێ حەرام کردووم، بەو شەوگارە هەر پێم دەکرێ بیخەمە سەر لاتەنیشت، خۆ مێردم نەکردووە شەونخوونی بکێشم و هیچیش."

ساڵ و نیوێکی تێوەرسووڕا، سۆیبەی خاو و لاو ڕەدووی قەیرە کوڕێکی خەڵکی کانی عەلیگردە کەوت...

وەباڵ بە ئەستۆی خەڵکی، دەبێ ڕەشید گیان دانیشتبێ و گوتبێتی:

"بەختت بسووتێ ئافرەت، بۆکان تۆ لە کوێ و کانی عەلیگردە تۆ لە کوێ"!

بەو جۆرە، ڕۆژانی پیری و کەساسی و بێدەسەڵاتی دەباتە سەرێ. ماڵەکەی داڵبەخش کرد و ئێستا بەخێرای خۆیان قوژبنێکیان داوەتێ، هەر متەقی لێ بێ، دەڵێن:

چییە یادی کەلاوە کۆنەکەت کردووە؟!

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## بیرەوەریی خۆم:

مانگی خەرمانانی ساڵی ٧١ هەتاوی و لە بێنەوبەرەی شتوومەک کڕینی مەدرەسەدا بووین. دەچوومە پۆلی پێنجی سەرەتایی. ئەوکات ساڵ نا ساڵێک

مانتۆ و شاڵواڕیان بۆ دەکڕیم، جا بە حەقات، دەبوو ئەو ساڵە نەکڕم. بەڵام هەر بەهیوا بووم و چرای ئومێد هەر گرڤەی دەهات...

دەی خودایە لە دڵی نێی و دایکم بەیانی نا بەیانی، وەک کچی خەڵکی بمباتە بازاڕ و...

حەفتەیەک دەبوو سارای کاک مستەفا لە تەورێزەوە بە دەستێک مانتۆ و شاڵواڕی ڕەش و جووتێک کەوشی تەورێزی و کیفی چەرمەوە هاتبۆوە.

جا ئەو ڕشکنە، بە کوڵەکوڵی نیوەڕۆ هەمووی لە خۆی دەهاڵاند و دەهاتە بەرچاوی من و خۆی ڕەپ دەکرد، دەتگوت نەقیزەیان تێ بڕیوە.

شەوێک پێشەکی دایکی گوتی سبەی سارا دێتەوە، کاکی بردوویەتە بازاڕی، ئەوەی دڵ دەیهەوێ بۆی کڕیوە.

لە دڵی خۆمدا سەد جارم گوت: بە میراتی بێ...

ئەو ڕۆژە زۆرم دوعا کرد بەشکم ئەو ماشێنە وەرگەڕێ و سارا نەگاتەوە، دەمزانی ئەو بوغزلەزگە دەمبوغزێنێ و دیقەدیقەم پێ دەکا و تابشت ناهێنم.

بەیانی بۆوە و دایکم ئیسکان و کەشەف و ناڵبەکی بە لیم شووشت و نخوونی کردنەوە و هەروا هەشتا تمەنی لە قوڵی کراسەکەی نا، چارشێو و قڕتاڵە سوورەکەی هەڵگرت و گوتی:

"ئەوەندم پێ ناچێ، گێچەڵم بۆ نەنێنەوە و خەڵکم نەهێننە سەیر، تا مەیدانی ماست دەچم و دێمەوە."

عادەتێکی پیسم بوو، بۆ هەموو جێیەک خۆم لەگەڵ دەدان، تەنانەت بە ماشێنیش ڕۆیشتبان، بە گریان و زریکە زریک تا کوشتارگا خۆم پێ هەڵدەواسی. جا یان کابرا دەیدیتم و ڕایدەگرت و دایکم بە ناچاری لەگەڵ خۆی دەدام و تا شوێنی مەبەست لێی هەڵدەقورینجاندم یان گازی دەدایە و بە دمەوە دەکەوتم و بە دڵ بریندداری دەگەڕامەوە.

ئەو ڕۆژە دەمزانی بۆچی دەچێ، بۆیە دڵم پێوە نەبوو خۆمی لەگەڵ دەم، هەر ئەوەندە خۆش بوو گوتم:

"ئێمە مانتۆی خەڵکی لەبەر ناکەین، خودا دەزانێ کێ لەبەری کردووە."

دایکم گەڕاوە:

"ئێ! لەبەر ناکەن! بۆ کچی قەڕاڵی فەرەنگن؟ خۆ چاوتان لە کچی خەڵکی ڕەشتر نییە، هەموو بە کۆنە بەڕێ دەچن...ئەوساڵ چی وامان بۆ نەماوەتەوە و ئەوەی هەشە دەبێ بیدەین بە تۆو، ئەی چ داچێنین؟

خۆ وەسواڵیشمان ناخەن دوابڕاو! دوو ڕۆژی دی زستان دەرگامان پێ دەگرێ...ماڵە، میوان و گێلانە، هێشتا دەغڵ و دان و ئازووقەی پاییزێم نەناوەتەوە. وەڵا بابە بەزمێکی خۆشە، هەر کەسە و لە کەیفی گونی خۆی دایە.

ئەو پیاوە بە عومری ٦٥ ساڵەوە، هەروا پێ ڕادەگا، خۆ هەڵیناواسن قڕتێکەوتوو.

+ "ئەی بۆ سارا سەرتاپا کڕیوێتی؟ بۆ چیمان لەو کەمترە؟"

- "خۆتان دێننە ڕیزەی سارای کاک مستەفا؟ ئەو هەشت برای کاسبکاری هەیە، جگە لە بابی. لە بەهارێوە قالبی کوورەخانە ڕادەوەشێنن، ئێمە کێمان هەیە؟

خۆ لەسەر بانک دانەنیشتووم، لە فکری پاشەڕۆژ دابن! دونیا هەر ئەورۆ نییە، هەرچی هەیە و نییە بیدەن بە پەڕۆوپاڵ و شڕوشاڵات و لە خۆتانی هاڵێنن و خۆی پێوە ڕانێن، سبەی ڕۆژێش لارەمل و ئەستۆکەج، موحتاجی خوێڕی و نامەرد بن."

= هەڵبەت لەوەتی وەبیرم دێ، شان بە شانی دایک و بابمان کارمان کردووە.

چای ویشکمان بژاردووە، گوڵینگی لەچکەمان هەڵبەستووە، کۆپلێنمان چنیوە، فەرشمان کردووە، لیزگە مووروومان هۆندۆتەوە، هاوینانیش گەر نۆکمان کردبایە، دە هێکتارمان بە دوو حەفتە دەرنییەوە، هەتا کلۆشەکەشمان لە خەرمانکوب نەدابایە، نەدەهاتینەوە.

وەڵحاسڵ، دایکم پاش ماوەیەکی کەم هاتەوە، قرتاڵەی لپاولپ ئاخنیبوو لە خواردەمەنی. هەرچی ملەقوتەم کرد، هیچ پەڕوپاڵم نەدی، هەتا هەمووی دەرهێنا و لە تەختی بنیدا، باینجانێک لەسەر مانتۆکەم فلیقابۆوە. دایکم:

"ئەوەتا، ئیدی خۆ هونەر نییە تۆ ٣٥٠٠ بدەی بە مانتۆ و شاڵوار، ئەوە ٢٠ تمەنم پێداوە، بە ئیشتیای خۆت ئەوساڵ ڕایدە. دوو ڕۆژی دی زستانە و بەهارێش مەدرەسە تەواو دەبێ، ئەوەنێ دەڵێن: "زستانێ پینەوپەڕۆ، هاوینێ قیت بۆی بڕۆ.

ئەوەتا کچی خەجە چاوجوان، ڕۆژێ دەستێک دەگۆڕێ و کەس ددانی خێری پێدا ناهێنێ."

+ "باشە تازە ئەوە هیچ، بڵێی بابم قەڵەم ڕەنگیم بۆ بکڕێ، زۆرم دڵ پێوەیە."

- "قەڵەم ڕەنگیت بۆ چییە؟ جا من ناڵێم بۆخۆت بڵێ، حەیف نییە پووڵ بدەی بە قەڵەم ڕەنگی، سەت شتی پێویستتر هەیە، ئەوەتا ئەوە برایم (جیران) هەیەتی، هەموو کەڕەتێ لێی وەرگرە."

قەت دەستێک قەڵەم ڕەنگیم بە خۆمەوە شک نەبرد، لە ڕاستیدا دایک و بابم پێیان وابوو ئەو پووڵەی دەدرێ بەو شتانە وەک لە ئاوی کەی وایە.

کتێبی"ملوانکەی شین"م بە دەستەوە گرت و لە چۆڵگە، چیمەن یان شینکەی قەراغ ئاوێک دەگەڕام بۆ خۆدزینەوە لەو ڕاستیانەی نەمدەویست قەبووڵیان کەم و ناعیلاج بووم چون لابەلا و لاسار و پێچەقێن نەبووین و لاقمان لە قەدەر بەڕەی خۆمان ڕادەکێشا.

قوژبنێکم دۆزییەوە و وەرگڕامە خوێندنەوەی شێعری "هیوا"

هیوا خێراکە، خوا نەتهێنێتۆ
حەوت ڕۆژە ئەڕۆی دەست خاڵی دێتۆ
ئەمجار بێ ماسی نەیتەوە بۆ شار
ئەر بۆت نەگیرا، خۆت بخە زرێبار

دوو ڕیز و سێ ڕێز فرمێسکم دەڕشت بۆ خۆم و هیوا.

کە هاتمە حەساری، مانتۆ و ماقنەکەم بە تەنافەوە بوون. سوێندی کەسم لەسەر نییە، مانتۆ دەتگوت کەوڵی نانە، ڕەنگێکی توڵخ، جا سپیسپی ببۆوە، دڵۆ و کوڵکەی هەڵدابوو، پشتەوەی ڕێک دەکەوتە سەر سمتی ڕاستەم، بە قەدرایی دوو تمەنییەک وەها شی ببۆوە، ئەودیوی تێدا دیار بوو. ماقنەیەکی هاوریشم، حاندی تەپڵە سەری بە تاو سووتابوو، شین و سوور هەڵگەڕابوو. ئەو دوو کوتە لیباسە، هیچ هیچ نەبێ، بە ئیشتیا شەش ساڵیان کار کردبوو(لەبەر کرابوون).

دوو ساڵ دەبوو جلی تاناکۆڕا بە وڵاتدا هاتبوو، باش بوو خەڵکی شارەکەی تۆزێک کۆک و پۆشتە کردبوو...خەڵکی دێهاتەکەش تا چەند ساڵ خۆیان لێ نەدەدا، چون دەبوو دوولینگە و دامەن لەبەر کەن، ئەوانیش لەچاو خەڵکی شاری ڕەسەنتر بوون و لەبەریان نەدەکرد، زۆر جار دەیانگوت: تەعجوب ماوین چۆن بێزتان دێ کۆنەی خەڵکی لەبەر کەن، ئاخری گول دەبن.

ماوەیەکی چاک، پیاوان دامەنی چین چینیان هەڵدەوەشاندەوە و دەیانکرد بە پاتۆڵ، خەیات وەبەر نەدەکەوت.

لە تاناکۆرا جووتێک کەوشی جوانیان بۆ کڕیم، سەر لە پاییزێ و بە تەڕ و قوڕی عەلەمیان لێ نەبوو، هەر سەرما بزووت و کەوتینە سەرما و سۆڵەوە، وەک کرۆسکیان لێ دەهات و بە عەرزەوە بەند نەدەبوون.

مەدرەسەکەم لەکن حەمامی حاجی شاخە بوو، لەو ڕێگایە هەر بە حەلوا کردن دەڕۆیشتم و دەهاتمەوە. ڕێک پەنجەی لاقیشم لە دەرێ بوو، دەتگوت ئەلحان نا ئەلحان هەڵدەوەرێ...هەر چۆنێک بوو، بە لەقەلەق و پینەوپەڕۆ خۆم گەیاندە بەهارێ.

ئەوکات وەک ئێستا نەبوو، منداڵ هەموو شاگرد ئەوەڵ بن، لە بۆکاندا هەر من ناونجی نمرەکانم(معدل) بیست بوو، کۆپی کارنامەم ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و منداڵی خەڵکیان پێ دەشکاندمەوە.

گیرفانەکەم پڕ لە ئافەریم بوون، هەمیشە مێداڵێکی هەزار و سێسەد ئافەریم بە لای چەپی سینگمەوە بوو.

مامۆستاکەمان خانم "پەری ئەفشینڕاد"بوو کە دەتوانم بڵێم باشترین مامۆستای ژیانم بووە...لە بەهارێدا پەری خانم زایمانی کرد و وابزانم کچێکی جوانی بوو. دەی زۆریان حەول دابوو، مامۆستایان وەگیر نەکەوتبوو، بۆیە خانم"سارا فەرشی" کە مودیری قوتابخانە بوو، بانگی کردم و گوتی:

"قادری، تۆ دەبێ بەجێی خانم ئەفشین دەرس بەو منداڵانە بڵێی، لێیان بپرسییەوە و نمرەش دانێی."

منیش دەتگوت خودا خەنی کردووم، بە هەڵەداوان خۆم بە کلاس داکردەوە و لە جێی خانم دانیشتم. چەلانیش خۆم کردبوو بە خانم و منداڵانم وەپێکەنین خستبوو، بۆیە کەس بەقای پێ نەدەکردم.

پاشان کە دەفتەر نومرەی مامۆستایان دی، ئیمانیان پێ هێنام و ملیان دا. تەنیا کچە پوورێکی خۆم( بە ڕەحمەت بێ) حیسابی پووشکەیەکی بۆ نەدەکردم و هەر فشەی پێم دەهات. کلاسی لێ دەشێواندم، دەمەلاسکەی دەکردمەوە، جرتی بۆ لێدەدام.

هەتا ڕۆژێک دەستەویەخە بووین و هیچ سەروگوێلاکی یەکمان نەهێشت.

لە نێوان قسەکانیدا پێی گوتم:

" بەس نییە ئێمە بۆ پێنج قڕان چاوی خۆمان کوێر نەکردووە"(لیزگەی مووروومان بە پێنج قڕان دەهۆندەوە)

ئەو قسەیە لەسەر دڵم بوو بە خەپەرە و

هەر هێنام و بردم و پاساوم بۆ هێناوە، کەچی شەوان تا نیوەشەو بەو قسەیەوە دەتلامەوە و دەگریام، چەند جار باری باڵنجەکەم دەگۆڕی تا خەوم لێ بکەوێ.

نەمدەزانی کارکردن عار نییە و دەبوا شانازیم بکردایە.

ئەوکات گیرفان پووڵییەکەم ٢ تمەن بوو، تازە پیفۆک هاتبوو، هەر چوار پێنج دەنکی تێدا بوو، دانەی بە ٥ تمەن.

قەوەم بە کڕینی نەدەشکا، دوو سێ جار لەگەڵ مریەم خزری و دڵنیا مەولانی بوومە شەریک.

گلەیی و گازندەم هێناوە ماڵێ، دایکم گوتی تازە ئەوساڵ هیچ، بەڵان ساڵێکی دی شەرت و قەرار بێ بۆت بکەمە 5 تمەن. وەک هەمیشە هەڵیفریواندم.

ساڵی داهاتووش، منداڵ هەموو ١٠ تمەنیان پێبوو، پێنجەکەی من هیچی نەدەکرد، وەکی لێکم دەداوە، یان دەبوو پیفۆکێکی پێ بکرم یان دوو نووشمەک...

هیچیشیان بێ هیچیان نەدەخوران.

مانگێک پێنج تمەنم برد، دیتم ئەو حاڵە بەو حاڵە ناشێ، وا باشە خۆم پیاوخراپ نەکەم و بڵێم هەر پووڵم ناوێ.
چون سوور سوور دەمزانی بۆم زۆر ناکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بەو کەمایەسییە نەکەن، گوتم:

"چەند کەسین بڕیارمان داوە، بەجێی پووڵ، بابۆڵە بەرین"

دایکم دەریایەکی پێ خۆش بوو، گوتی:

"قەت نەمدەزانی دەبییە ئەو کچە."

٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## کچانی گەڕەک

دەیەی شەستی هەتاوی بوو، خەڵک ئەوەندەی بە خەڵکییەوە ماندوو و شەکەت بوون و خۆیان لە کاری دەر و جیران هەڵدەقوتاند، نیو ئەوەندە نەدەپەرژانە ماڵ و مێرد و منداڵی خۆیان. زیاتر چڵکی کچە عازەبیان دەشووشت.

خاتوون و شەهێن و شایستە دەستەخوشک بوون. هەر سێکیان وەختی مێردیان بوو.

بڕوا بکەن نەزەریان حەرام بوو، دەتگوت برینجی سەدرین... جا شلک و لەبار و تیشکەڵە.

خاتوون کچە گەورەی ماڵێ بوو، لە نانەوەخانەی بابی تیری دەکردەوە، جاروبارەش کە شتێکی بە دەمەوە دەبوو دەهاتە سەر کەوڵی ئەنگوتکەکان، کوڕێکی پووری و براکەشی بە نۆرە ڕفێدەیان هەڵدەسووڕاند و پێوەیان دەدا.

نانەوەخانە هەتا پاشنیوەڕۆ هەر جمەی دەهات، دەبوو مەلابانگدانیش نۆرە بگرێوە.

شایستە کلاسی چواری نەزەری(دواناوەندی)دەخوێند، نەنکی و مامە ساڵە و ئامۆژنی لەسەر بنە بوون. ساڵە دڵی نەدەهات زینەت بەرێتەوە دێ، دەیگوت هەتیومچە تەماحی تێدەکەن و لێم هەڵدەگێڕنەوە. بۆخۆی پیاوێکی گولەکەی نابووتە بوو، زینەتیش زگ و زاری نەکردبوو و تۆزێکیش دڵکەر بوو، دەتگوت منارەیە... کورتە باڵا بوو، بەڵام قەت خۆراکی ساڵەی نەبوو ئەو سێوە لاسوورەیە.

شەهێن تا پۆلی چوار و پێنجی خوێندبوو و لە ترسی ئەوەی فێری نامەنووسین و حەزلێکردوویی نەبێ، گێڕابوویانەوە و دەرک و بانیان پی ئاوپرژێن دەکرد و پێیان دەماڵی، گەر خزمێک، کەسێک، شوناسێک، منداڵی بایە بە مەردئازایی و پیاوەتی دەیانەنارد خوێن و خوڕی لەبەر دەگرت و هەڵدەستا حەوا.

لای قاوەڵتوون بوو، هەڵلاوبگر پەیدا بوو، هەر خەڵک بوو خۆی لە ماڵی ساڵە ڕۆ دەکرد و هاواریان دەکرد:

"کوڕە کافر کوشتت، بۆ وای لێ دەکەی هەی خوێڕی، خۆ دیلی تۆ نییە؟ کوڕە حەیاتت لێ بڕی دەرکت بە قوڕ گیرێ چ

پیاوێکی، کچەتیو بۆ دەست ناکەیەوە؟"

هەرچۆنێک بوو زینەتیان لەبن دەستی کابرا دەرکێشا و لە قولینچکێکیان ڕۆ کرد.

خوێن بە کونە کەپۆ و لەغاوەیدا دەهاتە خوارێ، بە لەچکەکەی خۆی بۆیان سڕییەوە و بە دیارییەوە هەڵترووشکان. بڵاوەیان نەدەکرد، چون لێیان عەیان نەبوو ساڵە بۆ خۆی هەڵگێڕاوەتە...دەی کوا خودا بەرداره هەتا نەزانن کابرای گۆڕین کە تا دۆینێ ژنەی دەپەرست و سوێندی گەورەی بە سەری وی دەخوارد و لە حاستی دەستەونەزەر ڕادەوەستا و سەرگوڵی میوە و خواردەمەنی ئەو شارە نەما بۆی نەکێشێتەوە و هەموو جارێ دەیگوت:" بەو بایە دەژیم لەلای زینەتەوە دێ"، ئەوە چۆناوچۆنە ئەورۆ بە ئیفلاتوون لەبن دەستی دەرنایە؟ بڵێی پیاوی وەسەر نەپەڕیبێ؟ بڵێی نامەی لێ نەگیرابێ؟ وەڵا جا دمحیزیشە، ڕەنگە تێکەوتبێ، بڵێی چ گەوادبابێک ئەو زیندەگییەی لێ شێواندبێ، ڕەببی نەحەسێتەوە."

خەسووی لە ژنان هاتە پێشێ و هەژدەر هەژدەر:

+ دایکەکەم! سێ دانە مانگە پێی دەڵێم، دەڵێم کچێ زینە شین مەردی خودا بە، بە لەش پیسی دەست لە نان و چێشت وەرمەدە، لێگەڕێ کەوچکێک شۆرباوە، بۆخۆم وەسەری دەنێم، خۆ شەگەم نییە، لێمان وە حەرام مەگێڕە. من نوێژ دەکەم، کچێ بێئیمانم مەکە. خۆ من "ساڵە" نیم، ئەها بۆتە مارمژتوو...بەو پێغەمبەرەی چۆتە دیوانێ، کز و نابووتەی دەستی ئەو بابای عەیارەیە، کچێ ئەوە هەر من دەزانم کێیە.

ئێستاش هەر ئەوەندە دمم سووتا گوتم: دەچمەوە کن سەعدوون، ژنەکەی بێ دەستنوێژ، نانی بەیانیش ناخوا، بە چلەی زستان، سەهۆڵی شکاندووە و غوسلی پێ کردووە. کەچی لێم هەڵبوو، کەس و کاری هیچ نەهێشتم. نا، ئەوە بە جارێ پەکی کەوتووە، جا ئەورۆ یان خودا بە منی دەدا یان بەو دێڵە کۆڵانکوتە. دەنا من کوا ماڵی شەڕ و ئاڕیشەم! لە خودام تەڵەبە هەمیشە بە کەیف و سەر و دڵخۆش بن. ئەوەتا لە سەر دوو کەلیمە قسەی هیچ و پووچ، ئەو خەڵکەی وەسەر گێڕاین".

لەو بێنەوبەرەدا برایەکی مێرمنداڵی شەهێن بە گریانەوە، ساڵەی بانگ کردە سووچێک و شتێکی بە گوێدا چرپاند... ساڵە وەک فیشەک دەرپەڕی و خەڵکیش بە دوایدا.

لەقسان، کچەکان، هەر سێکیان لە بەیانییەوە ون بوون. شایستە ئەو ڕۆژە هەر تخوون مەدرەسە نەکەوتبوو. خاتوون



سەرچاوە Serchawe

چووبوو بۆ مەبال و ئەوە هەتا دەگەڕێتەوە، شەهێن چووبوو هەویرترش بێنێ لەلای خاتوون و ئەویش تێدا چووبوو.

خزم و تایفە چوار قوڕنەی بۆکانیان لێ کردن.

نیو سەعاتێکی پێ چوو، ساڵە پەیدا بۆوە، ئاور لە نێوچاوانی دەباری، زینەتی لە نێو ژنان دیت، دەستی لەبەر پشتێندی ناوە، گورجێک کێشایە دەرێ و بە ڕاکێش ڕاکێش لە حەساریێ کردەوە، زریکەی دەگەیشتە عەرشی فەلەک.

ساڵە: "بنەگۆگەم، بڵێ بزانم ئەو دێڵەت ڕەدوای کێ خستووە؟ خۆ ببیستمەوە دەڵاڵێیت بۆ کردبێ، هەر ئەلێرە چوارخاڵت دەکێشم".

دمت هەڵپچڕە هەتا کاکم نەگەیشتۆتێ، دەنا ئاوات بە سەرەوە ناچێ، پێم بڵێ ئەو قاحبەبابە کێیە ئەو گورزەی لێ وەشاندووین؟

ماڵی من بۆتە قوونی قاحبان بە دەست تۆوە...بەو ڕۆژگارە، یەک دێ و یەک دەڕوا.

خەسوو: ئەهۆی ساڵە حیز! ئەوە حەقایەتی بۆ دەکەی؟ گوتم لێی گەڕێن تێهەڵدانێکی لێ دەدا، عارەب لە گامێشی نەدابێ...

ئەوە لە پێش نوێژێ، کەران‌بابگاوان لەبن دەستیان دەرفرتاندی، ئەوەش ئەلحان، دمت بۆ پان کردۆتەوە. کوڕە بە گوڵم نێوک بڕی، بە دێڵ دەرچووی؟

خۆشی خۆشی گوتم بووکم هێنا، مەشکە ڕەقم بۆ دەکاتە هەمبانە، نەمزانی دێڵە نان و دۆبڕ سەریشمان پێ نەوی دەکا. ئابڕووی کوڕەکەم چوو، دایکەکەت زووخاو هەڵێنێ سەعدوون، قەت نەحەسایەوە ڕۆڵە.

ساڵە: "دایە، تۆ قەبری ئەو بابەت بیبڕەوە. ئەو ژنە بەحاڵ و دووبەڵا نووزەی دێ، خۆ بە کوشتی نادەی. با کاکم بێ بزانین قوڕی کوێ وەسەر خۆمان کەین".

ژنان لە دەرێ هەر خەریکی نەقڵ و نەزیران بوون، ڕەببی دەرکیان بە سێچەپەی قوڕێ گیرێ.

عاسێ:

"ئەوە هەر دەمگوت دەنگێ ناکەم و بەردێکی چوار پووتی لەسەر دادەنێم، چونکینێ بۆخۆم حەولادم هەیە...خاتوون سەرەتێکی چاک، فرێ بە دنیاوە نەمابوو، چاوی تێر کل دەکرد، لێوی سوور سوور وەک پتەی خوێن، ئەگریجەی دادەنا، مەمکدانی تێ دەکرد و خۆی ڕەپ دەکرد، کۆڵێکی خرینگە و برینگە بە خۆیەوە هەڵدەواسی... دەزانن چۆنە!؟ کچ ئەگەر چووە بەر ئاوێنە بزانن کەڵەگای هەیە. دادیشم عاشق ببوو، هەتیوێکی خڕپلانەی سمێڵ پان بە دەوریدا دەهات، دوو سێ جار هاتە نانەوخانە، بەبێ نۆرە بەڕێی کرد، کچەتیو حەیای تکا بوو، ئەننەهوو شەرمی لەو دایک و بابە پیرەی نەدەکرد. بۆخۆم عوزرم پێدا دەهات".

سەیزادە: "تازە لێی لەقاو درا، مستەفا زۆریشی گوت ژنەکە لە قسەوباسان گەڕێ، دمی "خات خورشید"مان تێبەر مەدە، بەلاّن جەرگم ژانی کرد...خەجاڵەتم ئەو قسەیەش دەکەم: ڕۆژێکی لە سەوزیخانەی مام عەلی بووم، چووبووم گیای ترشیات و سەوزی خۆرشت بکرم، تەماشا دەکەم ئەوە لە نێو چنارەکاندا، بەڕەڵلایەکی سیخنە، شەهێنی لە باوەش گرتووە و بە کەیفی خۆی دەیگەوزێنێ و ڕایدەمووسێ... چاوم عەرزی نەدەدی، دارێکم پێ بوو هەر دوو سەری گواوی بوو...چۆن بێدەنگەی لێ ڕابێنم و چۆن خات خورشید تێ گەیێنم".

ناسکێ: "دوو جارم شایستە بەو چاوانەی خۆم دیتووە نامەی لە قەڵەشتی ئەو بلووکانەی ماڵی "مینە زەرد"ناوە و جارێکیش چووبووم دوعای گوللەبەند بنووسم بۆ کاکم، لەو کووچە و کۆلانانەی پشت لێژی قەلا دیتوومە، دەستی لە دەستی هەتیوێکی مل چەکچەکی نابوو، خۆی بۆ بادەدا، بەو نێونیشانەی باڵتەیەکی قاوەیی لەبەر دابوو، بەو خودایەی لامەکانە، لە من وایە دەستگیرانێتی".

کاک سەعدوون بە جیبێکی شابازی سپی گەیشتێ، دەتگوت پۆلووی ئاورە، سوور سوور داگیرابوو، دوو نووکە شەقی لە دەرگای ماڵی بابی دا، کەس نەیدەوێرا بیکاتەوە...خەڵک لێی هاتنە پێشێ و کەوتنە دڵخوشی دانەوە:

+ "کاکی خۆم، ئەوەتا کچی ماڵە عوسمانی سۆفی، دوکتور و مەهەندیس قوڕاوخۆری بوون، دەتگوت مانگە خرمانەی داوە، کەچی ڕەدووی عەجەمێکی سەردەرۆ کەوت".

سەعدوون: "گەوجە گەوج، من دێننە ڕێزەی عوسمانی سۆفی؟ عوسمان شانی هەڵیدەگرێ.

سەگی سەگباب، دڵخۆشیم دەدەنەوە.

ئەوە بۆ نایکەیەوە ساڵە هەی لە (...)بەم.

دەرگایان کردەوە و خەڵک بڵاوەی کرد، بەڵام بە نۆرە کێشکیان دەدا، هەر جارێ منداڵێک لە کەلێنی دەرگاوە قاسید بوو بزانێ کەنگێ شەڕێکی خەست و خۆڵ دەقەومێ.

هەفتەیەک بەو جۆرە تێپەڕی، کەسیان بۆ مەسلەت لەو ماڵانە ڕانەسپارد.

ڕۆژی شەممە بوو، لە ئیتلاعاتەوە لێیان ڕاسپاردبوون، کچەکانتان لێرەن و ئەورۆ دادگایی دەکرێن. ئەوکات حاجی لامەکانی گۆڕبەگۆڕ حوکمی دەدا...

کچەکان بارگەوبنەیان تێک نابوو، چووبوونە نێو پێشمەرگە(نێو یەکێک لە حیزبەکان، نازانم کۆمەڵە یان دێمۆکرات). لە کاولان بە سجیل و بوخچە لیباسەوە، گیرابوون.

خەڵک هیچیان پێ نەمابوو، دەیانگوت:

"جا تازە کێ ئەو بێبن و بێبارانەی دەوێ"!

+ "هێوەرەکەم زۆری دڵ بە شایستەوە بوو دووراودوور، تازە گووی سەگ وەک حەڵوا بخوا، بە پووشێکمان ناوێ".

کچەکان پاش ماوەیەک (نازانم درەنگ یان زوو) ئازاد بوون.

پاش دە ساڵێش کەس نەیدەخواستن، لەبیرمە کاتێ خاتوون لە مەهابادەوە داواکاری بۆ هات، خەڵک دمیان داچەقاندبوو، دەیانگوت: "بێ و نەبێ کابرا عەیب و عارێکی هەیە، یان قەلێکی لە قوونی هەڵفڕیوە، یان ڕەنگە بەو حاڵ و نەقڵەی نەزانیبێ"...

٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## ئافتاب خاتوون

زستانی ساڵی ٧٢ی هەتاوی بوو، سەماوەرەکەمان لەکن کوڕەکانی قادر-ی مەلا کەریم دانابوو، قەلاییان کردبوو، پاش نیوەڕۆیەکی زوو، چووم هێنامەوە. هەتا گەیشتمەوە کووچەی خۆمان، گۆرانی:

**"بای بەیان بای بەیان**
**ئەی وەی بای بەیانم لێڵە**
**ئەرێ تۆخودا ئازیزم**
**دە مەڕۆ بەجێم مەهێڵە"م دەگوتەوە.**

لە پڕێک دادە ئافتاب-ی کچی حاجی عەزیز-م دیت، هەرچەندی هێزی تێدابوو، هەلینگی دەدا بەرەو خوارێ، دەرگای ئێمەش هەمیشە لەسەر گازەرای پشت کرابۆوە، یەک دەهات و یەک دەڕۆیشت، خۆی لە حەساری هاویشت و منیش دم لەسەر پشتی...

دایکم و بابم لە قوون کوورەکە سەرخەویان دەشکاند، بە زریکەزریک و شینوشەپۆڕی ئافتاب، ڕاچڵەکین، هەستان و دەستبەجێ لەنێوان خۆیان گرت... ژنەی بێئەنوا هەر چاوێک و ڕبەیەک فرمێسک... لەبەر ئانیسک قسەی بۆ نەدەهات.

دەستی بۆ باغەڵی برد، سجیلەکەی لەنێو مەمکدانەکەی دەرهێنا و لەبن فەڕشە کوردییەکەی نا .

ئافتاب ژنێکی بەلەباریکەی کەڵەگەت، جوان و خانومان بوو، دەولێو باریک و چاو و برۆ ڕەش، بەژنێکی ڕێکی بوو، لەبیرمە ئەگەر جحێڵ بوو و لە ماڵێدا بوو، شۆڕەلاو و لاوچاکی ئەو بۆکانە نەمابوو، پلاری تێ نەگرێ.

لەقسان هاوینی ڕابڕدوو لە کوورەخانەی باغ مارف-ی شاری تەورێز(عەجەمستان)لەگەڵ ماڵی سابیر-ی هێوەری لەسەر یەک مەیدان خشتیان بریبوو، ئەربابی داوێنپیس تەماع لە جووتەی هێوەرژنان دەکا و هەر جومعە نا جومعەیەک خوان و سفرەیان بۆ دەڕازێنێتەوە و بانگێشتیان دەکا.

دەیگوت:" بای خەیاڵمان بە چاواگرتنەکانیدا نەدەهات، پێمان وابوو، ژن بۆخۆی مەیلی لێ نەبێ، کابرا هەر دووک چاوی خۆی کوێر کا، هیچی بۆ ناچێتە سەر...

بەڵان جارێکی لەنێو دەرکی ژوورەکەی خۆیان، فەرمووی پیاوەکانی کرد، پیاوەکانی ئێمەش خۆیان ڕەپ کرد و وەپێش کەوتن و ئێمەیان وەدوای خۆیان دا، کابراش دەرفەتی لێ هێنان، بە جووت سمتی هەردووکمانی کوشی، هەتا باری شانمان تاقی کاتەوە. ئێمەش ئاوڕمان داوە و مۆڕەیەکمان لێکرد.

چووینە سەر سفرە و لە داخان دەستمان بۆ هیچ نەدەچوو. دەستێک خێر و دەستێک شەڕ... بیدرکێنین، نەیدرکێنین!!

بەڵێ ئەو ڕۆژە هیچ، ئەو حیزێتییەمان قەبووڵ کرد.

ڕۆژێکی دی لە مەیدان بووین، نادر پاستاوی دەگرتەوە و ئێمەش قالبمان دەکێشا، کابرای گۆرینیش هاتبوو بۆ سەڕافەتی. داهاتبوومەوە قالبەکە ڕۆکەم، بە ئانقەست بە لامدا هات، دەستێکی بۆ نێوگەڵم برد. بۆ سابیر-ی هێوەرم نەیدی...

بە سەرتراش و قالب و پێمەڕە وەریگەڕانێ، لەو قوڕەیان هەڵکێشابوو، نووزەیان لێ بڕیبوو.

من زۆر پیس شڵەژابووم.

هەر ئەو ڕۆژە، حیساب و کیتابمان یەکلا کردەوە و بارگەوبنەمان تێکنا و گەڕاینەوە بۆ قەرەکەند.

هێوەرم هەدای نەدەدا، تەوس و تیر و توانجی دونیا نەما تێم نەگرێ، هەر دەیمشاند و دەیگوت:

"ساڵی بە هەزار چووبێ بە تەڵاقدانت دەدەم، کەڵەبابی کەس لە سەربانی ئێمە نەیخوێندووە، ناکا پێت وابێ ئەو بۆرەپیاوە شانی بە نادر نەوی کردبێ!... ئەخە حەجەمی قاحبەباب بۆ من بانگێشت دەکا و پلاوخۆرشتم دەرخوارد دەدا؟! تۆمەز، پێشتر تامی لە نێوگەڵی خانمێ کردووە... قەت وەرە تۆ کورد بی و پاشەڕۆکی حەجەمان بخۆی!؟

بە سی جزمەی قوڕعانێ، قالبەندی خۆم بایە، ئەو ژنە ببایەتە ئاوی حەیات، قومێکم لە گەرووم نەدەکرد.

تێی هەڵدە، خۆ گونی قۆڕی نییە، لەسەر فەرغوونێک دەوە(تەپاڵە) تەڵاقی دە.

خودا دەزانێ لە کەنگێوە کڵاوت بۆ دەکا. جا ئەوە من سەرم هەڵنەهێنابایە و بەو کەین و بەینەم نەزانیبایە، ئێستا و ئێستاش پارووی گەوادیمان ڕەبا دەدا.

خەمی منداڵێشت نەبێ، هەتا سوعدا هەبێ، منداڵت بێناز نابن، سوعدا ژنێکە ئەو ناوەناوە ژنی وا بەشەڕەفی تێدا نییە، نەڵێم بەرحزوورە، کچی خانەوادەیە، هەرچی و پەرچی نییە".

بەو جۆرە، ئەوەندەی دیکەیان لەبەر چاوی نادر خستم و سەرباقی ئەو هەمۆ فاعلەیی و مەینەتییەی وەک نۆکەرێکی بێخەڵات و بێبەرات، جەنگای چەند ساڵە بۆم کێشابوون، بەو کراس و پاتۆڵەی بەرمەوە، هاتوومەتە دەرێ.

هێوەرم بەتەما بوو شەڕەبابی لەگەڵ بکەم و لەو گێرەوکێشە و قاڵمەقاڵمەدا بە چاک و بە خراپ، زمانم بگەڕێ و نادر-م تێ بەردا.

ئەو جەرگەم بەقەد سێڵێک پانە، دەنا چۆن دەبوو بێڵم سوعدا نۆمێردکەر بمگرێ و نادر و سابیر گزگڵ سەرم بتاشن...ئەوەتا هەموو سەر و پرچیان هەڵپاچیوم و کەللەی سەریان قەڵتقەڵت کردووم.

لەبەر ئەو کچۆڵانە، لەبن دەستیاندا وستەم نەدەکرد، وەک کەسێکی، چوار پیاوی لەسەر گیرابێ.

سوعدا چنگێکی بنێشت لە زاری هاویشتبوو، دەیهێنا و دەیبرد و قاوچەی لێ دێنا، دەتگوت هەوێمە.

جا ئەوجار، نوێژی شێوان، بە قایشێکی قەبە هەر دوو دەستیان بەستمەوە، منداڵ هاتبوونە بەر دمم، بە پاتۆڵەکەم هەڵدەڕووچکان، فەتحی دڵم نەبوو، چاویان لێکەم...دەمگوت بێتوو بەو سەروگوێلاک و قەد و گیپاڵەوە بمبینن،

هەتاهەتایە لە بیریان ناچتەوە. بردیانم بۆ تەویلە و لەوێ لە گوڵمێخێکیان بەستمەوە، هەروا نیو میتر لەدەرگاکە دوور بووم.

یاخودا ئەو شەوەی لە من ڕۆیشت لە گاور و جوو و هەرمەنیش نەڕوا، ئەوەندە سارد بوو، تفت هەڵاویشتبا دەیبەست، منی

چارەڕەشیش بە تویی کراس و پاتۆلێکەوە، تەختی پشتم خووسابوو بە ئاوەچۆڕەی سەرم، هەتا سەر چۆکیشم لە ئاوێ دابوو، (باران لە کەلێن دەرگاوە دەهاتە ژووری) پاییزەپەڵە و دڵۆپە و هەڵکردنی ڕەشەبای ئەو شەوە، هێندەی دیکەی ڕەق هەڵێنابووم، ددانم ددانی نەدەگرت.

حازر بووم بە ئان شەرتی لەسەر منداڵەکانم هەڵنەپچڕن و هێلانەیان لێ تێک نەچێ، ڕۆژێ چەخسێکم تێ هەڵدەن.

سەرتان نەهێشێنم، بەیانی نا بەیانی، نادر دەرکی تەویلەی کردەوە و ئەننەهوو نەیدیتووم، تفاقی لە ئاخوڕی پاتاڵ و ماڵاتەکە کرد و وەک داڵ لە گیسکێکی قەڵەو ڕۆهات و ڕۆیشت...

پڕ بەو تەویلەیە هۆڕاندم، گەڕاوە گوتی:

"خۆ من دەزانم تۆ لە ئاوی شەوێ پاکتری، سوور سوور دەزانم جگە لە من هیچ پیاوێک بۆنی بە سینگ و بەرۆکتەوە نەکردووە، بەلآن داخەکەم، کاکم نێوی گەوادی بە سەردا بڕیوم و بە تەڵاقدانی تۆ نەبێ، ئەو پینە شینەم لە شان نابێتەوە.

تازە سەرما بزووت، ماڵمان دەبێتە قۆمرغانە... ئەوە بیست سی کەسی لە نێودێ، تازەقەڵا، کانیتۆمار، سێوەدین، دونگوز و کوچکەتەمیش بۆ ڕاوەتاجی و دامە و تەختە و جۆرابێن بانگ کردووە و ئەو گیسکەشیان بۆ دەکووژێتەوە.

هەتا شوان شەرتی دەپەڕێ، لەسەر منداڵی خۆت دانیشە، پاشان سەری خۆم دەخوێنمەوە، بزانم دەستم لە کاکم بۆ هەڵدەگیرێ یان لە تۆ.

+ جا بۆ ڕاست تا دوو مانگ پاییز؟ بەو حیسابە هەر دە ڕۆژم ماوە.

- لەقسان براژنم دەچێتەوە ماڵی بابی، مەلای بن لێفە لە ماڵێ نابێ، بزانم تام و دەراوی زاری کاکم دەگۆڕدرێ.

+ کوڕە نادر مەردی خودا بە، ئەوانە چاویان پێم هەڵنایە، کوڕە مەمدە بە دم ئەوانەوە، پیاوی چاک بە، براکانم گونی گونداری دەبڕن، ئەئاوا بمبینن، داری تەڕ لە قوونی کاکت دەبڕن، ئێمە چوار خوشکین، قەت نەمانهێشت عەیبەمان بێتەوە سەر، هەر شان بە شانی پیاوان و بگرە لەوانیش گورج و گۆڵتر بووین، ئیدی لەوە گەڕێ من دارێکم پێیە، هەر دوو سەری

پیسە.

سوعدا سێ مێردی کردووە و عومر و نیوێکی کاکتی هەیە، کەچی کاکت بۆی بۆتە شایەر، تۆ بۆ لە حاست من، دەڵێی ڕۆن سەگیان لە قالبت هەڵسووە!! تۆ پیاوێکی بەهەست و بەماریفەت بووی، چۆن دەبوو ئەو پەندەت بە من دابا، ئاوا سووک و چرووکت کردبام لەبەر چاوی هێوەرژن و سۆرە و تۆرە!!

خۆ سەت ساڵی دیکەش بمرم، هەر بەو داخەوە سەر دەنێمەوە. نەتدی سوعدا ددان پێمەڕە، چۆن خرینگەی لە بازنەی بلوور دێنا و خۆی بادەدا و ماشێنی سەرتاشینی دەدا دەستت!!

نادر، لە خودام تەڵەبە بە پەندێک بن، کەستان پێ نەبێ.

هەر چۆنێک بوو ڕازی بوو، لەنێو ئەو شیاکە و ڕیخە ڕزگاری کردم. دوو تونگەی سێ خەتی ئاو بۆ کێشام، عەمباراوەکەی بۆ پڕ کردم و عەلادینم لەبن نا. ئاو تینی تێ گەڕا، ئاوێکم بە لەشم داکرد و هاتمە دەرێ. منداڵەکانم تێرتێر ماچ کرد و وەرگەڕامە کەوڵکردنی گیسکەکە. لەو ڕۆژەوە وەک سەگ سەولەیان بۆ فڕێ دەدام و هەر بە نووکە شەپ، تێیان دەکوتام.

نادر گەر برسی بایە، دۆخینی لێ دەکردمەوە و وەک بە زۆر تەجاوزم(دەستدرێژی) پێ بکا، دەهاتە دەستەم و پاشان دەچۆوە نێوماڵەکە و لەبن کورسی بۆی تێدەخزا .

هەر چۆنێک بوو، تا ئەوڕۆ تابشتم هێنا، ئەوڕۆ بەیانی بە هەناسەساردی بەقوڕێگیراوەکەم بۆ بەجێهێشتن...

ئێستاش براکانم لێم وەخۆ کەوتوون، دەڵێن:

"

گووی ویشک بە قوونی کەسەوە نانووسێ، بێ و نەبێ، خۆت لەبەر حەجەمەی کردووە، دەنا بۆ زەفەری بە سوعدا نەبردووە، خۆ هەر بابۆڵەی مەچەکی، لایەکی تۆی تێ دەبێ.

بە کچێنیش، چاوی ئێمەت لێ خافڵ بایە، ڕۆژێ لە کەلاوە و کۆلانێکیان دێنایەوە...

وەک لەوێ بم دەزانم، دمە حیزەکەت بۆ پان کردۆتەوە و چاوبڕکێنت لەگەڵ کردووە و وەک دێڵە بەبا، کەڵەگات وەدووی

خۆت داوە".

کاکم و وان لەو قسانە دابوون، خەزووری کاکە ئاوات-م وەژوور کەوت و منیش دەرفەتم هێنا، لە پەنجەرەی وەتاغێڕا دەرباز بووم.

ئێستاش یان لەسەر ئەو چەقە ڕێگایە خۆم ئاور دەدەم یان دەبێ براکانم بەقام پێ بکەن و لەسەر دەستی ئێوە، وەخۆم کەنەوە و کوندەجەرگم نەکەن.

هەیهات برینت ساڕێژ بنەوە
هەتا ئەو بایە بێ لەو کونەوە

٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# وێنەی بە ٢٠ تمەن

پۆلی دووی ناوەندی بووم، لە قوتابخانەی دوازدەی فەروەردین(خاکەلێوە) دەمخوێند. ساڵێ دوو جار قوتابییە زیرەکەکان، خەڵات دەکران.

پێشتر ئەو بەزم و ڕەزمە نەبوو، ئەوی ساڵێ، سروود و شانۆ و نوقڵ و شیرنیات بەخشینەوە و عەکس خستن و زۆر عۆینی دیکەمان لێ پەیدا ببوو.

خانم کەریمی، جێگری مودیر بوو، قەیرە کچێکی ڕەشئەسمەری، پان و پۆڕ و بەخۆوە. ئەوەندەی خودا لەسەری دانێ، زمانتاڵ، تووڕە و تۆسن و ناجسن بوو. زۆر جار لەنێوان دیواری ساڵۆن و زگە مەشکەکەی دەگرتم، دەسماڵێکی بە تف تەڕتەڕ دەکرد و بە برژۆڵەکانمی دادێنا، دەیگوت:

"قادری! بێ و نەبێ شتێکت لێ داوە، بەڵام دەبێ بزانم بۆ دەسماڵ ڕەش ناکا؟ نەڵێی خانم دیوناسە و مایەم بۆ دادەنێ، بە حاستەم بزانم لاقت خوار دادەنێی، ماتیکت لێ بگیرێ، کوڵمە و لێوت سوور کردبێ، ئەو گووەت لە برژۆڵت دابێ، پەروەندەکەت دەخەمە بن هەنگڵت، هەزار ئەوەندەش زرینگ بی، ڕاتناگرمەوە...یەستا پێت نەگوتم چیت لەو برژۆلانەت داوە، ئاوا لێت خۆش نابم، دێمەوە جەستەت!

چاو قادری! تۆ قەت بێقسەییت نەکردووم، تا زەنگی ئاخر پێم بڵێ چیت لێداوە، دەتکەمە ئینتزامانت(دەرکەوانی قوتابخانە کە دەبوو ساکی کچان بپشکنێ، نەکا نامەی کوڕان، عەکسی سێکسی، عەکسی سریدیوی و شاڕوخ خان و سەلمان خان، شریتی هایدە و موعین و سوورا و سپیاویان پێ بێ).

زۆر جار ئاوا لە هیچ و خۆڕایی بەرببینگی پێ دەگرتم، سەروچاوی بە تف دەخووساندم، قەتیش بە مراد نەگەیشت و هەموو جارێ نانی بە سێڵەوە دەسووتا... بەڵان بەینەڵڵا نێوکی منی دەخست، نایشارمەوە، بەو قسانە زۆر دەشڵەژام و دەکەوتمە پتەپت. چون ئەو بەیت و باللۆرەی بۆ دایکم کردبایە، تازە دایکم پێی وابوو بە تاقی تەنێ لە حەساری ئەو مەدرەسەیە بەیداخم هەڵکردووە و بوومەتە کەڵەگا... یەکبین وەبەر ڕەهێڵەی جنێوی دەدام و ڕانەدەوەستا کوزر و کای لێ بگرم. ئەو ڕەشکەکایەش لە منی هەڵکێڵابوو، ئەو ڕۆژەش زیادە لە کچی ئەو خەڵکە، هاتە بن گوێم:

"قادری! خودا و پێغەمبەرم بە گژ داکردی، دە ئەو ماقنەیەت(سەرپۆش) داکێشە، ڕەببی بە میراتت بێ، تەوقی سەرت بەدەرەوەیە. ئەخە ئیدارە، دووسبەی من سەرکۆنە دەکا، تۆ چ مەنزوورتە! خۆ ئێرە هەتیومەتیوی لێ نییە، نابێ بزانم بسک و ئەگریجەت بۆ کێ داناوە!؟"

گوتم: ئەو ماقنەیە ئی خۆم نییە و ئی کچی پوورمە، بە وەعدی ڕۆژێکم وەرگرتووە، سێحەبەکەی خرپن و دموچاو پانە، فریا نەکەوتووم دوو تەقەڵ لەبن چەنەم دەم، بۆیە هەڵدەکشێتە پشتەوە، مەردی خودا بە، ئەوڕۆم پێ ڕەوا ببینە، ئێواریێ کچە بۆی دێ".

ئەو ڕۆژە هەرچۆنێک بوو، خەڵاتەکەم لەدەست ئیمام جومعە وەرگرت، لەو کاتەشدا کاک عەلی تووتنچی(وێنەگر) هاتبوو، سەر و دوو وێنەی جوانی لێ گرتین. هەر زوو خانم کەریمی هاواری کرد، ئەوانەی خەڵات کراون، سبەینێ یەکی ٤٠ تمەن بێنن، عەکسەکان دەشۆینەوە. دەنکی ٢٠ تمەنە.

هەر کەسیش نایهەوێ بۆی بشۆینەوە، بێتە دەفتەر و بڵێ نامهەوێ.

خەتم زۆر خۆش بوو، هەروەها شیعر و گۆرانییەکی زۆریشم لەبەر بوو، جا ئەوکات لە کلاسی ئێمەدا، کەس نەیدەزانی کوردی بنووسێ، هێنام حەوت شیعری کوردیم بۆ کچان نووسی، پێنجیانم فرۆشت، دانەی بە تمەنێک... دوو دانە مابۆوە. لە ڕێگای ماڵێ، سەرم بە دووکانی حاجی دووکاندار داکرد، گوتم:

"حاجی شیعری کوردیت ناوێ بە تمەنێک؟ لە ڕیزی ئەو ئەسپەندەر و تەقویمە، لە دیواری بدە.

حاجی گوتی بۆ ڕۆڵە خودا لەونی لێ گۆڕیوم، تمەنێک بدەم بەو کوتە قاقەزە!

ڕێگام گرتە بەر، ئەوەشم دەزانی کە دەبێ دەراوی بۆ خۆش کەم و دایکم ئەو ژنە نییە هەروا مفت و مەرحەبا ٤٠ تمەن لە چنگی من نێ بۆ دوو عەکس، ئەویش لایەکی ئیمام جومعە بێ!!

ڕویشتمەوە ماڵێ، قەیسی و ڕۆن خورابوو، بەشە چێشتەکەی منیش لە جامێکی روح(فافۆن)دا لەسەر کوورە حەیرانی دەگوت، کوورەیان وا نێڵ دابوو، قەیسی ماڵێران ویشک ویشک هەڵاتبوو و ئەوەندی دیکەی خۆی ناحەز کردبوو، بەڵان چارە چییە، ڕۆژی تۆران و زیزبوون و ناز و نیمناز نەبوو، بە نابەدڵی چێشتەم ئاوەژووی ئەودیو کرد. دەبوو هەموو ڕۆژێ، سێ چوار

سەعات بچمە سەر تەون و پاشان بێمە سەر دەرس و دەورەکەم.

دۆشەگەڵەیەکی شینم بوو، دایم و دەرهەم لەگەڵ خۆم دەمگێڕا، دەستم دایە و لەسەر دار تەونەکە ڕامخست، خوشکم گوتی:

"لەیلا گیان، فرێت - مان(پۆ) نەماوە. جارێ خەریکی مقەست کردنم. بە قسەی دادی خۆت دەکەی، نامەیەک بۆ دۆستی بەهارە بنووسە، لەقسان هەفتەیەک دەبێ مەیلەوسارده لەگەڵی، بەهارە وەک جاوی جوو دەپاڕاوە. بەڵام نەچی بە دەردەکەی شەوبۆی بەری، کوڕەت وا تەرەکەمە کرد، ئێستاش کەس لەو گەڕەکە نەیدیتەوە".

بابم لە ماڵێ نەبوو، بۆیە هیچ هیوام نەبوو ئەو کارە سەر بگرێ و هەرچۆنێک بوو، باسەکەم دامەزراند. دایکم: چی؟ دوو عەکس و ٤٠ تمەن؟

وەڵا بابە تێرمان خوارد، ئەشهەدوبیللا نەقلێکی خۆشە، نازانم بۆ ئەو منداڵانەی من هیچ کوێیان نەچۆتەوە سەر من! کچێ ڕۆڵە ئەوە بە کەریان زانیوی، دەنا لە کوێ، تاقە عەکسێک بە ٢٠ تمەنە!؟ خۆ هەر کەس گوتی بدە، نابێ بڵێی فەرموو. ئەی خودا ئەو ئاقڵەی بۆ پێداوی!

من: دایکی من، خۆ هەر من نیم. بڵێ ناتدەمێ، ئیدی چێو لە تاریکی مەکوتە.

دایکم: "خۆ ناتدەمێ، ئەوە هیچ، بەڵان تۆ نافامی، هێندەت ئەو شتانە بە گوێ دادەدەمەوە، هەتا سبەی ڕۆژێ هەر خوێڕی و بەڕەڵڵایەک نەتوانێ زەفەرت پێ بەرێ و بە ساویلکەت بزانێ و تێت ڕۆبێ...

دەنا ناوەڵا، پووڵم لە پێستە پالاغی دابێ، لە مستی خانم کەریمی کەس تێنەڕیاوی ناکەم، ئەویش بۆ چی؟ بۆ عەکس...ئەخە چونکە کەممان عەکس هەیە، ئاڵبووم نایبا.

نێوچاوانت تێک مەنێ و لیچت دامەژەنە، من ناڵێم، بۆخۆت بڵێ، جا تۆ ئەو خودایەی بە حەقی دەناسی، گوناح نییە ئەو پووڵە جوانە لە مستی عەلی تووتنچی کەی؟
خودا دەزانێ ڕۆژێ قۆڵی چەند کەسی وەک تۆ دەبڕێ!

زۆرم شایی پێت بوو، حەیفێ...

ئەو بابەت نۆ دانە مانگ بێسەر و شوێن بوو، وەک تووتک بە دممەوە گرتن، ٢٠٠ تمەنم لە ژنی حاجی قەلەموونە بە قەرز وەرگرتبوو، لەبنی قەرزەکەی، شەوێ تا بەیانی پێچی پێ بادەدام و تەشی پێ دەڕستم و گۆرەوی و کڵاو و زەنگاڵی پێ دەچنیم، ئاخری ٢٠٠ تمەنەکەشی لێ ئەستاندمەوە. ئەدی کچم، ئەوە پێوەی ماندوو نەبووی و ئارەقەی ڕەش و شینت پێوە نەکردووە، دەنا وەکی لە لەپی دەستی خەڵکی دەنێی، لە تەنگەی باغەڵی خۆتی نێ..

بێ پووڵی وەک گولی وایە، کەس تخوونت ناکەوێ، یار لێت دەبێتە ئەغیار، بەڵان هەر ئەوەندەی باغەڵت هەڵمسا، هەموو قرچەپێ لەبەرت هەڵدەستن و دەستەونەزەر ڕادەوەستن. لۆمەت ناکەم، بەرخی تێرە شیری، نەبوونیت نەدیوە.

من: باشە، منیش ئەوجار دەست بۆ قولاپ نابەم، ئەگەر ئیلمەم لێ چنییەوە، کچی بابی خۆم نەبم.
دایکم: "جا خۆ بە خێرای خۆت نییە، ئەی کەرکێک خێزان بە چی بەڕێ دەچێ؟ ڕەنگە وات تێکوشیبێ هەموو لاق لەسەر لاق دانێن و پاڵی لێ بدەنەوە و بە تەرخانی بیخۆن...

باشە کچەکێ، تۆ پێت وایە خانم کەریمی عەکسی تۆی بۆ چییە! سوور دەزانم و لێم عەیانە ئاخری بە دەستی خۆی بۆت لە پاکەتێکی سپی داوێ و بۆت دێنێتە کلاس، چون بەسەر دەستیدا دەمێنێتەوە، خۆ ئیشاڵڵا نایباتەوە ماڵێ...

بەڵێ شتێکی دیکە بایە، دەمگوت ڕەنگە بیخوا، بەڵام ئەوە ڕۆژەکەیە، ئا بزانە چۆن دێیەوە دەڵێی دایە دەستت بێنە ڕایمووسم".

تا سبەینێ هەر لالووت بووم و مووشم کردبوو، نازانم چیشم بۆ هەتیومچەی دۆستی بەهارە نووسی... بە ناقایلی چوومەوە مەدرەسە.

کچان بەغار خۆیان لە دەفتەر ڕۆ دەکرد و یەکی بە پاکەتێکەوە، دەهاتنە دەرێ، منیش لە سووچێک کروشمەم کردبوو...

چووینە سەر کلاس، یەستا بیسمیللامان لە دەرس نەکردبوو، خانم کەریمی وەژوور کەوت.

"قادری گیان! عەکسەکانم بۆ هێناوی، زۆریش جوانی، کچەتیو دەڵێی حەوت پشتت مۆدێل بووە، قەیافەیەکی شەش دەر چوارت گرتووە، ئەو ماقنەیەی دۆینێشت زۆر لێ دەهات، حەیفێ تۆزێک شل و شەوێخ بوو"

من: خانم، پووڵم لەبیر چووە...

خانم: "لەبیرت چووە، قەی چ دەکا، تازە بۆ سبەینێ، پووڵەکە بێنە و عەکسەکان هەڵگرە.."

من: خانم، هەر عەکسم ناوێ، پێم جوان نین.

خانم: "یانی چی؟ بۆ من قومارکەری تۆم! تۆ ڕاڕا و وازیوازی، من چ بکەم! باشە عەکس لەوە جوانتر دەبێتە چی خات لەیلا ! ناکا بەو عەکسە بتخوازن!؟ چاو لێکە قادری، کارم بەوە نییە، ئیللان و بیللانە دەبێ هەڵیانگری، لە گیرفانی من حیساب کراون".

جا من ئەوان دەمان زۆر زوو هەڵدەچووم و زۆر جار لەگەڵ ترِی بزن بەشەڕ دەهاتم، بۆیە پێم گوت: بیاندڕێنە، پووڵیشم پێیە، هەر چونکی لەبەر چاوی ئەو عالەمە شکاندمتەوە، دەبێ هەر بیاندڕێنی".

ئەویش نەیکردە نامەردی، نەیهێشت زمانم بگەڕێتەوە، ورد ورد ئەنجنینی و لە سەتڵی زبڵی هاویشتن.

۳۰ی مارچی ۲۰۲۰



سەرچاوە
Serchawe

## ژوانی شاران

لە تاران خوێندکار بووم، دایکم نانـدێنێکی کولێرەناسکە و کـولێرەی پەنجەکێش و چنگێک بنێشتی کوردی(شیلەی دارەبەن) بە ئوتووبووسەکانی بۆکان-تاران-دا بـۆ نـاردبووم. شۆفیرەکە گـوتی سەعات شەشی بەیـانی دەگەینـێ، سەری سەعات لەوێ نەبی، دەدرێ بە دەفتەری تەعاونی حەوت و دەبێ لەوێش دەست بە گیرفانت داکەی.

سەری سەعات خۆم گەیاندێ، وادیار بوو نیو سەعاتێک وەدرەنگی کەوتبوون. تـوورەکەی خـۆم وەرگـرت و چـاوێکم گێـڕا بـزانم کەسی دیوناس دادەبەزێ.

ژنێکی لەبار، خۆشەنگ، ڕێکپۆش و خۆشدڕ، گەردن زەردێکی قورس و قۆڵ، بە نەقەنەق دابەزی.

دیار بوو لاقی ئەستوور ببوو، کەوشەکانی بەسەرپێوە کردبوو، بە شەلەشەل، دوو میترێک دوور کەوتەوە و کـوتە قـاقەزێکی لە کیفەکەی دەرهێنا و ڕووی لە شۆفیرەکان کرد کە لە دەرێ چاوەڕێ بوون شاگردشۆفیر، بارگەوبنەی مسافیرەکان داگرێ.

یەکیان پیاوێکی ماقووڵ و ڕەنگپیاو بوو، ڕێک لەو نیزیک بۆوە، دیار بوو لە ئادرەسێک دەگەڕا و شارەزاش نەبوو.

کابراش چاویلکەکانی تێ کرد، کـوتە کـاغەزەکەی دوور دوور خستەوە و لێـی ڕوانـی، سەرێکی لەقـاند و هەرای شۆفیرەکەی دیکەی کرد: سەلیم هۆ سەلیم! بزانە ئەو خوشکم دەچێتە کوێ.

سەلیم لە دوورەوە، چاوی مشتەری بە سەرلەبەری ژنەدا خشاند، مژێکی لە سیغارەکەی دا و لێی هاتە پێشێ،

+ لە خزمەتت دام خانم، دادەی بزانم بۆ کوێ دەچی، ماڵی خزم و کەست لێرەیە؟

ژنە: نەخێر، ماڵی ڕەفیقمە.

+ دەمی کردە خونچە، چاوەکانی لێ چکۆلە کردەوە، شەش حەوت لۆچی لە نێوچاوانی خست، دەستێک لە کەلەکە دا و

دەستێک بە قاقەزەوە، بەرەو ئاسۆ، فکر هەڵیگرت.

بە دەست بە ژنەی گوت: وەرە...

ژنەش بە کوتەکوت، کەوتە شوێنی. هەر ژنێک تاقە جارێک بە ڕێبواریش تووشی بە تووشی پیاوی چاوچڵێس و شاوەتییەوە بووبێ، دەزانێ کە سەلیم خەریکی حیزەفێڵکردن بوو. هۆگانێک دوور کەوتبوونەوە، بەحاڵ لێم دیار بوون، بەو بەروبوخچە قورسەوە بە حەساری تێرمیناڵدا هەڵدەهاتم، بەشکم بیانگەمێ، خۆ ناکرێ ژن بی و جاری وا گوێت نەبزوێ و بڵێی چش، جەحەندەم.

سوور دەمزانی کابرا خۆی لێ خۆش کردووە، چون بەرەو ئاراستەیەکی دەبرد کە شوێنی تاکسی و ئوتووبووسەکانی نێوشاری نەبوو.

بە هانکەهانک و هەناسەبڕکێ پێشاوپڕم دانەوە، دیتم سەلیم ئاغا بە بسکەی سمێڵان لێی دەڕوانێ. بە ژنەم گوت:

لەو شارەدا کە لەبەر زۆڵ و کڵاوچی، جمەی دێ، دەبێ لە سێبەری خۆت بپرینگێیەوە، بۆ کەوتوویە شوێن کەسێک کە نازانی کێیە و بۆ ناپرسی بۆ کوێم دەبەی؟ خۆ سالّی سالان نییە، ئێستا تەلەفۆنەکەت دەرهێنی، بە دوو دوگمە و بێمنەت تا دەرکی ماڵی کابرات دەبا.

ژنە زاری داپچڕی و زیت بۆوە، وەک لە خەوێکی قورس ڕاچڵەکابێ، نەیدەزانی بە قسەی من بکا یان بکەوێتە شوێن سەلیم-ە چاوحیز.

کابرا لێم هاتە پێشێ:

خانمی قادری، جا بابی بابم، ئەگەر دەزانی ئێمە ئاوا سووک و چرووک و داوێنتەڕین، لەگەڵمان هاموشۆ مەکەن. ئەوجار خۆ تۆ دیلمانجی ئەو خانمە موحتەڕەمە نی، شکور بۆخۆی خانمێکی تەواو تەواوە، لە خودا بەزیاد بێ.

من: لەوەی گەڕێ گەڕ کاک سەلیم.

ئەریێ خانم، دێی من بتگەیێنمە جێ، یان لەگەڵ ئەو برادەرە دەچی؟

لەوکاتەدا گیرفانی وە لەرەلەر کەوت، تەلەفۆنەکەی بوو زەنگی دەخوارد. شینگڵێکی لە خۆی دا، هاتە شانی من قیت ڕاوەستا، بە شڵەژاوی و بە لەرزەلەرز، جوابی داوە؛

ئەوە سەلیم گیانیش بە نووکە شەق ئەو ئیسفاڵتە دەکۆڵێ و جاروبارە مۆنەیەکی لە منیش دەکرد.

لە ژنەم ڕوانی، سوور سوور هەڵگەڕابوو، دەتگوت یەکەمجارە لەگەڵ ئەو کەسە دەدوێ، بە دەنگ نووساوی گوتی:

بەڵێ، سڵاو ئاغا گیان! چۆنی لە دەورت گەڕێم! من باشم و ئەوە وەڕێ دەکەوم بۆ کن تۆ.

کابرا گوتی کێت لەگەڵە؟

گوتی: خانمێکی کورد، دانیشتووی ئێرەیە.

تەلەفۆنەکەی دا بە من، پیاوێکی بەدەموپل و مەلابەزێن، زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە چاک و خۆشی کرد و گوتی: منەتی زۆرە ئەو پوورزایەم لێ نیزیک کەیەوە. ئادرەسێکی نێوقەدبڕی دامێ، نانی سەلیم-م بە سێڵەوە سووتاند و نێچیرم لە دمی ڕفاند و چاوی ڕەشی کاڵ بۆوە.

لەبەر خۆیەوە جنێوێکی دا و دەستی لە پاش قوونی نا و ڕۆیشت.

لەگەڵ مینا وەڕێ کەوتین. هەستم کرد بەرەو ژوان دەخوشێ، ئەخە خۆ گیام بە کێوێوە نەخواردووە، دەزانم عاشقە و ماشقە، حانێ لێک نیزیک دەبنەوە، بە تایبەت بۆ یەکەم جار کە دەچنە ژوانگە و بڕیارە ماچ و مووچ و باوەشێک بێتە ئاراوە، دڵەکوتە ئارا و قارا و حەجمینیان لێ هەڵدەگرێ.

پەیتاپەیتا لە ئاوێنەی دەڕوانی، جارێک لێوی مەیلەوسوور دەکرد، جارێک کاڵ کاڵی دەکردەوە، دیسان تێیهەڵدەسۆوە، جارێک دوگمەی سینگی دەکردەوە، جارێک دایدەخستەوە، بۆنێکی خۆشی لە بنهەنگڵ و نێو کەوشەکانی دا. کەزیەکانی بەسەر لاجانگیدا شۆڕ کردەوە.

"کابرای گۆرین تەلەفۆنی کردەوە و ژنەی بێفرتوفێڵ، لەسەر بڵینگۆی دانا.

گوتی: کچێ دە خێراکە نەونەمام!

خێڵ بووم هێندەی چاو لەو دەرکایە برم، ناڵێی ئەو عاشقە سەوداسەرەم تابشت ناهێنێ و خەریکە سوێی بێتەوە!

شەش مانگە پشیلەم پێ هەڵدەپەڕێنی و دەستی دەستیم پێ دەکەی، خودا خوێندوومییەتەوە، ئەورۆ دەست لە گەردنت وەردێنم و تێر ڕاتدەمووسم، جەدوئابادم بە قوربانی ئەو خاڵەی گەردنت بێ، باشە؟ دە بڵێ باش!

"نازدارە ئێسکسووکەکەم! نێو و شۆرەتی ئەو خانمە بپرسە و بۆم بنێرە، نەوەک شوناس بێ، جارێ دەخیلت بم نێوی من نەهێنی، کچێ گەردنکێلەکەم! گێچەڵم بۆ نەنێیەوە، ئامان سەد ئامان.

بڵێ کوڕی پوورمە و لێرە دەمباتە کن دوکتوور".

مینا لەبەر من بە شەرمدا کەوت،

بەو قسە هەوەسهەڵخرێنانەی کابراش، دڵەکوتەی دایگرتبوو، هەرچی هێنای و بردی، نەیتوانی دڵکورکان و هەستی خۆی دەربڕێ و بۆی بستێنێتەوە، لەوەندە پتر:

"بۆخۆت دەزانی منیش بۆ تۆ چۆنم، شۆڕەلاوە خەمڕەوێنەکەم".

تا دە دەقەقە، نە من نە ئەو، متەقمان لێوە نەهات، لێوی خۆم گەزت و دمم بە قوتەوە گرت و سریوەم لە خۆم بڕی. چاکی بۆ چووبووم، خات مینا بەرەو ژوانێکی بڤە دەبۆوە.

گوتم: مینا، بەڕاست بۆ باوەش و ماچماچێنێک، شەوێکی ڕەبەق ڕێگات بڕیوە؟ یانی شارەکەی خۆمان، پەناپەسیو و کەلێن و قوژبنێکی نەبوو، تۆ بۆ ماچێک ئەو ڕێگا دوور و درێژە نەبڕی!
کچێ نەکەی، بزانە ماشووقەی کێی و بۆ کێ دەچییە ژوانێ. نامهەوێ بە سەرتدا بێم و لۆمە و سەرزەنشتت کەم، هەر

ئەوەندە دەڵێم وریابە داوی بۆ هەڵنەخستبێتی، سبەی ڕۆژێ هەر هەموویت بە قەڵا(قەزا) پێ دەگێڕێتەوە! ئابڕووچاوت دەکا و بۆخۆی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ .

ئەوەی من گوێم لێ بوو، دەنگی پیاوێکی ئاکابری، زمانلووس و دەمتەڕ بوو، لەوانەی خۆیان لە حەوت ئاو داوە و قوونیان تەڕ نەبووە، دەزانم خۆی تاس و لووس کردووە و لە خۆشیان پێی وەعەرزی ناکەوێ.

ناحەقیشی ناگرم، ژنێکی کاڵ و کرچ(بێتەجرەبە)، خاوولاوی بۆ هەڵکەوتووە، بەنیازە بە مرازی خۆی بیگەوزێنێ.

خوشکێ گیان! سەرکۆنەت ناکەم، لێم عەیانە دونیات قوونەکەو نەکردووە، کابرا زمانی بگەڕێ، من لەوسەری دێمەوە.

بۆ مەرج و گرێو، ملی لێ بادە و مەچۆ ژێر بارییەوە، بزانە چۆن جەزرەبەت دەدا و چۆناوچۆن ئابڕووت دەباتە سەر چڵووکی داران.

هەر ئەوەندەی لە مرە کەوت و دامرکا، تازە ئەو تینوگوڕەی بۆت نامێنی. ئیدی هەتا نێوت مینا بێ و بە روح زیندوو بی، ئەو دۆخینشلە بە چاوی سووک و چرووک، لێت دەڕوانێ و دەبێ ئەو ژوانە بە ژوانێکی دیکە پڕ کەیەوە. بەقا بەو قسە زریوە و بریوەدارانەی مەکە، ئەو پیاوانە هەتا بۆ نێچیر نەبنە شایەر، قەت کەسیان بۆ پێوە نابێ.

دەبێ گەڕەکەماڵێکت بە خۆیەوە لە دەور گێڕێ هەتا بە پێی خۆت بچییە باغەڵییەوە.

هەر ئێستا نێوی چەندەها ژنت بۆ هەڵدەدەم با بزانی هەوەس و ئیشتیایەکی تیژتێپەڕ و بە لاڕێدا چوونێکی گەوجانە، چۆن بە قیمەتی گیانیان تەواو بووە و کابرای دۆستی نێوگەڵیان، چۆن بۆتە دوژمنی قەسدی سەریان و چۆن گۆبەندی بۆ ناونەتەوە!!

"وێدەچێ بەمێرد بی، خۆت تێ هەڵناقوتێنم و حەدم نییە لۆمە و لەقەمت لێ بگرم، چون لێم عەیانە و سوور دەزانم هەرچی لەو دەقە و سەعاتەدا بیڵێم، وەک ئەوە وایە سەمام بۆ کوێر کردبێ".

قومێکی ئاو خواردەوە و چاوێکی لە تەلەفۆنەکەی کرد و گوتی:

ئەخە چۆن ڕۆژێ سەد هەزار جار خۆمی لەسەر نەگێڕم!

چاو چی بۆ نووسیوم؛ تۆ دینت چاوی لێکە!

"تۆ بەڵێنیم پێ بدە با من بەرەو ژوان ببمەوە، بمدەیە ماچێکی تەڕ لەو لێوە با جوان ببمەوە."

من: کچێ خۆ من شەویلکەم شل بوو، نەمدەزانی هێندە خۆشبوێر و دڵبەسۆی، هەرچی لێت دەڕوانم کەڵکەڵە و دڵەتەپەت لێ دەباری، هەرچی زاریشت دەکەیەوە، عیشق و هەوەس وەک ئاورێکی بەگڕ، کڵپە دەدا. وادیارە کابرا چاکی گیرۆدە و شەیدا کردووی و زۆر پیس دەرەتانی لێ بڕیوی"!

+ "نا، نا، تۆ نازانی ئەو قۆڵەمیرە چ خزمەتێکی پێ کردووم! ئەو نەبایە سەگ و شوانم دەهاتەوە".

هەروا خەریکی بە شان و باڵ هەڵگوتنی کابرا بوو، گەیشتینە سەری کۆڵانەکەیان. کوڕە جحێڵەیەک بە گەرمکونێکی وەرزشی شین و ئارەفگیرێکی سپی و جووتێک سەرپایی جیری نارنجی، چاوی تێ بڕین و بێ یەک و دوو بەرەوپیرمان هات، زانیم کابرای گۆرین بۆ کارقایمی، بۆخۆی نەهاتۆتە دەرێ.

گوتی: سڵاو خانمەکان، ناردوویانم لە دووی سەحەر خانم.

مینا خێرا گوتی: ئەمنم ئەمن.

مینا پاش ماچ و مووچ و دەریایەک بەقوربان و سەدەقە بوون، لێم هەڵبڕا و وەدووی کوڕە کەوت.

بە وردی لێم ڕوانی، هەرچی لێم دوورتر دەکەوتەوە، هەنگاوەکانی قورستر هەڵدێناوە، وەک کەسێک لە نێوان عیشق و دڕدۆنگی و دوودڵیدا مابێتەوە. پێمابێ زیبک و پلارەکانم، دڵی کرمێ کردبوو. ئاورێکی داوە، زۆر پەشۆکابوو، ئەرخەیانم کردبوو کە پاش چوونی بۆ باڵەخانەی کابرا، کۆڵەوار بووە و دەبێ خۆی بۆ قەومانی زۆر شت ساز کا، یەک لەوان، بێدەنگانەیە.(باجی بێدەنگی). جا چۆنی بێدەنگ دەکا، ئیدی ئەوە کابرا دەزانێ و کەیف و مەیلی خۆی.

ئەو ڕۆژە پەکی کلاس و دەرسم خست.

ئیستێکی پێچوو، کوڕە جحێڵەکە بە کۆت و شاڵوارێکی ڕەش و کتێبێک بە دەستەوە، هاتە دەرێ و ملی ڕێگای گرت.

بە تەقڵەکوت وەدووی کەوتم، ئەوە لە داخی خانمێش، کەف هەڵدەخرێنم و دینم لەلا نەماوە، بەرپێی خۆم نەدەدی، چاوم ڕێشکەوپێشکەی دەکرد، ئازای ئەندامم دەلەرزی، لە برسان دڵم لە بوورەوە دەهات و بەو پاییزە، چینچین ئارەقەیەکی سارد بە تەختی پشتمدا جۆگەلەی دەبەست، ئیدی بڕستم لێ بڕابوو، تین و تاقەتم نەبوو یەک هەنگاوی دیکە هەڵێنمەوە، بۆیە لە سەری چوارڕێیەک، ونم کرد و گەڕامەوە جێی خۆم. سەعاتێک خۆم خافڵاند، هەر نەبوو.

ئەورۆژە خەریک بووم سەری بێدەلاکم دەتاشی، دوو کەسی فامیدە و بالغ بە ویست و خوازی خۆیان، ژوانێکیان پێک هێنابوو، من دەسبەرداری ژنە نەدەبووم و پێم وابوو بەرخەتایە. وەختێک قسە بە تێکوڵەکانی بەهێند وەرنەگرت، ئەوجا زانیم کە ئەو عیشقە پیسە کەڕ و کوێری کردووە، تازە هەرچی بیکەم و بیڵێم وەک کوتانی ئاسنی ساردە.

ئەوانە هەتا خۆیان بە پەلێکدا نەکەن، ناحەجمێن و قسەی کەسیان بە گوێدا ناچێ.

هەر چۆنێک بوو، ڕێگای ماڵێم گرتە بەر.

نەمدەویست دیزە بە درخۆنەی پێ بکەم و ئەو هەڵەوپەڵە زەقە، بشارمەوە. ئەو ژنە، ژنێکی شایی‌بەخۆ و مەند و ماقووڵ بوو، ژنێکی سووک و چرووک نەبوو.

نەرمەبارانێک بە کزەی باوە دەباری، چوومەوە ماڵێ، دەستم بۆ ڕەش و سپی نەدەچوو، لە هیچ و خۆڕایی سووچ و ئۆباڵی ژنەم وە ئەستۆی خۆم گرتبوو. دڵ بەخەم و دەستەوئەژنۆ دانیشتبووم، بەربینگم بە خۆم گرتبوو، لۆمەی خۆم دەکرد، و دەمگوت ڕەحمەت لە پێشینیان، ڕاستە گوتوویانە: "گەوادی وەک پێڵاوی تەنگ وایە، هەر یەک دوو ڕۆژ لاقت دەگرێ، پاشان بە ئیشتیا جێی خۆی دەکاتەوە"، منیش لەسەرەخۆ خەنجەرم لە کالانێ ناوە و هەستام ناندێنم کردەوە، کولێرە ناسکەیەکم دەرهێنا و بە یادی منداڵی، بە ویشکی و بە گاز وەریگەڕامێ، لە دۆنێشەوێوە مۆری زەوادم نەکردبوو.

بەربەرەکانی من و ڕەوشە لێڵەکە سێ چوار سەعاتێکی خایاند.

گورجوگۆڵانە کەوچکێکم شۆرباو بە دڵی خۆم وەسەرنا، تەڕەکەباب کەوتە وردە قوڵتان، گازەکەم خەفە کرد و دانیشتم، پاڵم داوە و لاقم لێ ڕاکێشا.

فکرێکی ئاڵۆز هەڵیگرتم، چاوم لە تەلەفۆنەکەم کرد، ئێ! کورتەنامەی خاتووزینێ بوو.

غیرەتی دڵم نەبوو بیخوێنمەوە، دەترسام مەزەندە و دوودڵییەکەم وەڕاست گەڕابێ.

نووسیبووی: "سڵاو خانم گیان، سەبارەت بە بەیانی زۆرت لێ مەمنوونم، هەتا دڵ دەبا، بەکەیفم، هومێدەوارم بە قیسمەت هەموو عاشقان بێ. قسەی خۆشمان بێ، زۆریش لە عیشق بەگومان و دڵپیسی. وا مەبە کچەکێ، زەرەرخورد دەبی بەرخم. ئەو بایە لەو کونەوە بێ، من جارێ لێرەم، وەجانت دێنم بە زەنگلێدانێ ."

ئەوجار منیش بە ڕەحەتی و بێ دڵەترپە بۆم نووسییەوە:

"مینا گیان، مادام بۆخۆت داڵغە و دڵەکوتەت نییە، لە فکری پاشەڕۆژدا نی و ئەرخەیانی لە کردەی خۆت پەشیمان نابییەوە و لەسەر بڕیاری خۆت سووری، من سێ ساڵی عەلەنتەواو شێر و ڕێویت بۆ بێنمەوە، سوودی نییە و خۆم خوێنتاڵتر دەکەم و هیچی دیم لێ شین نابێ.

هەر ئومێدەوارم ڕۆژێک دانەیە بکەوییە پەکوو پەکوو و کاڵەک بە ئەژنۆت بشکێنی".

فکر و خەیاڵ هەڵیگرتبووم، پیاوی ژندار و ژنی بەمێرد، بە دزی و فزی تا کەنگێ بۆیان دەچێتە سەر؟!

سفرەم ڕاخست و ئاوەڕوونکەم لە قاپان کرد، تەڕەکەباب وەک کتروخوێ، ماڵی خواردنێ نەبوو، کەس تێی نەچوو.

چاک بوو کولێرەی دایکم بە فریامان گەیشت.

سبەینێ ئێواری، لە زانکۆ دەگەڕامەوە، هەڵیکردە با و گێژەڵووکەیەک، چاو چاوی نەدەدی. بە دەستێک ماقنەکەم (سەرپۆش) گرتبوو، با نەیبیا، لەو حانەدا زەنگ لەسەر زەنگ لێی دەدا، ئاخری هەڵمگرت. خات مینا بوو، فینگەفینگێکی گرتبۆوە، سەری بە ئانیسکەوە هەڵدەقەندرا، گوتی: لەگەڵ کابرا کڵاوەکەمان تێکەڵ بووە، وەدیوی دەرێی ناوم و ئێستاش نازانم سەر بە کوێ داکەم.

هەرچی دەکەم و دەکرێنم، دەستم لە دڵم نابێتەوە بەجێی بێڵم، ئەوشۆ خوشکی خۆت بشارەوە، بزانم تا سبەی چ دەقەومێ .

گوتم لە کوێی؟

لە پیاوێکی پرسی، کابرا گوتی: ئێرە "سەلسەبیل"ە.

ئەوە منیش لە "دەرەکە"م لە باکووری تاران، زۆر لێک دوور بووین.

گوتم تاکسی بگرە، وەرە بۆ ئێرە... سەعات یازدی ڕەت کرد، نەبوو، سەعات بوو بە یەک، خەونووچکە دەیبردینەوە، ژنە تەلەفۆنی کووژاندبۆوە و دەستی ئێمەی لە خەنە گرتبوو.

بەیانی بۆوە، گوتی دۆنێ شەوێ ماشێنێکی شاسی بڵیند، شۆفیرێکی جوانچاکی لەسەر بوو، بۆی ڕاگرتم، شەوێ میوانی ئەو بووم".

لێوی خۆم گەزت، ئەها، دەڵێن حەیا تنۆکێکە، ئەگەر ڕژا، دەڕژێ.

ئەو ژنە پێرێ بەیانی بەحەیا و ئەدەب، سەنگین و گران بوو، شا شەرمی لێ دەکرد.

گوتم: دڵت نەهێشێ، گەر شەوێ حەوت سەنیران بکەی و بستێک جێ شک نەبەی، هێشتا ناهێڵم بێیە ماڵی من.

تۆ کێی و لێرە چ دەکەی؟

گوتی: تۆ هەر سەرێکی لێ دەزانی، من بەمێردم و ئەوە بۆ دوو حەوتوو دەچێ تۆراوم، ئاغا حەزلێکردوویی دەکرد، ئەو شێرزاد-ە تێی گەیاندم و وشیاری کردمەوە، ڕەفیقی مێردەکەمە، دوو سێ کەڕەت کێشک و کەوانی بۆ دابوو، ئیدی ماڵی ئاوەدان بێ لەگەڵ تۆ، لەو خەوە قورسە ڕایتڵەکاندم. کابرا وەرهەمی ڕەشی پێ هەڵێنابووم، تووشی خەمۆکی ببووم، ڕۆژێک شێرزاد قسەیەکی جوانی کرد، گوتی:

خۆ تۆ لەبەر منداڵان ناتوانی تەڵاق وەرگری و ئەوە گوڵەی مێردیشت لە بنەوە خەریکە، تۆش پێی بسەلمێنە کە گەر بۆ تۆ هەیە لەچکەبەسەر، بۆ منیش هەیە کڵاوبەسەر و تۆڵەی خۆتی لێ بکەوە.

بۆیە هەر منەتباریم و قەتم چاکە و پیاوەتییەکەی لەبیر ناچێ. تۆ نازانی چۆنی ڕزگار کردم، وەک شایەر پێیدا هەڵدەگوتم. دەیگوت تۆ بۆخۆت دەڵێی برینجی سەدری، عالەم قوڕاوخۆرە جوابی سڵاویان دەیەوە، بۆ دەبێ بێڵی ئەو پیسە، حەزلێکردووییت بەسەرەوە بکات! ڕاستیشی دەکرد، خۆزگە بزانی ئەو پیاوەی دۆنێ شەوێ میوانی بووم، چی دەگوت.

شێرزاد وای عاشق کردووم، دەڵێی کچۆڵەی هەژدە ساڵەم و تازە عیشقم دارەدارە دەکا.

کچێ دۆنێ شەوێش، خەتای خۆم بوو، ژنەکەی زەنگی لێدا، گورجێک منی لە مستراح ڕۆکرد و دەرگای لەسەر داخستم، هەتا نەیەمە بەر چرایە. وەهای خۆ بە قوربان و سەدەقەی ژنە دەکرد نەبێتەوە، خۆی تلیساندبۆوە، دەتگوت مەجنوونە، بۆیە کردمە قاڵمەقاڵم و ئەویش پیلی گرتم و کۆڵێکی قسەی سووک و ناجایز پێ گوتم و مانتۆی بۆ فڕێدامە حەساری.

باشە ئەگەر ژنەکەی خۆش دەوێ و بی ئەو ناژی، چی لێرە داوە و بۆ ژوانێک هاتۆتە تاران!"

+ دەی خات مینا! بۆ لۆمەی مێردەکەت دەکەی، ئەو سەرلێشێواوە لە دوو لاوە زەرەرخورد بووە، زڕدۆستێکی خوێڕی و ناپیاوێک، هەم بە خۆی، هەم بە خێزانەکەی غەیان بووە.

گەر بابی درۆی نەگابوو و مەردازایی دەکرد و بۆت ببووە مامەخەمە، وەک ڕەفیقێکی گیانیگیانی ئەو گرفتەتانی یەکلا کردباوە، نەک بە قسەی هەڵلەقمەلەق و بە درۆ و دەلەسە، ئەوەندی دیکەی کابرا لەبەر چاو ڕەش کردبای و بە زمانلووسی خۆی لەناو دڵت ترینجاندبا و تەماحی تێ کردبای.

هەستە بگەڕێوە سەر ماڵ و زیندەگی خۆت، گەرچی ئاوی ڕژاو خڕ نابێتەوە و تازە روح بەرییە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان نابییەوە میناکەی پێری بەیانی.

دانیشن، چۆک بە چۆکی یەکەوە نێن، گیروگرفت و گرێوگۆڵەکانتان بێننە گۆڕێ، خۆتان یەکچاو کەنەوە و لایەکی بە لایەکدا خەن. پرس و ڕاتان بە گەورە و دڵسۆزی خۆتان بێ. هەموو مرۆڤێک هەڵە دەکا، گرنگ ئەوەیە، زوو وەخۆ بێتەوە و مشوورێک لە خۆی بخوا.

لەو حانەدا باتری تەلەفۆنەکەم تەواو بوو و کووژامەوە.

لە ژنەش وایە بە ئانقەست لەسەریم داخستووە، ئیدی نەیگرتبوومەوە. دوو حەفتەی پێچوو، پەیامی نارد،

گوتی: بریا لە سەری کووچەکە، بەزمی شەپت بۆ گرتبام، خۆزگە قەلەمی لاقت شکاندبام و لغاوت کردبام.

+ سڵاو، چ بووە، چ قەوماوە؟

- ئەورۆ تەڵاقی دام، منداڵەکانیشی نەدامێ، مارەییش، یەک تمەنم نەکەوت، دوو شاهیدی هێنابوو، یەکیان شێرزاد بوو.

کەیسێکی واقعی بە تۆزێک ترش و خوێوە

ناوەکان خوازراون

٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## غەریب ماوم لە تارانێ.

مانگی سەرماوەزی ساڵی ٨٧ی هەتاوی بوو، لە زانکۆی تاران دەمخوێند، ماڵێکی چکۆلە و جوانیشم هەبوو لە دەرەکە(شێمیرانات).

حەفتەی دوو ڕۆژ لە زانکۆوە(پردی گیشا) لەگەڵ یەکێک لە ئوستادەکانم دەهاتمەوە سەرێ، ئەویش ماڵەکەی چی وا لە ئێمە دوور نەبوو.

چارەگی مابوو بۆ پێنج، گەیشتینەوە مەیدانی دەرەکە، هەر لەوێ دابەزیم و بە پێیان هەڵگەڕامەوە سەرێ.

هێشتا لە هەورازەکە وەرنەسووڕابوومەوە، ئوستاد زەنگی لێدا

+ "خانمی قادری ئازیز! بۆچی نەتگوت بابم لێرەیە؟"

- جاکوا بابم لێرەیە؟ باسی چی دەکەن ئوستاد؟

+ ئەلحان، لە بەرامبەر بانکی تجارەت دیتم، لە پشتەوەڕا بە جلەکانیدا ناسیمەوە، لە ئاوێنەی ماشێنەکەڕا لێم ڕوانی، بۆخۆی بوو، من دەگەڕێمەوە و هەڵیدەگرم و دەیبەم بۆ لای بابم.

- "ئوستاد، ڕاوەستە با زەنگێک لێدەم بۆ ژمارەکەی، نەکا بەیانی لە نەخافڵ هاتبێ و دەنگی نەکردبێ، منداڵ لە مەدرەسە، هاوسەرم لەسەر کار؛ خێر، بێ و نەبێ بابمە".

زەنگم لێدا بۆ بابم، یەکەو زەنگ هەڵیگرت، دڵم داکەوت، تەپەتەپی دڵم دەهاتەوە نێو قوڕگمەوە، پشووم سوار ببوو، قسەم بۆ نەدەهات.

- بابە گیان لە کوێی؟

× بۆ؟ چ بووە کچم؟ ئەو دەنگەت بۆ وایە دایکی دایکم؟

- بابە لە بۆکانی؟

× ئەدی ڕۆڵە، ئەی لە کوێ بم؟ ئەوە لە دووکانی فاڕووق خان لاقم لەسەر داناوە و چای دەخۆمەوە.

ئەرخەیان بووم بابم نییە، ئەوجار کەوتمە پێ و سۆراغی کابرای کەواوپاتۆڵ لەبەر.

دەوران پشتی بانکەکە گەڕام، عەبدێک دیار نەبوو.

لە دڵی خۆمدا گوتم، تۆ مەزانە ئوستاد دەزانێ من کوردخۆشەویستم، پێی ڕابواردووم، یان دەنا بەڕاستی کوردێکی دیتووە، پێی وابووە هەموو سمێڵسوورێک هەمزاغایە.

لە سووچی قاوەخانەکەوە، چاوێکم بەسەر پردەکەدا گێڕا، هەو بوو، ئەوەی لێی دەگەڕام.

لێی چوومە پێشێ، سڵاوم کرد، یەک بەخۆی هەڵبەزییەوە، هەر من دەزانم چۆن گەشاوە! دەست و موشتاقمان کرد، خۆم پێ ناساند و پێم گوت کە نەمدەزانی دەرەکە، جگە لە ئێمە، کوردی لێبێ.

گوتی: نا کچم، منیش غەریبم لێرە، ماڵم لە دێیەکی سەر بە بۆکانە.

پیاوێکی قیتوقنج، ڕێکوپێک، پۆشتە و پەرداخ، کەواوپاتۆڵێکی مرادخانی ڕەش لەبەردا، پشتێندی کریپی گوڵ ورد و پێچێکی ژۆژی گوڵ سپی بە مۆدی ناوچەی خۆمان بەستبوو، ڕیشۆی لێ شۆڕ کردبۆوە، باڵتۆیەکی پەشمی تووسی هەتا سەر چۆکی و جووتێک کەوشی پاک و خاوێن و بۆیاغکراو لە پێدا، لێی ببوون بە نەخش.

چاوم لە چاوەکانی بڕی، خەمێکی قورس تێیاندا دەهات و دەچوو.

- "مامە گیان، چاو و دڵم ڕوون بۆوە، دەڵێی خودا خەنی کردووم، دەی لە کوێ میوانی؟"

هەر وام گوت، لێوەکانی وەلەرزە کەوت و چاوەکانی خووسا، فرمێسک دەتگوت مرواریییە لەداوکێشراوە، دوابەدوای یەک،

بەسەر ئەو ڕدێنە سپییەیدا بازیان دەدا سەر گیرفانی کەواکەی؛ خێرا دەسرەیەکی سپی گوڵچندراوی لە گیرفانی پاتۆڵەکەی دەرهێنا، لەسەر لەپی دەستی ڕایخست و ڕووی لەوبەر کرد، چاوەکانی سڕییەوە، چاو وەک گۆمی خوێنیان لێ هاتبوو.

ئیدی زانیم ماڵی بەجێهێشتنێ نییە.

+ کچم! بە لەشی ناخێرم، دۆینێ گەیشتوومێ، ئێستاش دەرکراوم و ئاوارەی کووچە و بازاڕم.

- حەک کوێراییم دایە، مومکین نییە بەجێت بێڵم، فەرموو با بڕۆینەوە ماڵی کچە چکۆلەی خۆت. ئەلحان هاوسەریشم دەگاتەوە، کوڕەکەشم لە ماڵێیە.

+ ڕووت سپی بێ کچم، یەکێکی وەک کچەکان.

- هەتا ماڵێ، یەک قسەی نەکرد، کووچە تاریک و تنۆک بوو، پێمابێ هەر فرمێسکی هەڵدەوەراند.

گەیشتینەوە ماڵێ، کوڕەکەم لە جێگای بەیانی خزابۆوە و چاوی لە فیلم دەکرد، ماڵێکی شپرێو، دەتگوت گووی شێتە، لاق تێیدا هەڵنەدەهاتەوە، قاپ و قاچاخێکی زۆر کەڵەکە کرابوو، جێوبانی بەیانی هەر لە گۆڕێ بوو، بۆخۆشم ماندوو و مردوو، ئازای ئەندامم دەیزریکاند، پێم خۆش بوو ڕاکشێم، لە تۆقی سەرمڕا هەتا بەری پێم بشێلن.

- مامە گیان خەجاڵەتم، قەت ماڵ و حاڵم ئاوا شڕوشپرزە نەبووە، ئەورۆ درەنگ وەخەبەر هاتین.

+ "بەقوربانی ماڵەکەت بم، خودا هێلانەت لێ تێک نەدا، ئۆخەی دەست و پەلم تینی تێ کەوت".

هیچی وامان نەبوو بەو دەمودەستە بگاتێ، زەنگم لێدا بۆ هاوسەرم، لەگەڵ دەستی خۆی، خواردنێکی بەڕێوجێی هێناوە. مامە گیان لەکن من شەرمی دەکرد، هەر ئەو هاتەوە، لاقەکانی ڕاکێشا، جا ئەوجار هەستا دەستنوێژی گرت و بەرماڵەکەمان بۆ ڕاخست، لەسەر بەرماڵەکە ڕاوەستا، فەرمووی:

" ئەوساڵ هەتا جووتم کرد(کێڵانی زەوی)، بڕێک وەدرەنگی کەوتم، دەنا هەموو ساڵێ سەر لە پاییزێ، خەرمان لۆغەم بۆ منداڵەکان بردۆتە ماڵێ. لەگەڵ ئەو ژنە(خێزانی)خەڵاتی خودایان بۆ دەپێچینەوە، هەموو جارێ پشتی ماشێنمان قەڵاقەڵا

کردووە بۆ کچەکان، بەشی کوڕەکەشمان هەمیشە بەزیادەوە داناوە، گوتوومانە قەیدێ ناکا، لە غەریبایەتییە، خەسووخەزووری لەگەڵ لە شارەکەکە دان، دیارە چاوی لەوەندە ڕۆن و پەنیر و دانەوێڵەیە نییە، بەڵان هەر دڵ پێی خۆشە، سەربڵێندییە، با نەڵێ لە کچەکانیان هەڵاواردووم.

بەو قوڕئانەی مامم لەسەر ڕانی ڕاستەی داناوە، هەتا کوڕی منە، باقەیەکی وێنجە گرێ نەداوە، چڵێکی نۆک نەڕنیوەتەوە، لەوەتی هەم، نە خوشک، نە برا، کەس نەبووە دڕوویەک لە قالبم دەرهێنێ، هەر تەنیابااڵ و بەتەنێ بووم، با زۆری لەسەر نەڕۆم".

نوێژەکانی گێڕاوە و لۆیەکی بەرماڵەکەی بەسەریەکدا داوە و دیسان چۆوە سەر سوژدە، وەک مەنجەڵ دەکوڵێ.

- مامە گیان بۆ وا دەکەی؟ خۆ بێتو ئاوا بکەی، ئەوشۆ سەکتە دەکەی!

هەستاوە، چاوەکانی بە بەری دەستی سڕییەوە،

+ ڕۆڵە ڕەببی هیچ دایک و بابێک، ڕەنجەڕۆ نەبێ، بە پێنج ساڵیش دەستێکم کەواوپاتۆڵ نەدەکڕی، خڕم کردەوە و وەسەر یەکم دەنا بۆ منداڵەورکان، بارها مشکڵۆزمەی نەوسی خۆم بووم، قەت دڵم نەهات لە دەرێ نۆشابەیەک بەبێ ئەو منداڵانە هەڵپێچڕم، بە خوم نەبوو، وەگیانم نەدەکەوت، ئەوەش منداڵ! وەڵا وای ئەمەگ دامەوە، هەتا گلەبانی چاوم دەکەن، غوددەیەکی ئەوەندەیە لەسەر دڵم.

هەرچەندی عەیبە پیاو باسی خواردنیش بکا، بەلان هێشتا بۆخۆم تامی گوێزی ئەوساڵم نەکردووە، کەچی سی دانە کیلۆم بۆ هێناون، دە بەو قوڕئانەی لەبن سەری ئەو کوڕەت ناوە، بە زاریاندا نەهات بڵێن بابە دەستت خۆش بێ.

هاوسەرم: باشە مامە گیان، دڵی خۆت تەنگ مەکە، مەگەر هەر پێمان ڕازی نەبی، دەنا بە سەر و ماڵەوە لە خزمەتت داین.

+ ڕەببی حەمەدرێژ(عومردرێژ) بی ڕۆڵە، ڕەببی هەر نەکەی و خودا بتداتێ، کوڕم! هێندێک دەرد و خەفەت هەن، نە دەگوترێن و نە دەشاردرێنەوە.

ئەوڕۆ لەسەر نانی بەیانی، لەکن خەسوو و خەزوور و ژن و منداڵەکانی، بەو سەرمایە دەری کردمە دیوی دەرێ، هێندە لەو کووچە و کۆڵانە هاتووم و چووم، ئاوی لاقم چندراوە، لە دۆینێ شەوێڕا، ئەوە تازە مۆری چای دەکەم.

پووڵی نەغدم هێندە پێ نەبوو تاکسی پێ بگرم هەتا کارێژەکە(تێرمیناڵ)، دەنا یەک سەعات لەو شارە بەند نەدەبووم، ئەوەتا ئەو کارتەشم پێیە، کچەکان ئەوەندە نییە بۆیان وەرگرتووم، غایەتێکی نازانم پووڵی پێ دەرکێشم، دەنا تۆ سڵامەت بی، شکور تێی دایە، پووڵی چاکی تێدایە.

- هەی نامەردی کەم، کابرا لە ماڵی خۆی، دەستی ڕێز لە دوژمنەکەی دەنێ، جا چۆن ئەو بابی خۆی دەرکردووە! بۆخۆم بە کوڕەکانی خۆماندا دەتنێرمەوە، خەمت نەبێ.

+ دەبێتە خەجاڵەتی لە ڕووی ئێنگۆ، فەرقی لەیلا و کچەکانیش نییە، بۆخۆتان دەزانن کابرا ئەگەر پیر بوو، تڕین و کۆخین بەدەست خۆی نییە، خۆ بەو عومرە گەیشتووم، دوو جار ڕێم لە دوکتور نەکەوتووە، ئەلحەملای قالب و بەدەنێکی خۆشم هەیە، بەڵام وای دادەنێین، وا نەبایە و خودا بەوی ڕۆژێ نەکا، زەلیل سەرجێ بایەم و ئەو کوڕە خزمەتی کردبام و پیسایی لێ گرتبام!

ئەوڕۆ، بەرەبەری بەیانی هەستام دەستنوێژ بگرم، مستەڕاحەکەیان بەسەر هاڵەکەوەیە، خەسوو خەزووری شەوێ لەوێ مابوونەوە و خەسووی لە نێوەڕاستی هاڵەکە، لەسەر ئەو چەقە ڕێگایە خەوتبوو. چوومەوە وەتاغێ پێچەکەی خۆم ڕاخست و نوێژەکەم لەسەر کرد.

بەیانی سفرە ڕاخرا و هەموو خڕ بوونەوە، جەعفەر هەر مۆنەمۆنی بوو، لە گوڵی سفرەکە مۆڕ دەبۆوە و جاروبارە چاوێکی لە لاق و لەتەری منیش دەکرد، ژنەکەی و خەسووشی هەر چاویان لێک دەکرد و بزەیەکیان دەهاتێ، چاوێکم لە بەرونێفەکی خۆم کرد، ئەی گوتم نەکا، شتێکم لێ قەومابێ.

دەی، وەسەر خۆم نەهێنا، کوتێکم کولێرە هەڵگرت، دەستم برد بۆ پیاڵە ماستەکە، جەعفەر وادەکا:

× "بابە! ئەوە تۆ پێت عەیب نەبوو بەسەر خەسوومدا چوویەتە پێشاوێ و لەوێش با لەسەر با لێت بۆتەوە! باشە خۆ تۆ منداڵۆچکەیەک نی، چۆن دەبێ قوونی خۆت پێ نەقووچێ! تۆ دەزانی ئەو ماڵە چەندەیان حورمەتی تۆ لەبەرە! یان دەنا دۆنێ شەوێ، بە دوو قوم نۆشابە، پەنجا قرقێنەت(قرپ) داوە، ئیدی گوێت لەوە نییە، ئەو شتانە منی پێ سووک دەبێ.

خۆ ئێرەش مەزرا و مووچەکەت نییە، کەست بەدیارەوە نەبێ، هەرچی پێت خۆش بوو بیکەی، ئەوجار پێت وانەبێ من بەو نەختاڵە دزەنەخۆرەی بە کۆڵت داداوە، بەڕێ دەچم، کامە نۆبەرە و سەرگوڵی خواردەمەنییە، دێتەوە ماڵی من".

+ پەکوو ئەو ئابڕووبەرەیە، چۆنی تڕۆ کردم! لە خەجاڵەتییان، قسەم بۆ نەدەهات، ئارەقەی ڕەش و شینم دەرکرد، نازانم بۆ نەبوومە تنۆکێک ئاو! لەتکە کولێرەکەم داناوە، چاوێکم لە بووکەکە کرد، گوتم ڕەنگە بە گژیدا بێ، چون قەت فەرقی ئەو و کچەکانم نەکردووە، ئاگام لێبوو بە دەمییەوە پێ دەکەنی و بە چاوی دنەی دەدا.

بە دم گریانەوە ئەوەندەم گوت، گوتم: ڕۆڵە من وەک بابی خەڵکی، نە شەڕەجنێوم لەگەڵ کردوون، نە لەکن ئێوە قەت شۆخی و سواحبەتێکی بە جۆرێکم لەگەڵ دایکتان کردووە، نە قسەیەکی سووکم بە زاریدا هاتووە، کەنگێ منتان بە بن پاتۆڵەوە دیتووە!؟ بریا هەموو کەس بەقەد من حەیابەخۆ بایە، مەنعت ناکەم، قەت نەمهێشت کەمایەسی بکێشی، ئاغای کەر و تووتنی خۆش، هەر ئەو کوڕەی لێ دەردەچێ، جەعفەر."

بێ ئەوەی زمانی بگەڕێ، هەستا سیغارێکی بەبا کرد و منیش بە دڵشکاوی چوومە وەتاغێ، خۆم پێچاوە و عوزرخوایی و ماڵئاواییم لە خەسووی خواست و وەدەر کەوتم.

ڕۆڵە! من ئەوەم نەچاندبوو، بۆ دەبوو ئەوە بدروومەوە.

ئێمە دوو برا و خوشکێک بووین، براکەم تازە پێی هەڵگرتبوو، لە بیری(چاڵاو) ماڵی باپیرم کەوت، من و خوشکمماینەوە، خوشکم خۆی نەناسیبوو، باپیرم لە بۆکان بەمێردی دا، ساڵەوساڵ نەیاندەهێشت دەرگای ماڵمان بکاتەوە، دایکم و بابم هەمیشە چاوەنواری بوون، ئەویش لە ڕێزەی نەبوان بوو.

کوڕی گەورە بووم، نەیانهێشت سەرم لە هێلکە بجووقێ، کچە پوورێکی خۆمیان لێ مارە کردم، یەستا دەزگیراندار بووم، شەوێک بە دمەقاڵە و شەڕوکێشەی دایکم و بابم وەخەبەر هاتم، زۆر کەم وابوو سەروکلاویان تێک گیرێ، بەڵام ئەو کەڕەتە، بابم هەتا شلشل بوو لە دایکمی دا و ئاڵقەڕێزی دەرگاکەی خست و هات لەکن من لێی خەوت.

ڕۆژ بۆوە، دیتم هەموو سەروچاوی دایکم جێ چنجرووکە، دەگریا و بەو فرمێسکانە دەکزاوە، بە کەس زەوت نەدەبوو.

بابم گوریسێکی لە تەویلەڕا هێنا، دایکمی بە کۆڵەکەی نێوماڵەکەوە بەستەوە و گوتی:

"هەتا شەوێ بۆخۆم دێمەوە، نایکەیەوە، جەماوجەم نانەکەی بە دمەوە کە و لێی گەڕێ".

گوتم: بابە تۆبی ئەو خودایە پێم بڵێ تاوانی چییە؟ تۆ کەنگێ دەستت لە دایکم هەڵێناوەتەوە؟

بانگی کردمە حەسارێ، دڵی پڕپڕ بوو، گوتی: "دایکت دەمێکە تێکچووە ئەحمەد گیان، دوو شەوە لە دەرێ دەیهێنمەوە، نیوەشەوێ دەچێ لە دەرگای خەڵکی دەدا، قسەی سووک دەکا، ئەوشەویش تیتۆڵی بەبەر خۆیەوە نەهێشتبوو، چاک بوو وەخەبەر هاتم و گەیشتمە سەری، دەنا حەیای بە هەزار ساڵمان دەچوو".
خەسووم دەبووە خوشکی دایکم، زانی ئەو حاڵە بەوحاڵە ناشی، سوعدای بە جلی خۆیەوە ناردە ماڵێ و ئیدی نە ڕەنگی بووک و شایی و ڕەشبەڵەکم دی و نە زانیم زاوایەتی چۆنە.

بابم، ماڵە شێخ و سەید و مەلا و پیاوچاکی ئەو ناوەناوە نەما خۆی تێ نەخا، دە قەیتانی هەر نوشتە بە ملییەوە هەڵواسیبوو، دایکم هەر دەهات و ئاڵۆزتر دەبوو، دەستی دەوەشاند، شتی قلێپ دەکردەوە، سەروپرچی خۆی دەڕنی.
ئەو دڵەم بۆ نەدەتۆقی، وەختێک منداڵ بە شێتە شێتە وەدوای دەکەوتن و خڕکە بەردیان تێدەگرت! هەر بۆخۆم دەمشووشت، سەعاتێک، هەر پرچیم بۆ دەهۆندەوە، کەس نەیزانی ئەو کەیخوداژنە خانەدان و ماقووڵە بۆ ئەئاوای لێهات! نیوەی زیادی منداڵی چوار دێ ئەوبەرتریش، لەسەر دەستی دایکم لەدایک بوون، مامانێکی(قابیلە) کارکردە بوو، دەهاتن بە دوویدا، دێ بە دێ دەڕۆیشت.

شەوێکی، حانی خەوتین، بەفر، کلۆکلۆ کلاوەی دەکرد، وەختایەکی هەستاین هەتا سەرووی پشتێن، بەفر نیشتبوو، جێگای دایکم بەتاڵ بوو، دڵم داخورپا، بابیشم لە جێوبانەکەدا خۆی مات دابوو، نازانم سەرمای بوو یان هێزی ئەژنۆی نەبوو هەستێ، داخورپام، دەرگای نێوماڵەکەم کێشا، لەودیوڕا داخرابوو.

ئاخ دایە گیان، بریا لەو خەوەمەرگە ڕاچڵەکیبام و ئەو لەشە لاوازبووەتم تێر بە خۆمەوە کوشیبایە و نەمهێشتبایە روحە میهرەبانەکەت لە ئامێزی ساردی بەفردا دەرچێ.

دایکم، ئەوشەوە دەرگای کردبۆوە و سەری خۆی نابۆوە، نە جێ پێی دیار بوو نە کەس بە سۆراغی دەزانی. هەموو وڵاتی لێ گەڕاین، داخەکەم! پاش پێنج ڕۆژ، لەنێو ڕمە بەفری لاپاڵاندا دۆزیمانەوە، ڕووت و قووت بوو. دایکم زۆر جوان بوو، پرچەکانی درێژ درێژ، لەخوار پشتێندەکەی، دەستەکانی دەتگوت هەرمێشکە.

۱٤ی جانێوێری ۲۰۲۱



سەرچاوە
Serchawe

## گوڵان:

بانگێشتی سەیرانی ڕەفیقم بووم، دە دوازدە کەسی دیکەشی دەعوەت کردبوو، یەکیان ژنێکی بەلەباریکەی زەردەڵە و شەرمێون بوو، جووتێک چاویلکەی شووشە ڕەشی تێکردبوو، بەتەنێ لە سووچێک لارەمل دانیشتبوو.

گۆرانیمان دەگوت، لەبەر خۆیەوە دەیگوتەوە و نارەی دەهات، قسەی خۆشمان دەگێڕاوە، بەحاڵ بزەی دەهاتێ.

لێی چوومە پێشێ و وەقسەم هێنا، ئەوجار هەموو دەورەمان دا و تێی وەرووکاین؛

+ لە داوەتی شەوبۆی ڕەفیقم، عاشقی بووم، لە سەربان و بنبانەوە، نێر و مێ سەیریان دەکرد، لاوچاکێک بوو، نەزەری حەرام بوو، جا ڕانک و چۆغەیەکی شینکی لەبەردا، کراسی ڕەش و پشتێندی تۆڕی ڕەشی لەسەر بەستبوو، تەنکە ڕیشێکی هێشتبۆوە، دەتگوت لاسەشۆڕی باڵەکییە.

بە پاڵەپەستۆ خۆم گەیاندە قەراغ داوەت و هەر گەیشتە حاندی من، گورجێک چوومە دەستییەوە، تەواو شانم وە شان و شەپیلکی خشاند، لەبەر خۆمەوە گوتم: لە منت کەوێ گوڵان، ئەگەر کچی بابی خۆت بی، ناهێڵی کەس دەست لەو گەردنەی وەربێنێ:

ڕانک و چۆغە بۆر، نێوقەد شمشاڵی
بەژنی من و تۆ، بۆ یەک دەناڵی
ڕەشە ڕیحانە شین بوو لە باغی
خۆ تۆ ترياک نی لە من قاچاغی

چوار گەڕان هەڵپەڕین، چاوەڕێی دەست گوشینێک شتێک بووم! هیچ خەبەر نەبوو، غیرەتم وەبەر خۆم نا، توند توند دەستیم گوشی، بزەیەکی هاتێ و دوو جار پەنجەی گوشیمەوە، بە ئانقەست خۆم لێ دەخشاند، ئەو چۆغە مەرەزەی دەتگوت هاوریشمە، پڕ بەدڵ هەستم بە تینی لەشی دەکرد، ئەویش سەگە سەگەی بوو، دەنا دڵی بۆم دەکورکا و بەزمەکەی بەکەیفێ بوو.

بە هیچ کلۆجێ دڵمان نەدەهات داوەتەکە بەردەین، خەڵک دەستە دەستە دەهاتن و چەند پێیەکیان پێدا دەدا و دەڕۆیشتنە دەرێ، ئێمە کەوتبووینە گاوانییەوە، سێ ڕەمەکی و سێ جرتەکی، هەڵماندەخستەوە. کەس نەبوو بە مۆنەمۆن شاییم پێ بەردا و بمکێشێتە دەرێ.

ژمارە تەلەفۆنمان گۆڕییەوە و لە سبەینێرا، دەستمان کرد بە باوباوێن، حەزەحەزە و نامە و دیاری گۆڕینەوە و حەوتووی چەند جاریش دەخوشاین بۆ ژوانێ.

وەلحاسڵ، بە جیران و دەرکوبان و کەلێن و کەلەبەری خشت و بلووکەکانی ماڵەکەشیان عاشق ببووم و دڵم پێیان دەکراوە. بۆ هەر جێیەک چووبایەم، ڕێگام بەلای ماڵی یاردا لار دەکردەوە، ئەو شارە بەرینە، هەر کۆلانێکی تێدا بوو، ئەو کۆلانەش هەر ماڵێکی لێ هەڵکەوتبوو.

بە زۆرەملێ و پێچەڤێنی خۆم، بابم ملزەم کرد، دەنا دەیگوت بە هەزار کوێرەوەری و چەرمەسەری منداڵم هێناوەتە حاسەڵاتێ، کەسێک شوناس و دیوناس نەبێ، ڤەت کچی نادەمێ.

هەر دووک لاقم لە کەوشێک کرد و گوتم:

"هەموو نێرینەی دونیایەم لێ حەرام بێ، جگە لە سۆران".

هەرچۆنێک بوو، ئەو شۆڕەلاوەم داگیر کرد، شەوانە تێرتێر بۆنم بە سینگییەوە دەکرد و لە دڵی خۆمدا هەزار ئافەریمم بۆخۆم دەنارد؛ حەک رووت سپی بێ ڕۆڵە گولان، بۆ نێچیرت.

ساڵی تێوەرسووڕاوە، کچێکی جوانم بوو، لەسەر ماڵی خەزوور بووم و بۆ زۆر شت ملکەچ و چاولەدەست. بە شەرمەوە لەسەر سفرە دادەنیشتم و دەستم بۆ پێخۆر دەبرد، دەتگوت عالەم ڤامکم بۆ ڕادەدێرێ، وەختایەکی بە بەرچاوی خەزوورمدا، لە حەمام دەهاتمە دەرێ.

ئەو سۆرانەی بەڤەد هەموو دونیا جانبی منی دەویست، بەینێک بوو، یەک شەویش وچانم نەبوو بە دەستییەوە، وەها چڵێس و چاوبرسی ببوو، لە سووڕی مانگانەشدا نەیدەهێشت پشوو بدەم و بە پەلەڤاژە خۆ ڕاپسکاندنیش، دەربازبوونم نەبوو.

ئەسلاوئەبەدا زەوت نەدەبوو، هۆڕهۆڕ دەگریام بە دەستییەوە.

وام لێ هاتبوو، بە سەت بیانوو خۆم لێ دەدزییەوە و هەفتەی یەک دوو شەو دەچوومەوە ماڵی بابم. وەبیرم نایە ئاخرجار کەنگێ بۆنم بە سینگییەوە کرد، نازانم.

خەڵک سێ دەستی خەو کردبوو، ئەو هەر چاوی داقلیشاندبوو بە دیار فیلمی پیسەوە و هەرچی ئەوان دەیانکرد، دەبوو منیش بۆم بکردایە، دەنا بە گاز و نەقوڕینچکان گۆشتی لێ دەکردمەوە، نەیدەهێشت یەک چرکەش چاو گەرم کەم، دەیگوت ئاوا نەبێ ئۆخە لە دڵم نایە.

ئەخت و چارم کرد، لە ڕووم هەڵنەهات لەکن خەسوو و هێوەرژن و دشەکانم بیدرکێنم، دەمگوت تازە دەیکنە شووژنێک و هەر پەل ببزێوم، بە چاومی دادەکەن، ناچار پەنام بردە بەر دەروجیران و دەستەخوشکان، هەرکەس بە گەزی خۆی پێوای، یەک دەیگوت:

"جا قەت ئەوە قسەیە! کچێ لەسەر دمی دانێ هەتا پیشی هەڵدێ، یەکی دی دەیگوت بڕێنە بە کەللە سەری بابی بابە سەگیدا، بۆ یانی تۆ بەشەر نی! ئەوی دی دەیگوت بەینێکی چاک خۆتی لێ بدزەوە و برسی و تینوی ڕایگرە بزانە چۆن دەبێ، حاجیژن دەیگوت: گیرفانی پاتۆڵەکەی بگەڕێ، بزانە حەبی ئیشتیای تێدا نییە، ئەوە حاجیش بەینێک فێری ئەو فیعلە ببوو، هەتا درەنگانێک پێم نەزانی، گڵ خەبەری بۆ نەبا"!

+ قسەی هیچیان پەناباتێکی ڕەشی نەدێنا، خۆ گیام بە کێوییەوە نەخواردبوو، دەمزانی سۆران پیاوەکەی جاران نییە، بەلام خۆ دڵ سفرە نەبوو هەڵیرێژم.

دوو حەوتوو دەبوو زێڕەکانی بووکێنیم دیار نەبوون، ولاتم سەنگ و سووژن دا، هەتا وەدەنگ هات:

"لە گاوسندووقی دووکانم خستوون، براژنم دەستپیسە، زەفەریان پێ ببا، هەروا دەچێ، ئەوەنێ پێشینیان فەرموویانە: ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بە دز مەگرە".

منداڵەبەر بووم و بەو ڕۆژگارە منداڵ دەیمژتم و خەسووش وەک هەلووک هەڵیدەسووڕاندم، شەویش دادەهات بۆ حاڵی من، خۆ ڕوحم تێدا نەبوو لە ترسی کابرای دۆستی نێوگەلم.

بەو سەگمەرگییە ساڵێکم بردە سەر.

سۆران کەیفی لە جودابوونەوە بوو، پرسە گورگانەیەکی بە بابی کرد و بارگەوبنەمان پێچاوە .

حاشای لێ ناکەم، زۆرم دڵ بە دیزەی تەنیاییەوە بوو، بەڵام دۆخەکە هەو نەبوو، هەتا بڵێی نالەبار و لێڵ بوو، دڕدۆنگ بووم، بەڵام لەگەڵی کەوتم.

مەگیرانیم دەکرد، هەرچییەکم خواردبایە، گەرم نەدەبوو، بە هێڵنجان دەمهێناوە.

وەک قانگەلاشکم لێ هاتبوو، دوو میتر پشتێن، شەش دەورم تێ دەهالا، سوور لێم عەیان بوو، زێڕ و زەمبەرەکەشم وەک تۆوی هەرزنی لێ هاتووە و میرزا لە ئاوی کردووە، دەمگوت ڕەنگە زەرەرخورد بووبێ و لە ڕووی هەڵنەیە خۆی بشکێنێ، ئەو سۆرانەی من بیناسم، کل لە چاوان دەڕفێنی و جێی پڕ دەکاتەوە تەگبیروڕایەکیشم بە ماڵی بابم کرد؛ بابم یەکبەخۆی هەڵبەزییەوە، لێم هەستا سەر چۆک، زۆرم بەسەردا هات و سەرکۆنەی کردم، دەیگوت:

"ئەوە فیتی تۆیە نەرمەبڕ! تۆ ئەو هەتیوە دەبەیە قوون دەرکان، من تۆ دەناسم، تۆ دەتهەوێ بەرت بەرەڵڵا بێ، دەنا وەتاغی خۆت عەلاحیدە و بەلاوەیە، خەسوو و خەزووریشت وەک هەتاوی دەمکەڵ، عومری پیرە مەرێکیان ماوە. ئەگەر بە من دەکەی، لەسەر ماڵ و حاڵی خۆت دانیشە و مەترازێ و شڕەوشمەکت وەک قەرەچی بە کۆڵ مەگێڕە، سۆران دەست و پێ سپیلکەیە، خۆی پێ بەخێو نابێ ."

+ خەزوورم هاتە ڕەدایە و پێمل بوو، پووڵی ڕەهنی خانووی بۆ داین و ماڵێکی خۆشمان پڕ فەڕش کرد، ماڵ دەتگوت کۆشکی شایە، سەد لەشی ماندووی تێدا دەحەساوە.

----------

پاش سێ چوار مانگ، ئەو سۆرانە چڵێس و بەگرە، بەجارێ کەفوکوڵەکەی دامرکا و لە مرە کەوت. پێومانگی خۆم بوو، هاتەوە گوتی:

"گوڵان! مامڵەیەکم کردووە و زەرەدێکی زۆرم هاتۆتە پێ و ئێستاش دەبێ پووڵی ڕەهنی خانووبەرەکە وەرگرینەوە و بچینە ژێرخانی ماڵی فایەقی شەریکمەوە .

دڵی خۆت تەنگ نەکەی! شەرت و قەرار بێ، مەگین بمرم، دەنا ساڵێکی دی ئەوەدەمانە، خانووبەرەیەکت بۆ دەکڕم، دوو قەرەواش وەک داشە هارە، لەبن دەستتدا بێن و بچن، بۆخۆشت خانم و خاتوون، سووراوسپیاوی خۆتی بۆ بکە و دەستووریان بەسەردا لێدە".

+ "کەرە مەمرە بەهارە، کورتانت بۆ دێ لەو شارە!ئادی سۆران گیان! تۆ ئەسپەکە بکڕە جا ئاخوڕی بۆ هەڵبەستە! کوڕە تۆ بۆ بوویەتە چەلومل! لە داخانت وەزگم دا، وەرهەمم هەڵێنا، منداڵی دۆینێم، حەیاتی ڕەشت لێ بڕیم، زێڕەکەت لێ کردمە کڵاوی بووکێ، زەرداییت بەو تفڵەوە نەهێشت، ئەگەر شاشوێش پێتدا دەدا، دەبوو بمزانیایە ئارەقەت پێوە نەکردووە! ئەرێ چ ماوە نەیدۆڕێنی! بەینەڵڵا هەر من ماوم، بزانە نامفرۆشی، خۆت یەکچاو کەیەوە!

نۆ دانە مانگە دەزوو وە دەموچاوی من نەکەوتووە، وەک گورگی بۆرم لێ هاتووە، حەیا بتگرێ بە خۆت دەڵێی"پیاو."

لە جەنگەی وادا، وەبیری ئەو پەندەی بابم دەهاتمەوە:

**دەرد و مەینەتی دونیات بەسەرێ**
**قۆڵت لە کراس نەهێنییە دەرێ**

بەدەم گریانەوە حاجەت و حوجەتم پێچاوە و بە چاوشۆڕی ڕووم لە ژێرخانی ماڵی کابرای نەناس کرد.

کابرایەکی چوختی و ڕووبازاڕی، دەتگوت دە ساڵە شەڕە پارووم لەگەڵ دەکا. چاوی لەسەر سینگ و بەرۆکم هەڵنەگرت، زەیستان بووم، حەوتەم نەچووبوو، دڵم غایلەی کرد:

"ئەیەرۆ! ناکا عوزر لە قەباحەت خراپتر بێ و ئەو گورپەنەڕەیە مرخی لێ خۆش کردبێتم و تەماحی تێ کردبێتم"..

ڕێک لەسەر ساجی عەلی دانیشتین، گیرفانێکی بەتاڵ و حەتاڵ، بۆنی نان و چێشتی سەرێ، بە پلیکاناندا دەهاتە خوارێ، لەوانەبوو ئەستوور بم، شەوانە تا درەنگانێک ئۆیەی دەسماڵم دەهۆندەوە و بەشی نەوسی منداڵەکانم دەردێناوە، سۆران پەندێکی پێ کردین، سەرما بە هەتیو و با بە دەواری شڕی ناکا.

تەواو لە پیاوەتی کەوتبوو، شەوانە وەک دەستەخوشک لەگەڵم دەخەوت، هەتا جەنگەی نیوەڕۆ لەو جێگاوبانەدا خۆی

دەگنخاند، پاش نیوەڕۆش هەتا تەنگەی شێوان خۆی شەرت و ون دەکرد، حانێ دەهاتەوە یان لە من بەردەبوو یان هەتیومەتیوی وەسەر دەگێڕام، دادەنیشتن چەند بە چەند، سیغاریان بە سیغار هەڵدەکرد، لەنێو ئەو چەقە دووکەڵەدا قانگ درابووین، هەتا خەو شل شلی دەکردم دەبوو بەدیاریانەوە دانیشم، خۆ نەدەکرا لەکن ئەو بەڕێوجێیانە ڕاکشێم.

دەمزانی چ باسە و ئەو چاوخومارە ڕەشیدە، چۆن خۆی پێوە کردووە و کۆڵەی خۆی کوتاوە!

کەس نەما ڕووی لێ نەنێم بۆ کار، چەند کارێکم تاقی کردەوە، دەتگوت لەسەر ئاورم، ناچار لە گەڕەکی خۆمان، هەر قوڕەکارییەک دەبوو، وەک فاعلە خشتەم هەڵداویشت، سیمانم دەگرتەوە، خیزم دادەبێژت، دۆغاوم دەگرتەوە، چاوم بەسەر کچۆڵەکانیشمەوە بوو.

کابراش هەر لێی دەبڕا، دەهاتە جەستەی وەستا و تێرجنێوی دەکرد و لەسەر کارەکە هەڵیدەپچڕیم، ڕۆژێک وەستا حەسەن، ماڵەیەکی چاکی ڕێ هاڵاند. سۆران پێی وابوو دایک و بابی خەڵک وێنجە بەڕەڵڵایە، یان لەسەر من پەکیان کەوتووە! ئەمن نا، یەکی گورجوگۆڵتر!

بۆ تاق تمەنییەک دامابووین، لە قوونی سەگ سواڵمان دەکرد، کەس دەستقەرزی نەدەداینێ.

----------------

نەورۆز بوو، نوێنوبانم وەبەر با دابوو، لە حەسارێ تەشتێکی روحم دانابوو، خەریکی شیووکوڵ بووم، کچە چکۆلەکە خەوتبوو، سۆران قژی گەورەگەی داهێنابوو، دەستی گرت و گوتی:

"تا دووکانی تەیموور دەچم، شتێکی بۆ دەکڕم".

بە لالووتێکەوە: باشە.

هەر دەرگای داخست، هەستم بە سێبەرێکی قورس کرد، وەرسووڕامەوە، فایەق بوو. نوتقم بەسترا، ڕایکێشام بۆ لای ژێرخان، گوتم: ئەیرو کاک فایەق! ئەوە چییە! سۆران بزانێ ئەلێرە ونجڕونجڕت دەکا، تۆ لەجێی کاکمی، حەیا بتگرێ، هەرای براژن دەکەم.

"کچێ وەرە هەی جرپن، ئەو ئۆین و ئەدایە چییە دەینوێنی! وەرە ئەو قەرزە و قۆڵەیەت پاک کە، ئەگەرچی بە حەیاتم ژنی ماڵەلێدراوم ماچ نەکردووە، گولیش نەبم چاکە.

سۆران قورمساغ، بەئانقەست ماڵی بۆ چۆڵ کردووین، پێت وایە من حەمباڵی شەیتانم! یانی لە جوملەی ئەو چەند مانگەدا، نەتگوتووە سۆرانە خوێڕی بە چی کرێماڵ و ئاو و برق و گاز دەدەی؟

خەمت نەبێ، ژن و منداڵیش لە چاوەرچین-ن. فایەق هەڵەباش، هێندە فوو لە دۆ ناکا، تامت لێ نەکەم، ئەوشۆ شرەوبرەت بۆ دەخەمە دەرێ، ئەگەر بە کەیفیشم بی، ئەوە ماڵی خۆتە، هەتا پێم ڕازی بی، چ چاوم لەو چکە پووڵەش نییە، ماڵێکی زۆروزەوەندم هەیە، جاروبارە چاوێکت لێم بێ، بەسە".

لە بەینی چاڵان و ماڵاندا مابوومەوە، ئەوەی سەگ گووی نەدەخوارد، دەرپێی پێ داکێشام و تێم ڕۆهات.

هەرچی لینگەفرتێم کرد، فایدەی نەبوو. کابرا بەقەد لادیوارێک دەبوو، لە تەنیشت لانک و لۆرکی کچەکەم، بە مرازی دڵی خۆی لەگەڵ کردم. بە پەڕۆ و پاڵی کچەکەم، خۆی خاوێن کردەوە و گوتی: "ئەو بایە لەو کونەوە بێ، ئاخر جارم نابێ، ناڵێم هەموو ڕۆژێ، بەڵان روحمی خێرت بێ و گۆشە چاوێکت لەو میوانە چارەگرانەشت بێ."

دەکرێ ژن بی و دەستدرێژیت بکرێتە سەر و نەبێتە مۆتە و شەوانە سواری سەرت نەبێ و پشووت لێ نەبڕێ!!

بە هەناسەساردی و سەرشۆڕی، چوومەوە حەسارێ، بێزم نەدەهات بەو لەشە پیسەوە، مەمک لە زاری کچۆڵەکە نێم، خوێواوکێکم گرتەوە و گۆی مەمکم پێ شوشتەوە و لەبەر شێرەی حەسارێ، ئاوێکی ساردم بە سینگ و بەرۆکمدا کرد، لەو جەنگەیەدا سۆران گەواد کلیلی لە دەرگا نا.

زۆرم پیش خواردەوە هەتا لەکن ئەو منداڵە ئاوقای نەبم، کەچی ڕق و کین، وەک پەڵە هەورێکی ڕەش، بەری چاوی گرتم، جڵەوی خۆم پێ نەگیرا، هەڕڕام کردێ، سەد شەقم هەر شەق تێهەڵدا، بە چنجرۆک هەموو سەر و سەکتیم تێ کردەوە، کەچی ئەو سەرە حێزەی دایخستبوو، یەستاش هەڵینەهێنا.

فایەقە نێفەک پیسیش، بە چەقەنەلێدان و بزەبز هاتە حەسارێ، پزووی پاتۆڵەکەی ڕاست کرد، پەڕۆیەکی تەڕی بە کەوشەکانی داهێنا و چاوێکی لێ داگرتم و ڕۆیشت.

بە لەشێکی پیسەوە، وەبن کۆشکی دارماوی ئاواتەکانم کەوتبووم، بەحاڵ نووزەم دەهات و نەدەهات، ئەویش لەبەر ئەو کچانە بوو، بابەکەیان بە ڕۆژی ڕوون بۆ چەند مسقاڵ هێرۆیین و حەشیش، بە گانی دەدام، چۆن ئەو کچۆڵانەی ڕۆژێ دە جار نەدەفرۆشت!

تەمەشا دەکەم، گەوادەکە وەک مەکۆکی جۆڵا دێت و دەچێ، نوێنوبان دەباتەوە ژووریّ و شیو هەڵدەخا و مندالّ دەلاوێنێتەوە.

لەوەتا لەوێدا بووین، وەک گولی دووراوا، کەس تخوونمان نەدەکەوت، پێیان کەسری شان بوو.

تکا لە تکاکار بڕا، بابم وەخۆی نەکردمەوە، گوتی قسەی منی لە عەرزی داوە و لێی بێبەریم، بۆخۆم تکای خوێنێکم لە دایکم کرد،

+ "دایە! تاقە وەتاغێکم لە حەساریّ بە بلووک و دار بۆ ساز کەن، هەر ئەوەندەی سەری خۆم و ئەو دوو تفلەی تێدا بشارمەوە، سوالّم کردبێ ناهێلّم کەمایەسی بکێشن و بەرمنەتی کەس بن، دەبمە کەولّی سارد و گەرم بۆیان، کچێ دایە قسەیەکی لێ بکە، هەرچی تۆ بیلّێی، بابم نای تێ ناخا، کچێ دایە، ژنی چاک بە! کچێ هیچ ئەنوایەکی دیکەم نییە، با خەڵک تەماحم تێ نەکا"

کەچی دایکم هەر بە کێوی ڕەشی داکردم، وادەکا:

"ئێ لیچ بەربەنە! بۆ ڕەنگە لەبیرت چووبێتەوە چۆن ئاوت لە ئاوەڕۆیە دەرکردبوو! چۆن چوارقوڕنەی ئەو شارەت لەگەڵ دەکرد و ئێمەت پێ سەرنەوی کرد! ئەها ڕۆژەکە چۆن لە بەرامبەر بابتدا ڕاوەستای و گوتت پێی دەکەم! دەی ئەلحانیش گووی خۆتە، دەبێ بیشێلی".

ویستم سەری خۆم و منداڵم هەڵگرم، لە کەسێکم ڕاسپارد، ئاوەژووی ئەودیومان کاتەوە، ئەویش بەینێکی چاک خەنەی لەبەری دەستم دا و بێنەوبەرەی پێکردم.

بەیانییەک هێشتا شەبەقی نەدابوو، سۆران هەستا بەپەلە شڵپێکی بە دەموچاوی دادا و خۆی لە دەسک نا و ڕۆیشت، دوابەدوای ئەو، فایەق هاتە نێو دەرگاکە و فەرمووی پیاوێکی کرد بۆ ژووریّ و بە کوتەکوت چۆوە سەریّ .

کابرا، یەکی منداڵکارەی جوانچاک بوو، حەپەسابوو، لەو گەدوگیپیاڵەی منی دەڕوانی، چاوێکی لە کچەکان کرد، گوتی ڕاخەرەکەتم پێخوست کردووە، گەردنم ئازا کا.

زۆری لەبەر پاڕامەوە و خۆم بەسەر کەوشەکانی دادا، سینگم دادڕی، گوتم منداڵی بەرمەمکانم هەیە، مێردی خوێڕی و موعتاد دەمفرۆشێ، پیاوی چاک بە، ویژدانت بێ و وەک خوشکی خۆت، دەستم بگرە با هەستمەوە.

×خوشکی من! من نە پیاوی زیناحم، نە قەت دۆخینم بە حەرامی کردۆتەوە، بۆ یانی من ئەوەندە خوێڕی و بێویژدانم، بۆ چرکەیەک هەوەس و لەزەتی تیژتێپەڕی خۆم، تۆ سەرشکستە کەم! من دەمزانی چ باسە، لەگەڵ فایەق و سۆران، قسەی دووسەد هەزارم کردووە، یەکی سەت، سۆران لەبن دەرکێ ڕاوەستابوو، هەتا لێی وەرنەگرتم، نەیهێشت بێمە ژووری، هانێ خوشکی خۆم، ئەوە پێنسەد هەزار و دەنگێ مەکە، بیدە لە دەردی خۆت، مەهێڵە کەس تخوونت کەوێ.

گنجم لە خۆم بڕی، هێندەم خۆ بە قوربانی ئەو جوامێرە کرد،

----------------------

لەو جەنگەیەدا کاکم لە زەنگی ماڵی فایەق دەدا، وادەزانن سۆرانە، لێی دەکەنەوە، بەو بەیانییە هاتبوو بمباتەوە، هەر هاتە خوارێ، کاکم نێو دەرگا و کوڕەش نێو دەرگا، تێک گیران، پیاوێکی شیک و بۆنخۆش، منیش بە ئارەقگیرێکی کۆن و بن دەرپێییەکی کودەرییەوە، سەر و قژێکی هاڵۆز دەتگوت سیمی قاپانە، جێگاوبانی سۆران هەر لە گۆڕێ بوو، لە کاکم وایە کابرا شەوی دۆنێ شەوێ لە پاڵمدا بووە و ئەلحان هەستاوە و دەیهەوێ بڕوا، منیش پێنج چەکەی سەت هەزاری بە دەستەوە، هیچ ماڵی شاردنەوەش نەبوو. کوڕە وەیزانی مشتەرییە و سۆران ناردوویەتی، ئەلەمبازی کاکم بوو، گوتم: هەڵێ، خۆت دەرباز کە، کاکمە.

-------------------------

کاکم لەسەرەخۆ کێردەکەی هەڵگرت، چەند جار بە بنی ناڵبەکییەکەی داهێنا، دەمزانی بۆ منی تیژ دەکا، لە تاو کچەکان هێزی ئەژنۆم نەبوو هەڵێم، دەمگوت نەکا لە خەودا سەریان ببڕێ، گوتی: "مەترسێ! کارم بە تۆ نییە، خۆم لەو قوڕمساغە(سۆران) مات داوە"

منیش کەوتمە وڵات هەڵوەژاردن، یەکناگا دونیام بە چاوی خۆم دیت، بە چەقۆ تێم بەربوو، شیتاڵ شیتاڵی کردم.

ئەو چاوەم(چاوی ڕاستەم) کوێر بووە، لێوم کەت بووە، شان و نێو سینگیشم ئاوا عەیبدار بووە. سێ مانگی عەلەن تەواو، لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتم، دەستیان لێ شوشتبووم، دایک و بابم و کاکم ئیمزایان کردبوو،"لەسەر ناموس و شەرەف بووە، شتێکیشی لێ بێ، ئێمە شکایەتمان لە کەس نییە".

ئەوەنێ ڕەنگی ڕوخسار و تەرح و دیدارم، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو ئازارانەیە وا بە سەرم هاتوون.

ڕێک دە ساڵی بەسەردا هاتۆتەوە، ماڵی بابم و ماڵی خەزوورم، گولله بە سێبەرەکەمەوە دەنێن و بە خوێنی سەری خۆم و منداڵم توونین، سۆران بە مادەی هۆشبەرەوە گیراوە و هەشت ساڵە لە زیندانە، منیش تەڵاقم لێ وەرگرتووە و خەریکی دروومانم، بەزیاد بێ سەری خۆمم پێ ڕاگرتووە و ئاتاج و موحتاجی نامەرد نیم.

پەکوو چۆنم قرماغەی ئەو برینە کۆنە هەڵگرت، برین هەروا تەڕە و زنچکاوی لێ دێ!

١٩ی فێبریوێری ٢٠٢١

---

## سەیران:

لە ئوتووبووسدا ناسیم، دەچوومەوە بۆ تاران، هات لە تەنیشتم دانیشت، کوڕێکی منداڵکارە دەڵقێکی پڕی بوتری ئاو و کەیک و غوڕابی بۆ کڕی و بۆی لەسەر کۆشی دانا و ئەولائەولای ماچ کرد و ڕۆیشت.

ژنە کەوتبووە لای ڕێڕەوەکە، بە منی گوت: "خانم دەکرێ جێگۆڕکێ بکەین؟"

من: بۆ جێی خۆت چییەتی؟

+ لەبەر شەوێ دەڵێم، ئەوەنێ ئەو پیاوانە هاتوچۆ دەکەن بۆ ئاوخواردن و سیغارکێشان و شتی وا، خۆم لێ دەخشێنن، لای پەنجەرەکەم پێ خۆشترە، لەگەڵم دەکەی؟

من: "باشە بۆچی پێت وایە خۆ لە من ناخشێنن؟ ڕەنگبێ منت بە نێرەمۆک (نەنێرنەمێ) دانابێ! باشە دێمە جێی تۆ، بەڵام قەت جارێکی دیکە ئاوا بیر مەکەوە".

نەکەوتە بەردڵم، بۆیە خۆم تێ نەگەیاند، دیواندەرەمان ڕەت کردبوو، گوتی: "دادە گیان تەلەفۆنەکەم کووژاوەتەوە، دەکرێ بەوەی تۆ زەنگێک لێدەم؟"

خۆم لێ گێل کردبوو، نازانم چیان پێ گوت، ئەوەندە نەبێ، زانیم تەلەفۆنەکەیان لەسەر داخست.

کوڵەگڕوو ئەوکی گرتبوو، بەبێ ئەوەی یەک قسە بکا، تەلەفۆنەکەی لە مستم ناوە، لۆیەکی شاڵەکەی بە بەری دەستی دادا، رووی لە پەنجەرەکە کرد و هەردوو چاوی پێ هەڵگلۆفی، سەری بە شووشەکەوە نابوو، وەک مەنجەڵ دەکوڵی.

هەتا قاوەخانەی پاپایی(لە پارێزگاری زەنجان هەڵکەوتووە) سەری هەڵنەهێنا.

هەموو دابەزین بۆ دەست بە ئاو گەیاندن و نان خواردن و سیغاڕکێشان.

منیش دابەزیم، نەچوومە ژووری، لەبەر سەکۆی قاوەخانەکە لەو ساردوسەرمایەدا هەڵترووشکام، سەرما و سۆڵ و سایقەیەک بوو، بەو پاییزە ددانم ددانی نەدەگرت.

بیست خولەکی پێچوو شۆفیر زگی لەو برینج و خۆرشتە چڵکاوەی پاپایی ئاخنیبوو، چیلکەشەمچەیەک بەدەستەوە، خێراخێرا لە ددانەکانی دەوەژاند و لە خەڵکی دەقوولاند، بێن سوار ببنەوە، بڵێندگۆکەش دوو جاری هەرا کرد: "سەعات هەشت و نیوی بۆکان-تاران بڕۆن سوار بنەوە".

سوار بووینەوە، لەوێشدا وەک شەقشەقە دەلەرزیم و بە هەڵمی دەم، دەست و دەموچاوم گەرم دەکردەوە.

ژنەی تەنیشتم نەهاتبۆوە سەرێ، کابرا دوو سێ خولەکی لەسەر ڕاوەستا و پێنج شەش سیگناڵی بۆ لێدا، لە هیچ عەرزێک دیار نەبوو.

شۆفیر و شاگردەکەی و دوو پیاوی نەزەرباز و حیزەکەی هاوشانی خۆیان، بڕێکیان گاڵتەوگەپ پێ کرد و بە حیلکەحیلک و تریقوهۆڕ وەڕێ کەوتن.

من: "کاکە ئەوە بۆ کوێ؟ ڕایگرە! ڕایگرە منیش دادەبەزم، ساک و توورەکەی لێرەیە، چۆن بەجێی دێڵی؟"

کابرا ئەنتەهوو گوێی نەدامێ، هاوارم کرد بەو خەڵکە حیز و ملەخۆیانم گوت:

"جا ئێوە خۆشتان بە پیاو دەزانن، هەی کرمەڕێز بن، هەی غیرەت و ویژدانتان سەگ بیخوا، باشە چۆن دەکرێ ئەو ژنە بێئەنوایە بەو نیوەشەوە بەجێ بمێنێ؟ بۆ وا بێدەنگن؟"

هێشتا لێ نەبببوومەوە، دە دوازدە کەس هاواریان لێ بڵیند بوو، هیچ کەسی شۆفیریان نەهێشت، دەیویست بچێتە سەر ئیسفاڵتەکە، ماشێنمان پێ ڕاگرت.

من و سێ چوار کوڕەجحێڵەی دیکە دابەزین. تەمەشامان کرد وەختایەکی زانیبووی نامانگاتەوە لەسەر ئەو خۆڵەمڕەیە چۆکی داداوە و بەسەر زگیدا کۆم بۆتەوە و بە بانگ و سەڵا دەگری.

هەڵمانگرت و داو و دەلینگیمان بۆ تەکاند و سوار بووینەوە. کابرا خەریک بوو بە بووکی بەرێ، بەڵام بێگلەیی و گازندە و بەبێ ئەوەی بە کەسێک هەڵپرژێ یان جوابەجەنگی کابرا بکاتەوە، هاتە بن گوێم، بە ئەسپایی گوتی: "گووشێکم دزرا، هەر ئەوەندەم هەبوو، گوارەی کچۆڵەکەم پێدابوو، خۆ لەو بەقوڕگیراوە ناکرێ پێم نەبێ".

لە قسان حانێ لە بۆکان وەدەر کەوتبووین، وەسەر خوێن کەوتبوو،(لە عوزر کەوتبوو)، جا لەو قاوەخانەیە ویستبووی تۆزێک مۆبایلەکەی شارژ کاتەوە و خۆی بگۆڕێ و پۆشاک و شتی وا بگرێ، کەچی هەتا هاتبووە دەرێ، مۆبایلەکەی دزرابوو. حانێ گەرمی قسە بووین، گوێم لێ بوو، حیزەپیاوێکی سمێڵچەوری دۆخینشل، وادەکا: "وەمزانی جوانە، خۆ بمزانیبایە بۆ ئەو مەیموونە مڕومۆچە پەکمان دەخەی، داری تەڕم بۆ دەتاشی".

شۆفیر: جا من ئەگەر خودا لەونی لێ نەگۆڕیبام و سێحەبی ئەو نێوچاوانە بەدودم و ئەو سەرونەسەمە خاوێنە نەبام، بۆ لەو جادەوبانانەدا جەرگی شەوەزەنگم دەدڕی، خودا پێداو بایەم ئەلحان سەرم لەسەر ڕانی یەکی نەرم و نۆڵی وەک ئەوەی پشتەوە بوو. هەتی قەت سەربەڕوزی نەبووم، دایکم هەمووجارێ دەگێڕێتەوە دەڵێ: "هەر لە داوێنم بەربوویەوە، گامێشێکی شینبەش- مان هەر ئەو کەوتنە بوو کەوت، هێشتا نێوکت بەری نەدابوو، لە جوملەی حەوتوویەکدا دوازدە سەرمان مالات مردارەوە بوو".

ژنە سەری بە هەنیسکەوە هەڵدەقەندرا، پرێسکەی خەمانی بۆ کردمەوە، نەمدەزانی چۆن بیلاوێنمەوە و لە کوێرا دەست پێ بکەم!

سەیران هەر لە عومری خۆمدا بوو، بەڵام دیار بوو چەرخی ژەنگاوی ڕۆژگار چاکی هاڕیبوو، ئەوەی نێوی هێز و تاقەت بێ، تێیدا نەمابوو، ڕەقوتەق دەتگوت مار مژتوویەتی، ئەو چاوانەی وەک گۆمی خوێنی لێ هاتبوو، دەست و پەلێکی قەڵەشیو و گەد و گیپاڵێکی شلوشەوێق.

زۆر جار دەڵێم خۆزگە هەر نەمدەبزووت، باشە ئەوهەمۆ خەمە چ بوو لە هەناوی ئەو ژنەدا کۆزیلکەی بەستبوو! سەرم سوڕماوە، چۆن بەجارێ حەیاتی ڕەشی لێ نەبڕابوو!

لەگەڵ هەر تاسە( هەڵتەکوەڵتەک/ دەستەندازێک) توند چاوەکانی دەقووچاند، ددانی لە چیرەوە دەبرد و شانی وێک دێنا و توند دەستی بە نێوزگییەوە دەگرت، خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، پۆشاکەکەی باشاری نەدەکرد، بۆیە لەچکەیەکی خۆی لە نێوگەڵی نابوو، شڕە و شتوومەکی بەری، هەمووی خووسابوو.

نەمدەزانی بەتەمای کوێیە و بۆ بەو حاڵەوە ملی ڕێگای گرتووە.

بەیانی گەیشتینە تێرمینال، گەلاوگەڵ دابەزی، هەر چۆنێک بوو تۆزقاڵێک لە ماشێنەکە دوور کەوتەوە، ژنێکی ئاکابری قیتوقۆز بە پیرییەوە هات، باوەشی پێدا کرد و گورجێک بەروبوخچەکەی لێ وەرگرت و چەند شەقاو لەوبەرتر سواری ماشێنی خۆیانی کرد. هێشتا دەرگای ماشێنەکەی دانەخستبوو، بەپەلە ژمارەی خۆم لەسەر کاغەزی بنێشتی مۆزی نووسی و لە لەپی دەستیم نا، چاوی لە چاوم بڕی، دڵی پڕپڕ بوو، گوتی: "زەنگێک لێدەدەی بۆ ئەو ژمارەیەی دۆنێ شەوێ گرتم؟ ئەگەر منداڵەکانم هەڵیانگرت پێیان بڵێ چیم لێ بەسەرهات، ئەگەر ژن و پیاوێکی پیر هەڵیانگرت، قسە مەکە و سووک داینێوە."

حەجمین و هەدادانم لێ بڕابوو، یەکڕاست چوومە زانکۆ و تەلەفۆنەکەم شارژ کردەوە و ئیمتحانەکەم دا و بەسەرپێوە پارووە نانێکم خوارد و زەنگم لێدا بۆ ژمارەی گۆڕین.

کچۆڵەیەکی ژیر و وریا هەڵیگرت، گوتم کێی لێیە؟
گوتی: نەنکم و باپیرم و هەردوو براکەم.

+ بیدە بە برا گەورەکەت

- کاکە وەرە خانمێکە! کاکە پێمابێ دایکم مردووە، دڵی نایە بە من بڵێ.

باسوخواسەکەم بە نیوەچڵی بۆ کوڕەکە گێڕاوە، پێم گوت چاوەڕێ بن تا دایکیان مۆبایلێک دەکڕێتەوە و قسەیان لەگەڵ دەکا.

لەو جەنگەیەدا نەنکیان تەلەفۆنەکەی لەدەست ڕفاند و بۆی داگرتم.

ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە. ئەوجار لە من بۆوە، سەت جاری بەو بووکەی خۆی گوت: "دێڵەبەبا لێرە تاجی و توڵەی دابەستەی لە ئێمە بەرداوە، بۆخۆشی بەری بەڕەڵڵایە، چوارقوڕنەی دونیا دەتەقێنێ! ڕەنگە پێی وابێ ئەو سەرەم لە ئاشیدا سپی کردووە، کچێ ڕۆڵە، کوڕەکەم ئەگەر پیاو بایە، ئەو ماینە بەفاڵەی چۆن ڕادەگرت، شەقێکی لە بیژوو و بنەزۆڵەکانیشی هەڵدەدا، دەیرپاند بە گۆڕی بابەسەگیدا، بەڵان ئاخ دەستی هەتیوەکەی خۆم کولە، قوڕمساغەکەی خۆم

شانی هەڵیدەگرێ، ئەوەنێ شەش دانە ساڵە لەسەر قوونی خانمێ خۆی لە کونەڕەشێ کردووە! ئایارۆ سوور سوور بەبەر چاوی من و ئەو پیرەپیاوەدا سرتوخورتی لەگەڵ عەجەمان گرتۆتەوە، ئەوەنێ چوو خۆیان لەبەر کا، شەش ساڵی ڕەبەقە بووکی من بە عالەمی ئاشکرا دەدا".

من: "دایە خانم سەیران قسەی بۆ کردووم، کوڕی تۆ بە باری سیغارەوە گیراوە، شتێکی تێدا بێڵەوە، بەبێ ئەوەی بزانی من کێم، بۆ شەڕەف و ئابڕووی بووکی خۆت لەکەدار دەکەی! ئەو ژنە ناساغە، نازانم چییەتی، بەڵام ڕەنگی بە ڕووەوە نەماوە"

+کوا خودا ئەوەم لەگەڵ دەکا! لە خودام تەڵەبە دەردی مفاجا بگرێ، ڕەببی بە دەردێک بێ ڕۆژێ دوو دانە تەشتی هەر زنچکاو لەبەر بڕوا، بۆ خاتری ئەو محەممەدەی چۆتە دیوانێ بە پەندێک بێ، کەسی پێ نەبێ، ڕەحمەت لە قەدیمیان، ئەوەنێ گوتوویانە: ئەگەر هەڵی کرد سۆزەی زریانی، نە چۆڵ دەپرسێ نە ئاوەدانی، ئەوە نەقڵی کۆلانکوتە نێوزگ ڕزیوەکەی بووکمە، دەی خودایە تووتکەسەگی کۆلانانم، بەو چاوانە بیبینم چۆن لیکاوی بە زاریدا دێتە خوارێ."

+ "دایە خانم! چەند بەچەقە و شڵتاغی! ئەگەر حەیا لەو تاڵە سپییانەی سەرت ناکەی، شەرمێک لە باپیری ئەو منداڵانە بکە، تۆ بۆخۆت ژنی، ماڵی بۆختانت بەقوڕێ گیرێ!

مایەیەک بۆ ئەو منداڵە بەستەزمانانە دانێ، خۆ تۆ بەجارێ تەپوتۆزت لە دایکیان هەستاند، ئەو خودایە بتگرێ وا هاواری دەکەیەی، ئەخە ئەو ژنە لەوانەیە بڵێم حەفتەیەکە شانەی وەسەری نەکەوتووە، بۆ ئەوە دەبێ تۆ قسەی ئاوا سووکی لە پارسەنگی نێی"!

خەسوو: من لەلەی ئەو چاوتووتکەسەگە نیم، تاوێکی دی دوابڕاوی بۆ وەدیوی دەرێ دەنێم، چۆن قاحبەی بدەر هەر شارێک و گانێکی لێ بدا، ئەمنیش دانیشم بنەی بۆ بگرم، سبەی ڕۆژێ هەر گوێلکەسارم پێ بمێنێ؟"!

زۆری گوت و کەمی بیست، زمانم بەقەد گۆپاڵێکی لێ هاتبوو، بە چاک و بە خراپ نەدەگەڕا، لە کۆتاییدا ئەوەندە نەبێ، بە منگەمنگ گوتم: شەرت بێ ئەو قسانەی تۆ بخرێنە سەر نان، سەگ بۆنی پێوە ناکا، ئەو ژنەی من دیتم و تێی گەیشتم، هەرکەس بە خراپە نێوی بێنێ بەردی لێ دەبارێ."

ئیدی لێم داناوە.

کوڕەکەی ڕۆژێک جارێک بە دزییەوە تەلەفۆنی بۆ دەکردم، پێی وابوو دایکی لەکن منە، دەیگوت:

"دادە بەقا بە قسەی نەنکم نەکەی، نەنکم قەت دایکمی نەویستووە، قەت ئێمەی لە ڕێگای کیلۆیەک گۆشت نەگرتووە، قەت تمەنێکمان لە دەستی وەرنەگرتووە، دایکم هەمیشە تەونی بە دارەوەیە، شەوانە هەتا شلشل دەبێ دەیکا، هەر ئەوە دەبڕێ، یەکی دیکە دەنێتەوە، بەهار و هاوینیش لە بژار و دەسکەنەیە، پاییزانیش ترێ و سێوی عەجەمستان دەڕنێتەوە.

دادە گیان دایکم نەخۆشە، دەڵێ نەخۆشێکەم ژنانەیە، بۆیە بۆ عەمەلەکەشی منی لەگەڵ خۆی نەبرد، ڕەفیقێکی فارسی هەیە، ئەو زۆری چاو بەسەرمانەوەیە، قەرارە زیندانییەکەی بابم بکڕێتەوە، زۆر دەوڵەمەندن".

لە هیچ کوێ تۆتەکەم نەدەگرت لە تاوی سەیران. چوار پێنج ڕۆژی پێچوو، زەنگی لێدا، لە بانگی گریانی دا، گوتی وەرە بۆ بیمارستانی شەریعەتی، بەشی...

بە چل خولەک خۆم گەیاندێ، تەمەشا دەکەم حەوت هەشت ژن و پیاوی دەستەی ڕێکوپێک، دەوریان داوە، دوو باوەش دەستەگوڵ لەبن سەری، کێها ئاومیوە خۆشە، بۆی ڕیز کرابوو، ژنەی چارەڕەشیش هەر نەختێکی لێ مابۆوە، زەرد زەرد هەڵگەڕابوو، دم و لێوی باری هێنابوو، چاوی بەندێک بە قووڵدا چووبوو، ئەو بەرچاوانەی شین و ڕەش ببوونەوە، لووتیت گرتبا گیانی دەردەچوو.

سڵا و دەست و مشتاقم لەگەڵ هەموان کرد و چوومە بنسەری، فرمێسکەکانی یەکی بە لایەکدا شۆڕابەی دەبەست و دەتکێ نێو گوێیەوە.

زمانی خۆم گەست، گوتم شتی وات نەکردبێ سەیران؟

گوتی: "کردوومە، دوو حەوتوویە، ئەوشەوەی لەگەڵ تۆ بووم، هاتبووم تەقەڵەکانم دەرهێنمەوە، دوکتوریش دەڵێ برینەکەت چڵکی کردووە و گۆشتەزوونی نەهێناوەتەوە، ئەوە بۆیە لێرە خستوویانم، ئەوانە بە میلیارد نالێن پووڵ، فرۆشتوومە بە کوڕە گەورەکەیان، خاڵیگەی ڕاستەم (گورچیلەی ڕاستەی نەمابوو)بەتاڵ بووە.

قەیدێ ناکا لەیلا گیان، بەس نییە بابی منداڵەکانمی پێ دێنمە دەرێ، ماڵی خەزوورم و ئەو خەڵکە ئاوەدان بێ، سڵاو و مەرحەباییم لە هەرکەس کرد، کردیانم بە ژنی، کارم لەگەڵ هەرکەس کرد، کردیان بە کەڵەگای من، بە قسەی ئەوان کەس نەماوە لەو شارە پێی دانەکێشابێتم، چی دیکە تابشتم نەدێنا، تازە منداڵەکانم گەورە بوون، با قسە و بوختانی خەڵک نەیانشکێنێتەوە، هەر کوێرەوەریم چێشت و بە سەربەرزی سەری خۆم و منداڵی خۆمم ڕاگرت، کەچی ئەو خەڵکە هەر

گوتیان "دەدا ."

دە لێمگەڕێن با منیش پشوویەک بدەم، زۆر شەکەت و ماندووم، زۆر.

۲۵ی جوونی ۲۰۲۱



سەرچاوە
Serchawe

## خانزاد:

ژنێکی سادە و ساویلکە نەبوو؛ بەئانقەست، دەگەیشتە هەر کەس و ناکەسێک، پرێسکەی دڵی دەکردەوە، ئەو دەیگوت بەڵکم ببێتە پەند و دوو کەسی بەگوێ، وەک ئاڵقە بە گوێی داکا، کەچی ئەو خەڵکە هەر بە گەزی خۆی دەیپێوا و بە چۆرتی خۆی لێکی دەداوە؛ یەک دەیگوت: ئەگەر چاک بایا بەو پەندە نەدەچوو. یەکی دیکە گوتبووی: هەر سەری قسەی کردەوە، لەوسەری هاتمەوە، خێرایەکی زانیم چ تەپلۆس و هەنگاو دوو تسێک بووە، ماڵ و مێردی پێ ڕەعاجاب نەهاتووە، لە تاریکیش دام، خودا دەزانێ هۆشی لەکن کێ بووە، دەنا پیاو لەخۆڕا چۆن هار دەبێ و سەر لە خۆی و ماڵ و منداڵی دەشێوێنێ! ئەوە من چوار خوشکم هەیە، دەی مێردی کێهایان ئەوەی کردووە!

بیستبوویەوە شەدەی خاڵۆزای گوتبووی:

"وەبیرم دێ خانزاد تازە دەگەیشتێ، زۆرجار پوورم دەینـاردە ماڵی ئێمە بۆ حاجەت و حوجەت، بە سەعات بەدەم براکانمەوە دەحیلکاوە، هێلانەی لە چاویاندا کردبوو، هەموو جارێ دایکم تف و نەعلەتی دەکرد، دەیگوت: "ئافرەت(...)حیز بێ و دەمحیز نەبێ، نەیدەهێشت تاقێکمان تخوونی کەوین، دەترسا بە لاڕێماندا بەرێ".

کۆنە جیرانێکیان گوتبووی: ئەو خانزادە هەرزەکار بوو، ئەگەر ڕۆژ دەبۆوە خۆی بە دەرگا و لاشیپانی خەڵکەوە هەڵدەڕووچکاند، جێی ناخۆش ماڵی خۆیان بوو، کوڕگەلی سێ گەڕەک واوەتر بە فیکەفیک پشتیان شکاندبووین، هەتا لەسەر ئەو عەبەڕەشە ساغ بۆوە و ئەوجار عەبە بۆی ببوو بە شایەر، چ شەرم و شکۆی لە کەس نەبوو، بە چلەی زستان، بەفر لەسەر چۆکان بوو، باڵتەیەکی ئەمریکایی بەسەر شانی دادەدا و بە توێی کراسی سپی و پاتۆڵێکی بۆرەوە سەری کووچەی لێ دەگرتین، خێراخێرا بەری دەستەکانی لێک دەسوو بە دەوچاو و بە سمێڵی دادێنا، خەڵک سەربانی دەماڵی، بەقەستی بە وەروەرە بەفریان لەسەر دەکرد، بەشکم لەوێ ببزوێ، کەچی هەر گنجی تێ نەدەکەوت و لێڵ نەدەبوو، دەتگوت خەڵات دەکرێ. عاشقێکی سەرلەڕێ(گیانفیدا) و سەرقورس(کەللەشەق) بوو.

هەتا بە کەڵەگایی سۆفی مینەی پێکرد و سوفیش تازە چاری ناچار بوو، دەستی خانزادی شلک و نەرمەنیشک و مێرمنداڵی لە دەستی عەبەڕەش نا.

خانزاد هەر لەسەر لینگ بوو، دەنا بە حەوت هەشتساڵیش لە عەبە چکۆلەتر بوو، هەروابێتەوە تۆزێکیش ڕووبازاڕی بوو، بۆیە لێی دیاری نەدەدا.

شایی و لۆغان گیرا و بووک بە چەوری و شیرنی بەڕێ کرا، دەیانگوت عەبە لە گونی گا ڕووتترە، کەچی هێندەی نەخایاند، دەروێش ڕەحمانی بابی مرد و زەوی و زارێکی زۆری پێ برا، خانزادیش کەیبانوو و ماڵدار بوو، زۆر زوو خۆی دارِشت و ماڵ و حاڵی پێکەوە نا و لە هەڕەتی جحێڵیدا چوار زگی دوابەدوای یەک کرد، منداڵ هەمووی دەتگوت قونچکە زێڕە

کەچی ئەو بێدینە هێشتا دەتگوت تازە دەگاتێ، لەنێو ئەوهەمۆ کار و کوێرەوەرییەدا، مەگەر بۆ ماڵات تاقەتکردن، دەنا پاتۆڵی هەڵنەدەکێشا، دایم و دەرهەم دەسماڵی شانەوشان بوو، خشڵوزەمبەرێکی زۆری پێوە بوو، ئەو مەچەکانەی دوازدە سێزدە بازنەی شووشە و بلووریان تێدا بوو، جا قورسوقۆڵ و نەرمونیان و حەیابەخۆ، عەبەش پیاوێکی لەبنەوەبڕ، مستقووچاو و توندتەبیات بوو.

خانووبەرەیەکی لە شاری کڕیبوو، ببوونە دوو بنە.
کەچە ماشێنیکیش بۆ هاتوچۆی خۆیان.

خانزاد گوتی: ڕۆژێک ترۆتایەفەی خۆی پێ نان دام، دوو لە ئامۆزاکانی، جیاجیا شتێکیان بە گوێدا چرپاندم و ڕایانتڵەکاندم، بەڵام سەرزارەکی وەختا بوو بە کێوی ڕەشیان داکەم،

ئەوان قسەی خۆیان بە توێکڵەوە کرد و ڕۆیشتن.

قسەی ڕاست لە نەستمدا(ناخودآگاه) بەقام پێی نەبوو، بەڵام هیچ چارم نەبوو، کەسی وام شک نەدەبرد تەگبیر و ڕایەکی پێ بکەم، لەمێژ بوو زمانئامان بووم، زارم پڕپڕ بایە لە خوێن، نەمدەوێرا لەکن کەس ڕۆی کەم.

ئەوجار کۆشم بەلادا کرد، عەبەم هەڵنا، دوور و نیزیک چاوم بەسەرییەوە بوو، جارناجارێک بۆی دەچووم لە بۆسەوە، عەبە هەر عەبەکەی جاران بوو، بە مسقاڵ نەگۆڕابوو، بگرە خاترناستریش ببوو. ئەوەندە نەبێ لە کەلێنوکەلەبەر و قوژبنێک دەگەڕا، بەتەنێ بێ و گوێ لە گۆرانی هەڵخا.

نێوەڕاست مانگی هاوینێ بوو(گەلاوێژ)، ڕاخەرێکم هێنا، دانیشتم، پاڵم وە ئەستووندەکی(کۆڵەکە) بەربێڵایە دا و لاقم بەجووت لێ ڕاکێشا، جا هەیوانەکەمان دەیڕوانییە ماڵی خەزوورم و ماڵی مامی گەورەی عەبە، ئەوچەل شەیتانم لێ بە نەعلەت کرد، دەستەکانم لەبن هەنگڵم نا و نێوچاوانم گرژ کرد و جا ئاغایەکی بەماڵم بۆم داگرتن، ئەوەندەی هێز و قەوەتم تێدا بوو لە زاری مام و ئامۆزا و خزم و خێشی ڕیام و تێرجنێوم کردن و خۆم ئاهۆن کردەوە، ئەو پلالرە چ بوو سۆرە و تۆرە، ئەوی شەوێ تێیان گرتم! خۆ من یەک دانە حەوتوو لەسەر کەللەی سەر دەگەڕام و بەو قسەیەوە دەتلامەوە.
خەلەوخەرمان هەڵگیراوە، کێشە و گێرە(خەرمان کوتان) کرا، ئەوساڵە بەشێکی زۆری زەوییەکانمان وەک جاڕ هێشتەوە و نەمانکێڵان(سارده پەرێز).

ماوەیەک بوو عەبە هەرچی وەبەر دەستی هاتبا، لە ڕزق، لە تەڕەکاری(کاڵەک، شووتی، گرکە و ...)، ڕاپێچی دەکرد و دەیکێشاوە بۆ شاری، ڕۆژی وابوو چوار مەنجەڵی هەر ماست پێ هەوێن دەکردم، هێندەی دۆ پێ ژاندبووم، لە شان و پیلی کردبووم، نێوی پیاوی واوای دێنا، بە حەیاتم نەمبیستبوو، دەیگوت تاریفی ڕزق و ڕۆزیت گەیشتۆتە کن وەستا سوڵتانی فەنەرساز و کاک تۆفیقی دەواخانە.

بۆ ئەوەی نەشکێتەوە، شەوی مابوو هەڵدەستام و تونگە و کیتەڵەم بۆ دەپێچاوە بەینێک بوو هاواری نێوگەڵی دەکرد، هەموو گیانی دافەتابوو، زنچکاوی لێدەهات، هاتینە شاری، ئەو چووە کن دوکتوور و منیش سەرێکی کاک کەریم-ی زێڕینگەرم دا، ویستم مەزەندەی گوارەی پیاڵەزەنگی بکەم، بە گوێی توورانی بووکی پوورمەوە دیتبووم، ئیشتیام چووبۆیە، عەبەش بڕیار بوو دەغڵ و دانەکە هەڵگرێتەوە، هیچ نەکا هەتا هەموو زێڕەکانم بۆ دەکڕێتەوە.

پاش من خۆش و تۆ خۆش، کاک کەریم گوتی: براژن ئەنگوستیلەکەت پێ چۆن بوو؟ بە سەری بابی هەدووکمان، ئەو عەکسەی تۆ ناردبووت، لێرە وەگیر نەدەکەوت، ناعیلاج ڕامسپاردووە لە تەورێزێ بۆیان ساز کردووی، بۆیەش وا وەدرەنگی کەوت.

+ کام ئەنگوستیلە؟

- بۆ تۆ براژنە خانزاد نی، خێزانی کاکە عەبە، کچەکەی سۆفی مینەی خۆمان؟

+ با، با بۆخۆمم، بەڵام من ئەوەی زەردایی زێڕ بێ، پێمەوە نییە، پار نا، پێرارەکە، ئەلێرە بۆخۆت لێت هەڵگرتمەوە. ئەو مەڕوماڵاتەمان پێ کڕی و بڕێکیشمان لەسەر ئەو خانووبەرەیەی ئێرە دانا.

- "ئەی لە عەبە سمێڵفش! جا براژن، لە کاکی خۆت کەوێ، نێوم نەهێنێ، ئامان شەڕم ئاوقا نەکەی، ئەو گوتی بۆ خێزانمە، ئیدی خۆ من کەراماتم نییە، چووزانم بۆ کێی دەبا".

سێ بەش لە عومرم کەم بوو، هێزی پێم نەبوو شەقاوێک هەڵێنمەوە، دەسگیرەی دەرگاکەم نەدەدیتەوە، چاوم ڕەشکەوپێشکەی دەکرد، قومێک ئاویان بە گەروودا کردم.

وەدەر کەوتم، هەر لاترەم دەبەست و خۆم لە خەڵک دەخشاند، ئەننەهوو دەتگوت تاقە یەک کەس لەو شارەدا نەماوە، شار چۆڵ و هۆڵە، پێم خۆش بوو ئەوەندەی هێزم تێدایە بزیقێنم، دەروونم وەک مەنجەڵ دەکوڵی و لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

"ئەوڕۆژە زانیم کۆچەکەم شەڕ بوو
کە کۆچم تووشی کۆچی سەگوەڕ بوو"

ئەو خەیابانەم کردە چوار شەقاو، لێی نیزیک بوومەوە، لەبن دەرکێ هەڵترووشکام، بە لایلۆنێک دەرزی و دەرمان و مەڵحەمەوە هاتە دەرێ،

× ماڵت بەقوڕێ گیرێ ژنەتیو! ئاوام نەخۆشەوانی بۆ دەکەی! جا چاک نییە شکور زەلیلی سەرجێ نیم و کاسە و پیساییم لێ ناگری، دەنا دەبوو دەستم لە قوڕقوڕۆچکەم نابایە و خۆم خنکاندبایە تا ئاتاج و موحتاجی تۆ نەبم، ئەرێ ئەوە بە کوێدا خۆت دزییەوە؟

+ کوڕە بۆ هیچت پێ عەیب نییە، ئەو هاتوهاواره چییە ناوتەتەوە! ئەخە بە ناشوکری نالێم کوێ هەیە بچم! بەسەرپێییەکەوە هەتا کن کەریم-ی زێڕینگەر چووم، سەودای کوتە زیڕێکم کرد، ئیدی باغەڵم هێندەی تێدایە هەر بە دووکاناندا بگەڕێم

- جا تۆ کوێرا خۆت گەیاندە وێ؟ ژن چۆن دەبێ سەرەڕۆ سەر بە دووکانان داکا؟ ئەوجارە نۆبەخشت بێ، جارێکی دیکە بەبێ پرسوڕای من، پێ لە هەر دووکانێک نێی، هەر لەوێ سێ تەڵاقەت دەکەم و بۆ کابرات بەجێ دێڵم.

+ ئایارۆ عەبە! ئەوە تۆی؟ ئەوە لە کەنگێوە بووی بەو پیاوە لە دووکانان سێتەڵاقەم کەی؟

بۆ ئێستا من لە ڕیزەی چیم؟ ئەی ئەودەمی جوان و جحێڵ بووم و شان بە شانی لاو و پیری نێودێ، بژار و دەسکەنە و کەشاوم (ئاودێریی زەوی، بەر لە کێڵان و داچاندن) دەکرد، بۆ دڵپییسیت نەدەکرد و زمانت وا تاڵ نەبوو؟ خۆ من هەر ئەوڕۆ بەتەنێ نەچووومەتە دەرێ.

ڕەببی هەر ئەوە حاڵت بێ، یەستا ئەو عالەمەت بۆ هێنا سەیری من عەبە؟"!

بە قوونەشەڕ سواری ماشێنەکە بووینەوە، لەو ڕێگایەش کەم و زۆر لەبزم لە لەبزی نەگەڕا، فەتحی دڵم نەبوو چاویشی لێکەم.

برین و بلۆقی نێوگەڵی هەر لەبیر نەمابوو، لەوسەر گەلاوگەڵ دەڕۆیشت، کەچی لە گەڕانەوەدا وەها داچڵەکابوو، وەک گوێزی ئازا ماشێنی هەڵکرد و پێی پێوەنا.

ئەوجار ڕۆژێ دەیان میتر بە جەستە و بە روح لێم دەکشاوە، لە هیچی خۆڕایی بەربینگی بە من و بە منداڵان دەگرت و سەرجێیی نەدەکردم، هەڵبەت منیش خانزادەکەی جاران نەبووم، بەڵام نەمدەویست مل پێوەنێم و بێ بوار لە ئاو بدەم، دامنابوو بەسەر ملیدا بچم و سووک مەچەکی بگرم.

لێم بێمنەت ببوو، لووتی پێدا نەدێنام، وەک مریشکی ئاشەوانی لێ هاتبوو(لەسەر زگی خەڵکی بوو)، نانی دەستی منی نەدەخوارد، ئەوماڵەوماڵی دەکرد و جەماوجەم دەماوە و بۆ نوستنێ دەهاتەوە ماڵێ، دایمە دوو قرانێکی پێبوو بۆ شەڕێ، هەر زمانم گەڕابایە، بە قوونی خۆی دادەدا بۆ شاری. دەتگوت کوڕە جحێڵەیە و تازە تافی لاوێتێتی.

مانگی سەرماوەز بوو، بیست ڕۆژی ڕەبەق لە بۆکان ماوە، وەختایەکی هاتەوە تری بە تاق نەدەهات، سەروسمێڵی وەک قەیتەران لێ کردبوو، نارەنار و فیکەفیک و بۆنی عەتر و ئۆدکۆڵۆنی ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیشت، گیرفانیان بۆ هەڵتەکاندبوو، بەتاڵ و حەتاڵ... پووڵێکی چاکی لەو بەینەدا مفح کربۆوە.

بیستبوومەوە خەریکی چییە و تازە کار لە کار ترازابوو، ئەوجار دڵاودڵ و دەستاودەستم نەکرد، نەمهێشت سەنگ و حورمەت و کەرامەتم لەوە زیاتر بشکێنێ.

لە ئاست خۆم، دامنیشاند، چاوم لەنێو چاوی بڕی،

+ عەبە! چاک دەزانم پاشەڵت پیسە و دەمێکە پشیلەم پێ هەڵدەپەڕێنی، نامەردت کەم، خۆ چەلومل نەبووم بە ڕیشتەوە، بۆ بەو پەندەت بردم؟

یەستاش وا نەزانی دوای تۆ ڕۆژ نابێتەوە و لەبەرت دەپاڕێمەوە و دەلالێمەوە، من دەمێکە دەستم لە تۆ شتۆتەوە و لەو تاریخەش بەولاوە، ژن و مێردایەتیمان نامێنێ.

- بۆ کراس و کەوا دەگۆڕی خات ناخانزاد! جا تۆ شتی وا وەپێش منداڵی من کەوە، بزانە چۆن لەغاوت دەکەم، پێت وایە من هێندە خاو پێچراومەتەوە وا بە هاسانی بێمە بەر ڕەدایە و تەلاقت دەم! ئەو موویە لە پیاوان نەهاتبێ ئەگەر بیست ساڵی تەخت، بە مارەوتەلاقەوە نەتهێنم و نەتبەم!

+ جا منیش وەک تۆ، چ گوێم لە حوکمی مەلا و ئیسلام نییە، ئەها تۆ بۆ تەلاقەکەی من چۆن شاقەلی مەلا دەگری، کەچی وەختی دۆخینکردنەوە و زیناحەکەی خۆت، هیچیان پووشێک ناکەن.

خۆم لەسەر دەستی مەلای ئەو ئیسلامە تەلاق نادەم کە مافی نێوگەڵی تۆی لە مافی ژیان و ئۆخژنیی من و منداڵی من، بە زیاترەوە دانا.

لەوڕۆوە تۆ پێبەست(مقید) نی، وەک بە دزییەوە پەیمانشکێنیت دەکرد، ئەوجار بە ئازادی بیکە، ئیدی حەوجە بەو دزەدز و حیزەحیزەش نییە.

عەبە: کچێ خانزاد، من کردم تۆ نەیکەی! کچێ بە نۆکەری ئەو کەوشە شڕانە بم دە ساڵ لەوەپێش فڕێت داوە، ئامان ژنی چاک بە، لەسەر ماڵ و منداڵی خۆت دانیشە، ئەگەر هێشتم بێبەرگ و بێخۆراک بی، دوو تفم لەڕوو کە، ئەگەر لەو ژنەم هەلاواردی، ئەوەدەم بەزمی شەقم بۆ بگرە.
+ بۆ من پاتاڵم تفاقەکەم لەبەر کەی و ملم داخەم بلەوەڕێم و سریوەم لێ نەیە!؟ چاوی خۆت خوردەوە کە عەبەڕەش، داخوا چاوت بە ژیانی چ کۆیلەژنێک کەوتووە، من نەهێنییە ڕێزەی ئەوانەی داوای کراس و کەوای یەکڕەنگ دەکەن، من دە پیاوی وەک تۆ نان دەدەم، من چ لە لەتکەپیاوێک بکەم، وەختایەکی مافی خۆمە لەگەڵ پیاوێکی حیسابی، بە عیشق و حورمەتەوە بژیم!

هەتا سەری مانگ لێرەم، ئەویش لەبەر دەرس و دەوری ئەو تفلانەم، پاشان عالەم بە پەندی سیام هەڵێنێ، لەو



سەرچاوە Serchawe

ناوەناوەش نامێنم، ڕەنگە وات تێنابێ هەر شەوێ لە وەتاخێک و لەسەر سەنیرێک و لەپاڵ ژنێکدا ڕۆژ کەیەوە!

- کچێ قسەم پێ مەکە، جا تازە کێ تۆی دەوێ بە چوار گوێلکەوە؟ بۆ لەسەر زیندەگی خۆت دانانیشی، خۆت و منداڵەورکە هەڵوەدا، لانەواز و پەڕەوازە دەکەی؟ پێت وایە ماڵە بابت، براوبراژن ڕاتدەگرن؟ ئەوە ڕۆژەکەیە، ئەگەر نەهاتییەوە و بە لاق و دەستمدا نەنووسای، نەتگوت "گووم خوارد"، بزانە هیچ نازانم.

+ "یانی بڵێی من ئەوەندە خوێڕیلە و بێغیرەت بم، بڵێی تانەی تۆم نەهێشێ و ئەو ئەتکەم لەبیر چێتەوە؟ یانی من ژنێکم، خزمەتی هەوێ دەکەم؟ بۆ قات و قوربی پیاوە؟ کوڕە ئەوە دەڵێی چی عەبەڕەش! ئەگەر هەر ماڵەو نانێکم لێ ئەستاندبێتەوە، هێشتا سەر بۆ تۆ داناخەم و ناهێڵم منداڵم کەمایەسی بکێشێ."

حەفتەی تێوەرنەسووڕاوە، عەبەڕەش بە سێ چوار ماشێنەوە دەچێ بۆ بووک، بووکیش چ بووک! جێی لێ نەبێ بە کچی دەشیا،( مێردێکی کردبوو، پاش چوار مانگ گەڕابۆوە ماڵی بابی)، ژنانی گەڕەک و دایک و خوشک و پوور و خاڵۆژنی، هەموو خۆیان لە دەسک دەنێن لەگەڵی بێن، دەبێ عەبە گوتبێتی: "دەترسم خێزانم لێتان ڕاسێ و بێحورمەتیتان پێ بکا، تازە داینێن بۆ سێ ڕۆژانە، بەڵکوو تا ئەو وەختی تەپ و تۆزەکە بنیشێتەوە و تۆزێک ئاهۆن بێتەوە. "

ژنان هەموو خاو دەبنەوە و چارشێو و چارەکە لەخۆیان دەکەنەوە، دایکی بۆ ئۆین، چوار پێنج فرمێسکی بۆ هەڵدەوەرێنێ و هەرکەسە دەچێتەوە ماڵە خۆی.(ئەوەم دوایە زانی).

ئەورۆژە، ئاگام لە مەعبوودی بێزەواڵ نەبوو، دەرگام لەسەر گازەرای پشت کردبۆوە، حەوشە و حەسارم ئاوپرژێن کردبوو، گەسکم لێدابوو، باخچەکانم ئاو دابوو، وەختایەکی سەر هەڵدێنم، سەربان قەت کەسی نەدەبرد، تۆمەز هەموو پیاوەکان چووبوون بۆ بووک، ژنەکانیشیان خۆیان ڕازاندبۆوە، مەحتەل بوون بووک بێتە حەسارێ و بەرەوپیری بێن و دەوری چۆڵ نەکەن،.

منی سەرلێشێواو، لە نێوەڕاستی حەسارێ چەقیبووم، بریسکەیەک لەنێو دڵم چەقی، مۆغەرەی پشتم پێوەی تەزی، گوێم لە شکانی دڵی خۆم بوو چۆن خرمەی کرد و هاتە خوار.

ماشێن بە سیگناڵلێدان هەتا حەسارێ بەند نەبوون، چوار ناڵ خۆم گەیاندەوە ژوورێ، دش و هێوەرژنەکانم بە تەقڵەکوت گەیشتنە سەرێ، بووک لەبەر پلیکانەکان بە ناقایلی دابەزی، کابرا نەیوێرا قۆڵ لە قۆڵی کا، دەستی بووکی دایە دەست

دوو ئامۆزای خۆی، بووک وەسەر کەوت، هەر گەیشتە بەر هەیوانەکە کچۆڵەکانم بە شین و ڕۆڕۆ شاڵاویان بۆ برد، تارا و بەهارنارنجیان لێ هێنا خوارێ.

هەڕام کردنێ و زەوتم کردن، هەر سێ و چوارمان چووینە وەتاخەکەی پشتەوە، تێرتێر بە ملیانەوە گریام.

فکر هەڵیگرتم، بیرم لە سپڵەیی، بێوەفایی و بێبەفایی هێندێ پیاو دەکردەوە، لەمێژ نەبوو، منیش ئاوا لەو دەرگایە بە تەنتەنە هاتبوومە ژوورێ، زۆر لەو کچە منداڵتر بووم، ئاخ!زۆر زوو کۆشکی ئاواتەکانم داڕما و لەش و لاریشم بە روحمەوە زامار بوو.

ژنان زۆریان دەسگیرەی دەرگا ڕاوەشاند، بەتەمابوون بێنە ژوورێ و چەنەبازی بکەن، ئەخت و چاریان کرد لێم نەکردنەوە، ئەخە چۆن دەکرێ ژن، پاساو بۆ کۆیلەیی خۆی بێنێتەوە! بێزم لێ دەکردن.

وڵات بێدەنگ بوو، دیار بوو خەڵک بڵاوەی کردبوو، بە لەچکەکەم چاوم سڕییەوە و چوومە دەرێ.

بووک هەر چاوی بە من کەوت، وەک شەقشەقە دەلەرزی، بەخێرم هێنا و ئاواتی بەختەوەریم بۆ خواست.

عەبە دەستی هێنا لەگەڵم لێداتەوە،

بەحاڵ دەنگم دەلەرزی، دەنا زۆر لەسەرەخۆ بووم، چون متمانەم بە خۆم بوو، پێم گوت:

"تۆ ئەورۆ ئێوارێ زەربەیەکی گەورەت لە خۆت دا کە هەتا هەی، بۆت قەرەبوو نابێتەوە، ئەویش تێکدانی کۆڕی گەرموگوڕی بنەماڵەکەت و لەکیسدانی من، وەک ژنێکی وەفادار کە قەت خەیانەتم بە خۆم، بە تۆ و بە منداڵم نەکرد، تۆ ئەورۆ بە منت دۆڕاند، من ژیانێکی نوێ بە سەربەرزی پێک دێنمەوە، بەبێ ئەوەی نیسیێ قورسی پیاوێکم لەسەر بێ کە شەوناشەوێک بۆ تێرکردنی نێوگەڵی بێتە لام".

عەبە قسەکانمی بەهێند وەرنەگرت. براژنی مەجومعەی بۆ ڕازاندبوونەوە لە چەند تەعام و بۆی دانان.

وەبیرم هاتەوە ئەوانەی دەور و بەرم، هەموو سەرتەتەی بنمافەتە بوون، من چەندین ساڵە بە دەرد و مەرگیانەوە بووم،

کەچی هیچیان ئەمەگی منیان لەچاودا نەمابوو.

وەڵحاسڵ، سەعات دوازدەی ڕەت کردبوو، تەقەی دەرگای وەتاخەکە هات، وادیار بوو چوونە پەردەوە.

ئێمەش بە چاوی بەفرمێسکەوە، بە ئەسپایی بەروبوخچەمان هەڵگرت و سەری خۆمان ناوە، ئەوشەوە لە ماڵی دەستەخوشکێکی خۆمماینەوە، کەڵەبابخوێنی بەیانی ماشێنمان گرت و بەرەو ماڵی باوان بووینەوە.

باب و برا لێیان وەڕاست گەڕابوو هاتنەوەی یەکجارییە، لێم هەستانە سەرچۆکان:

++ بۆ تۆ چیت لە فڵانە خانم، ژنی فڵانە ئاغا زیاترە، بەجێی یەک، دووان و سیانی بەسەر هاتووە! کەنگی ژن، ژنی خواردووە؟

گوتم: دەی باشە، خۆ پیاویش، پیاوی نەخواردووە، با عەبە هیچ نەڵێ، منیش پیاوێکی بەسەر دێنم و لە تەنیشت عەبە دەینوێنم!

بابم: "هەی قاحبە، ئەوە سێحەبی ئەو زمانەی بۆیە کەڵەگات بەسەر هات، هەستە لە ماڵی من بچۆ دەرێ، بشمرم، حەقت نییە بەو دەرگاوبانەدا بێی".

دایکم:
"ئەی ئەوە تۆ نەبووی لافت چەقاندبوو دەتگوت کەس پیاو نییە عەبە نەبێ، نەمدەنێ، خۆم دەکووژم؟!

ئەو وڵاتە شاری یار و میهرەبانان بوو سەرێ میهرەبانی کەی تەواو بوو، یاری جاران چوونە کوێ و چوونە کوێ!

بە هەناسەساردی ڕووم لە ماڵی پوورم کرد، پوورم و سەیدفەتاح، هەر شیرن بوو لێیان وەژوور کەوی، دەسبەجێ ناردیان لەدووی کوڕەکانیان، ژێرخانەکەیان بۆ چۆڵ کردم، سەید: دیوارەکەی تۆزێک زگی داوە، دەنێرم وەستا سەعید بێ، چاکی کا و نەرمەیەکی بکێشێ، سەری خۆتانی تێدا بشارنەوە، هەتا مشووریکتان لێ دەخۆین.

کوڕەکانی سەربەدەرەوە و شاییبەخۆ بوون، یەکی سەریان بەو شارە بوو، دووکانێکی چکۆلەیان لەکن پارکەکە بۆ گرتم،



سەرچاوە
Serchawe

دەزگای هەویرشێلان و چەند کەل و پەلی دیکەیان بۆ کڕیم، دەستم کرد بە کەلانە و کولێرە کردن، دوو سێ حەوتووی ئەوەڵێ دوو ڕۆژ تەندوورم دادەخست، هەویرێکی زۆرم دەشێلا، هەرچی دەمکرد، نیوەی ڕاستی بەسەر دەستمدا دەماوە، دڵم نەدەهات فڕێی دەم، هەتا برشی(کەڕوو) دێنا.

ئێستا مشتەری دوو ڕیز و سێ ڕیز ڕادەوەستێ و منیش لە خۆشیان گەزگەز باڵا دەکەم و هەزاران ئافەریم بۆخۆم دەنێرم و هەتا گڵەبانی چاوم دەکەن، چاکە و پیاوەتیی سەیدفەتاحم لەبیر ناچێ.

دەڵێن ژنە عەبەی تەواو خەساندووە، ناوێرێ پەل ببزێوێ، دەڵێ من خانزاد نیم گێل و حۆل بم، چۆن دەهاتی لەپاڵ منەوە بە دزی ژن و چوار منداڵەوە، ئاوا دەچی لە باوەشی ئی دیکەشەوە.

من ژنێکی نەفسبەرز و بەوەج بووم، دەستەوداوێنی هێز و تواناییەکانی خۆم بووم و باڵم وەسەر منداڵی خۆم کێشا، قەت تەماحم لە هیچ پیاوێک نەکرد و تۆڵەی خۆم لە هیچ ژنێک نەکردەوە.

منداڵەکانم ئەوە خەریکە پێدەگەن، لە خەم ڕەخساون و بۆخۆم وەک گەورەکچان دەیگوزەرێنم.

چەند خۆشە ژیان بە سەربەرزی و سەربەستی!

٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

## فەرهاد بەهایی:

### چیرۆکی ڕاستەقینە بە هێندێ دەسکارییەوە:

حەڤدە ساڵ و لەسەر لینگ و هەرزەکار بووم، تازە خەریک بوو وردەوردە تام و چێژم لە دڵداری دەکرد.

بەینێک بوو کوڕێکی بەهایی پێی دەگوتم، بە هاتوچۆ، بە وردە ئیشاڕە و چاوداگرتن، خۆی هیلاک کردبوو، جاروبارەش قسەیەکی ئاشقانەی لە تویێ ماچێک دەپێچا و ڕێی دەهاڵاندم.

جا ئەوجار دەبۆوە کوڕە شەرمێونەکە و سەری دادەخست و بە هەورازەکەدا هەڵدەگەڕاوە سەرێ، لەئاست یەک کچ و لەبەر دەرگای یەک ماڵ، خودا نەکا سەری هەڵێنێ، هێندە حەیابەخۆ بوو شا شەرمی لێ دەکرد؛ چەندە سەنگین و گران بوو، سەدهێندەش جوانچاک و لەبەردڵان، ئەو بێدینە هەرچی لەبەری دەکرد، دەینەخشاند.

جلوبەرگی هەمیشە دەقدراو و کەوش و پێڵاوی هەر ترووسکە ترووسکیان دەهات.

یەستا لەگەڵ دڵم یەکلا نەببوومەوە و هێشتا فووم لە دۆ دەکرد و زاتم نەدەکرد ملم لە چەقۆ هەڵسووم، شەوانە خەڵک دوو دەستی خەو دەکرد، پێڵووی چاوم قورسقورس دەبوو، کەچی فکر و خەیاڵی ئەو شۆڕەلاوە لەو ئارامانەی نەدەهێشتم.

نازانم ئەو کوڕە ئاشقی کوێی من ببوو، گەورەکچی ئەو گەڕەکە هەمووی قوڕاوخۆڕ بوون فەرهاد چاوبازیان لەگەڵ بکا، کەچی منی گێژ و حۆل بە فسەفس و دەبەنگی، خەریک بوو لەکیس خۆمی دەم.

زۆرم هێناوبرد، ئاخری دەرۆستی دڵم نەهاتم و باشاری ئەو ئیشقەم نەکرد.

سبەی قرچەقرچی نیوەڕۆ، سەروبەندی خۆی، کراسێکی ژۆژی گوڵوردی زەرد و سیخمەیەکی مەخمەری سوورم لەبەر کرد، لێوم وەک دندووکی کەوێ سوور کرد، قەڵەمێکم بە چاوم داهێنا و قژم پەخش و پەرێشان کرد، بستێکم لەچکە بە سەرم دادا و بە بیانووی دووکانی سەیزادە، برێکم قەرەپووڵ لە مستم نا و چوومە دەرێ، برێک دوور کەوتمەوە لە دەرگای خۆمان،

ئاگام لێ بوو لە لێژەکە داگەڕا خوارێ، دڵەکوتە حەجمینی لێ هەڵگرتم، ئازای ئەندامم وەک شەقشەقە دەلەرزی و هەموو گیانم وەسەر ئاو کەوت.

لە دوورەوە سەری ڕاوەشاند، لێوی خوارێی گەزت و پێکەنی، مرواریییەکانی دەرکەوت، ئەوەندەی دیکەی شێت و شەیدا کردم، لە سەری نەفشەکەی ماڵی مام ڕەحمان، توند لە ئامێزی گرتم، قەدێک داهاتەوە، چوار جار تەپڵی سەری ماچ کردم، دوایە بە دەستێک بنچەنەی گرتم، دەستەکەی دیکەی لە گەردنم وەرێنا و دوو جاری نێوچاوانم ماچ کرد و بێئەوەی یەک قسە بکا، ملی ڕێگای گرتەبەر و دیسان لە چاوتروکانێکدا بە هەورازەکەدا هەڵگەڕاوە سەرێ و لە چاوان ون بوو. هەستم کرد، دڵیشم پێبەپێی فەرهاد لەو کۆڵانە وەسەر کەوت، من و لەشێکی ساردبۆوە و کچێکی ئاگالەخۆبڕاو مابووینەوە.

تاوێک لەو بندیوارە ڕاوەستام و دەستەملانی بۆن و بەرامە خۆشەکەی بووم.

ئارا و قارام لێ بڕابوو، خەو و خۆراکم لێ هەڵگیرابوو، هەموو داروديوارم لێ ببووە ئەو شۆخە دڵڕفێنە، تازە فێری ئەو ماچ و مووچ و ئامێزە ببووم، بێئەو یەک ڕۆژ هەڵم نەدەکرد، ڕۆژێک نەمدیتبایە بێسەروزمان، بەسەر دمدا دەکەوتم، ئەویش پیس گیرۆدەم ببوو، یەکەم جار وەختێک دایکی و براکانی لە تەورێز بوون، بەسەر پێیەکەوە بۆی چوومە ژوانێ، جا ژوانی چی! هەر ئەوەندە بوو لە خۆشیان دڵم لە ئامێزیدا نەوەستا.

بەهارێکی درەنگ بوو، پەتۆیەکی بە دوو قەد، لەبن دارمێوەکەی حەساری ڕاخستبوو، هەڵووچەی لە قاپێکی ڕوح کردبوو، نەرمە خوێیەکی پێداکردبوو، کتێبی "فەلسەفەی هێگێل" ی دەخوێندەوە، پاش ڕامووسانێکی عاشقانەی خۆش، لاقی ڕاکێشا، سەرم لەسەر ڕانی دانا و درێژ بووم، خەیاڵ وای هەڵگرتبووم، دەست و پێیان بڕیبایەم ئاگام نەدەکرد، هەروا دەستی بە سەروقژم دادێنا و دەیلاواندمەوە و کتێبی بۆ دەخوێندمەوە، دوو پاراگرافێکی خوێندەوە، زانی خەریکە گوێزم بۆ دەبژێرێ، کتێبەکەی داخست و لەولای دانا .

گوتی: "هەستە بڕۆوە بەڵام لەبیرت نەچێ، ئامێزی من تاهەتایە هەر جێی تۆیە، لەلای دەستەخوشکەکانت باسی هیچ مەکە، حەیفە خۆشەویستیمان بکەوێتە سەر زاران، با خەڵکی بەرچاوتەنگ، نەیار و بەدخواز، پێمان هەڵنەکاڵێن".

هەروا وەرز هاتوچوو، چووینە نێوەڕاست مانگی زستانەوە، دوو شەو و ڕۆژ بەفر لێی نەکردەوە، یەک تەکان باری.

بەفرێکی چاک کەوتبۆوە، خەڵک فریای سەربانماڵین نەدەکەوت، هەمووی لەو کووچە و کۆڵانە کەڵەکە ببوو، باریکە

ڕێیەکیان کردبۆوە بۆ هاتوچۆ.

جەنگەی نانی بەیانی بوو، بەفرێکی جوان کڵاوەی دەکرد، وەک هەموو ڕۆژێ پڕ بەو شارە چاوەڕێی بووم، خاکەنازێکم بەدەستەوە گرت و بەربوومە کڕاندنی دەرک و لاشییان و باریکەڕێی پشتدەرکێ.

لە لێژەکە وەدیار کەوت، بالای وەسەر کەڵەکەبەفرەکە کەوتبوو، دەست و لاقی تەزیو و هەڵوەریوم، وەک تەندوور گەرم داهات، جیرانەکان، سێ چوارێکیان سەربانیان دەماڵی، سەربانەکانیان دەیڕوانییە ماڵی ئێمە، یەکیان هەر فەرهاد لە هەورازەکە داگەڕا خوارێ، دەسکە وەروەرەی لەبن چەنەی نا، خۆی کووڕ کردەوە، بە هەڵمی دەمی، دەست و پەنجەی گەرم دەکردەوە، جوان دیار بوو شکی کردبوو.

شۆڕەلاو گەیشتە حاندی من، بێ‌ئەوەی وەرسووڕێتەوە، کوتەکاغەزێکی نوشتەپێچی فڕێدا و شەقاوێک واوەتر، عەکسێکی پڕێسکراوی خۆی لە قەدی بەفرەکە هەڵچەقاند، ئیدی خوی گورگە نەکرد و بەند نەبوو، شتەکانم لە لەپی دەستم نا و دەستم لە قۆڵی کۆتەکەم بردە ژوورێ و خۆم بە ماڵێ داکردەوە، لە پشت دەستەنوێنەکان وێنەکەیم ماچ کرد و تێر بە سینگمەوە نا، ئەوجار لە قوژبنێک حەشارم دان هەتا نانی نیوەڕۆ بخورێ و بەئیشتیا نامەکەی بیخوێنمەوە و تێرنیگای وێنەکەی بم.

نازانم شەیتان و شۆفار بە کوێدا خۆیان گەیاندە دایکم و کۆشکی ئاواتیان لێ دارماندم!

بە ناشوکری نالێم دایکیشم هێندە ژنێکی ئاقڵ، بەتەگبیر و بەمشوور نەبوو، لە عوزر کەوتباین، گەڕەکەماڵێکی تێدەگەیاند، نەخوازە حەزلێکردووییمان کردبایە!

قەت نە من نە خوشکەکانم، نەمانتوانی گرێی دڵمانی لەکن بکەینەوە، چون دەیکردە چەقڵێک و ڕۆژێ دە جار بە چاومانی دادەکردەوە.

ئەو ڕۆژە، یادی لەدایکبوونی فەرهاد بوو، کراسێکی کەسکەشینی قودووم بۆ کڕیبوو، لە توێی مەلافەیەکم پێچابوو، لەپشت سەنیرەکان شاردبوومەوە، قەرارمان سەعات چواری ئێوارێ لەپشت سەوزیخانەکەی مامعەلی بوو.

لای قاوڵتوونێ، دایکم بە ماشەرێک بەنەوە هاتەوە ژوورێ، نێوچاوانی ئاوری لێ دەباری؛ وەبەر ڕەهێڵەی تانەوتەشەری

دام، قسەی خۆم ناسییەوە و زمانی خۆم گەزت، هەستم کرد خەریکە هەموو ڕیسەکەم دەبێتەوە خوری، ئەخە دەستی هەر هەڵنەگرت، هەرجارێ قوونە شەپێکی تێهەڵدەدام یان شتێکی قورسی ڕێدەهاڵاندم، چەند کەڕەتێک، ئێرە و هۆوێ بە قژ ڕایدەکێشام، ئەوەندەی هێزی تێدابوو بە چەپۆکان پێیدا دەدام، ئەوە هێشتاش نازانێ حەز لە کامە کوڕی ئەو ماڵە دەکەم. بابم ماندووشەکەت هاتەوە، نەیهێشت نانەکە لە گەرووی ئاوا بێ، هێندەی لەبن گوێی خوێند، هەتا ئاوقای کردم، پڕی بە قژم داکرد، دوو سێ قەفی لە دەستی هاڵاند، چەندین کەڕەت هەر بە قژ هەڵیدەگرتم و بە عەرزی دادەدامەوە، دایکیشم تیرۆکێکی هەڵگرتبوو، چوارپەلی تێکردمەوە. خێراخێرا دەیگوت: قاحبەی بێژووهاوێژ، بێبن و بێبار، جا چۆن کەس نەمابوو نەیدەیەی، بەهایی گڵاو نەبێ! هەر ئەو مابوو پێتدا بفسێ؟! بەرت بەڕەڵڵا بوو، وەنییە! ئەلحان زمانت لە بنەڕەتڕا دەبڕم، تازە نەخەڵەتابی باوباوێن و کەلێنوکولێنم بۆ بکەی! ئاواڵی تۆ هێشتا نێر و مێ لێک ناکاتەوە، تۆ کوێڕا ئاورت تێبەربووە!

بابم فشار خوێنی چووە سەرێ، پشتاوپشت، قوونی دا بەر پەنجەرەی وەتاخەکە و لە داخان ئەو چڵە موویانەی پێشەسەری خۆی دەڕنییەوە.

دایکم وەک ڕادۆی خراپ، یەک پشوو دەیگوت، لێی نەدەبڕییەوە، خوشکەکەم لە تاوان پەنای بۆ دەروجیران بردبوو، وەختایەکی سەر هەڵدێنم، حەسار قەت کەسی دیکەی نەدەبرد، هەموو بەردەمیان هەڵدابوو و دەستیان لەبەر پشتێند نابوو، سەیری نەهامەتی و نەگبەتی کچێکی مێرمنداڵیان دەکرد کە نێفەک و بەرۆکی شەڵاڵی خوێنە.

خات مرێم سەری بە شووشەکەوە نا، گوتی:

"دایکەکەم، بابەکەم! چیدی خەڵک بە خۆتان خۆش مەکەن، هەستن بیبەنە کن دوکتووری ژنان، هاتوو چەتیو زگی بوو، هەر ئەورۆ زووترە، ڕەنگە سبەی نەتوانن لەباری بەرن".

خات شووشە لە پشتەوەڕا بە پاڵەپەستۆ هاتە جێی خات مرێم، ئەویش دم و لووتی بە شووشەکەوە نا : "ئەو دێڵەسەگە هەوێنی نۆ مەنجەڵ ماستە، بەو خودایەی بێمەکانە، پێنج دانە زگم لەو پیاوە کردووە، هێشتا بە ڕووناکی نەیدیتووم، یەستا شەرمم لێی نەشکاوە، ئایارۆ دوو سێ جار لەبەر پەنجەرەوە ئاگام لەو دێڵە دۆڵدرێژە بوو، هەر من دەزانم چۆن بە هەتیوی بەهاییدا دەنووسا و خۆی تێهەڵدەسوو، نە شەرم نە حەیا، حەک سیپەلاکت ڕەش بێ ڕۆڵە شەوبۆ چ کچێکی".!

حاجیژن، بڕێکی تف لە بەری دەستە بەخەنەکانی دا بە ئەگریجەکانی داهێنا و دەستەکانی لەبن هەنگڵی نا و گوتی:

"ئەو شەش کچەم بە ڕووسووری ناردە ماڵان، تاقێکیان عەیبەیان نەهێناوە سەرمان، بۆ چما کوڕێک لار چاوی لێ کردبایەن، نێفەکیان نەدەبڕی! بەو کابەیەی ئەو پیاوەمان زیارەتی کردووە، کچی من بایەی عالەم بە پەندی سیای هەڵێنابام کەپۆم دەبڕی، چاکە"!

کاک سەید دەزبێحەکەی لە گیرفانی باڵتە ئەمریکاییەکەی دەرهێنا، لە لەپی دەستیدا گلۆڵەی کرد، بە کڵاوە مەرەزەکەی دەورێک سەری خوراند و گوتی:

"کاک شەماڵ، براله! تازە کار لە کارێ ترازاوە، چار ئەوەیە ئەو هەتیوە خوێڕییە بێنن لەبری ئەو ئەتکە، ئەتکی کەنەوە و بەسەریدا ببڕن، خۆ تازە کەس ئەوەی بە شاییەک ناوێ".

لە قولینچکی وەتاغەکە دەستەوئەژنۆ دانیشتبووم، چاوم لەو خەڵکە دڵڕەقە بڕیبوو و هەنیسکم دەدا، هەرکەسە پلارێکی تێگرتم، هەرچی هەستا بە گەزی خۆی پێوای، متەقم نەدەکرد، دەنگم نووسابوو، خوێنم لەبەر دەڕۆیشت، لەگەڵ هەر هەناسەیەک دەتگوت مۆغەرەی پشتم دەقرینجێ، خوێنی کەپۆم ڕانەدەوەستا.

خەڵک بڵاوەیان نەدەکرد، چاوەڕێ بوون جەنازەکەم بەرنە حەمام بمشۆن و بمنێژن و خاترجەم بن.

بابم شاڵاوێکی دیکەی بۆ هێنام، لەو قولینچکەی ئەوسەری وەتاغێ وە عەرزی کەوتم.

بابم: برۆ شتێک لەبەرکە دێڵەسەگ، با بزانم دوکتور دەڵێ چی! خۆ ئەوشۆ، خودا روحت لێ نەستێنێ، لێت دەستێنم، تۆ بێ و نانی زیندوویی ناخۆی، من ئەو پینە و سەرشۆڕییەم چۆن پێ هەڵدەگیرێ!

لە وەتاغە ساردەکەی میوانان، خۆم ساز دەکرد، سەرم لە پەنجەرەڕا بردە دەرێ و پێم گوتن:

"بزن پاشەڵی دیارە ئاشکرا
هی مەڕ دەرکەوێ دەیکاتە هەرا"

خەڵک، بە دەم نێونیرکە(نێونیتکە) و چەمۆڵەلێنانەوە وردەوردە چۆڵیان کرد.

بابم ماشێنەکەی لەوسەری کووچە ڕاگرتبوو، خەڵک دوو ڕیز و سێ ڕیز ڕاوەستابوون، هەتا حاندی ماشێنەکە، سەت جار هەڵەنگوتم.

بابم لەو ڕێگایە وەک با دەفڕی، بەر دەمی خۆی نەدەدی، هەر خەڵک بوو بە جنێودان سیگناڵیان بۆ لێدەدا، روحم لەسەر کونەکەپۆم بوو، دەترسام کەسێک وەبەردا، یان خۆی بە ماشێنێک دادا، هێندەشی هەڕەشە و گوڕەشە لە من کرد، دوو سێ جار گوتم خۆم فڕێ دەدەمە خوارێ با بتۆپم و ڕزگار بم.

چووینە کن دوکتور .ن.ن. پاش دوو کەس نۆرەمان هات، دوکتور هەر چاوی لە نێو گیانم کرد، هەرای دایکمی کرد و گوتی:

"ئەو خانمە کچ نییە و پەردەی کچێنی نەماوە".

دایکم بەبێ بیرکردنەوە، گوڕاندی:

+ "کابرا هەستە بۆی وەرە ژوورێ، ئەوە بوو لێی دەترساین."

بابم خۆی بە ژوورێ داکرد و لە ژووری تایبەت بە پشکنین و لەسەر ئەو تەختە بڵیندەرا، بە ڕووتی هەڕای کردمێ و فڕێی دامە عەرزی، قژم لە پێچی تەنیشت تەختەکە گیرابوو، کەس نەبوو شاڵوارەکەم بۆ هەڵکێشێتەوە، بابم بە جووت پێ هاتبووە سەر سینگم، چوار پێنج پێلاقەی بە بەرزگم دادا، بەحاڵ نووزەم دەهات، هەتا نەخۆشەکان ماڵیان ئاوەدان بێ، هاتن لەبن دەستی دەریانکێشامە دەرێ.

هەر بە قوونەخشکێ لە پلیکانەکان چوومە خوارێ، سوور دەمزانی کەس دەستی بۆ نەبردووم و فەرهاد هێشتا جگە لە سینگ و بەرۆکم، چاوی بە بەرپشتێنم نەکەوتووە، بۆیە لەبەر بابم پاڕامەوە گوتم بابە تۆ قەبری ئەو بابەت، دوکتوورێکی دیکەم بەرە.

بابم وەک شتێک لەوسەری قسەکەم ڕا هاتەوە، چووینە کن دوکتور ف.م... هەر چاوی لە نێوگیانم کرد، دایکم و بابمی بە جووت بانگ کردە ژوورێ: گوتی نازانم کامە هاوکارم ئەوەندە نەزان بووە کە پێی وابووە ئەو کچۆڵەیە پەردەی نییە، جۆریک لە جۆرەکانی پەردەی کچێنی پێی دەڵێن"شریتی"، ئەوەندە تەنک و باریکە زۆر جار لە کاتی پشکنین بە ئاسانی نابیندرێت و وەدەزانن کە ئەو کچە پەردەی نییە و دەبێ ئەوەی پشکنینی بۆ دەکات زۆر شارەزا بێ.

کوتەکاغەزێکی بۆ نووسین و گەڕاینەوە ماڵێ، جیرانەکان دووان سیانێکیان بە دەرەوە بوون، نازانم چۆن یەکتریان گاز کرد و چۆن خڕ بوونەوە! بابم لەحاندیان وەستا، سەری هەڵێنا، گوتی:

"جا ئێنگۆش بەشەرن؟ هەموو عەیبی خۆتان لە توورەکە ناوە و بە کۆڵتان داداوە و عەیبی خەڵکیتان لەبەرچاوە، خۆ چی وای نەمابوو کچەکەم پێ بەکوشت بدەن، بڕۆن یەک عەیبی خەڵکی مەڵێن، چون خۆتان سێحەبی هەزارن".

بەو قسانە وردەوردە برینەکانم گۆشتەزوونیان هێناوە، هەستم دەکرد کوڵی دڵم دادەمرکێ، چووینەوە ژووری وەک نە بام دیتبێ نە بۆران، دەستم کرد بە وڵات هەڵوەژاردن، دایکم هەر دەستبەردار نەبوو، بابم هات گوتی: "

ژنەکە خودام هێنایە تکایە دەست هەڵگرە، خۆتت وەبیر نایە چۆن خۆت بەسەردا بڕیم و خۆت لە ملم قایم کرد! خۆ لەبیرتە چۆن بۆ کچی فەقێسوارەی دەسووتام، بۆخۆت دەلاڵمان نەبووی! یەستاش نەمزانی چۆن لەو کچەت کردم و خۆت لەنێوانمان خزاند، ئێستاش بە تاسەی گوڵاڵەوەم با دایکی چوار کوڕیش بێ".

دایکم: "کوڕە خۆ کەس گووی بۆ نەدەکردی لە من زیاتر، دەبێ نانێک بخۆی و نانێک بکەیە خێر، دەنا کوا من بە تۆ قوت دەچووم! بەقوربانی خودا بم، ئەوەی سەگ گووی ناخوا، دەبێتە سێحەبی ژن".

خەریک بوو شەڕەکە دەکەوتە قۆپی، بابم خێرا بایداوە و هاتەوە سەر ماڵی بەهایی.

بابم: "ئەو کوڕانە هەر سێکیان زۆر مەندوماقووڵن، لەهەر جێیەک ببینن قرچەپێ لەبەرم هەڵدەستن، هێشتا سڵاوم وەپێش سڵاویان نەکەوتووە، قیتەقیت و فیتەفیتیان نییە، ئەو دایکەیان ڕووی سپی بێ، ئەوەندەی لەسەری دانێی نەجیمە(نەجیب)،جەنگای چەند ساڵە لەو گەڕەکەیە، زەڕی بۆ مێروولەیەک نەبووە!

مادام کوڕی وی بە تۆ ڕازی بێ، من قسەم نییە. سوور دەزانم خزم و کەسیش بە کێوی ڕەشم دادەکەن و دەمکەنە کلکەتەیارە و هەروام بەسەرەوە ناچن".

حەوتوویەک هەر نەموێرا سەر لە دەرێ نێم، لە ترسی زرتەزرت و خێسەنیگای خەڵکی.

بەیانی هێشتا لە جێگادا بووم، دایکم بە لەخۆدان هاتەوە، گوتی: حەک کوێراییم دایە، وەی لالاییم دایە ڕۆڵە، جەرگی

ئەو دایکەت چۆن بڕی! ئەو بەژن و بالاجوانەت بۆ بردە ژێر ئەو گڵە!

من: چ بووە دایە، کێ مردووە؟

دایکم: دەستی شکاوم، فەرهاد بەهایی، ئەو بەیانییە سەکتەی کردووە، لەقسان لەسەر ڕانی دایکە هەناسەساردەکەی تەواو بووە.

من: ناشتوویانە یان نا؟

دایکم: چاوەڕێن خزمەکانیان لە تەورێزەوە بگەنێ، جا دەینێژن.

هەستام، کادۆکەیم لەپشت سەنیرەکان دەرهێنا، لەبن کراسەکەمدا شاردمەوە، هەتا بەردەرکی ماڵیان هەڵاتم، لەنێو شینوشەپۆڕدا خۆم بەسەر مەیتەکەی دادا، گوێم لە دەنگێک بوو، مچوڕکم پێدا هات، گوتی: ئەوە تۆ لە کوێی هەناسەکەم!؟ بەدیار مەیتەکەوە، دەستی لە ملم کرد، هەتا شلشل بووین گریاین، هەم بۆ کاکی، هەم بۆ خۆمان.

زۆر کەس ئەو کوڕانەی لێک نەدەکردەوە، دایکیشم نێوی فەرهاد و براکەی لێ شێوابوو.

من و فەرهاد، هەر پێک نەگەیشتووین، دەترسین پێک بگەین و ئەو ئەوینە کۆتایی بێ، ماچەکان تامیان نەمێنێ، باوەشەکان سارد ببنەوە و چیدی تێیدا ئۆقرە نەگرین.

٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

## سەدری:

### کەیسێکی ڕاستەقینە بە دەسکارییەوە؛

شەش خوشک و سێ برا بووین، لە یەکیان نەبێ، لە هەمووان گەورەتر بووم، دایکم قەت شیری خاوێنی بە منداڵ نەدا، هەموو شیراوشیر کەوتین و یەکی بەبەرەوە بوو، زگی بە یەکی دیکە پڕ بوو، ژنێکی تووڕە و تۆسن و قەڵس و جاڕز و کشمشی مەزاج بوو، هەمیشە دووفڕانێکی پێبوو بۆ شەڕ و هەڵاوهەنگەمە، لە بیانوو دەگەڕا خەشی خۆی بە ئێمە بڕێژێ، من لەوانی دیکە باوەخۆشتر بووم، گۆشتن و ئێسکپان، بۆیە هەر هەویرەکەی درەنگ هەڵاتبایە، چێشتەکەی بنی گرتبایە، سەماوەر و عەلادین گڕی خۆی نەبایە و دووکەڵی کردبایە، باکی کوورە بەتاڵ بایە، بابم خەرجی بەجێنەهێشتبایە و... بیانووی چاک بوون لە سەروسەکتی من بەربێ.

ئەوەندە لە ماڵێ سەرکوت و تەپەسەر کرابووم، شەرمەون و ئاواڵکەم لە سووچێک سەیری کایەی منداڵی گەڕەکم دەکرد، هەر تێکەڵیان دەبووم، منداڵەورکە ئاوقام دەبوون، دەستم بۆ نەدەکراوە، وەک ڕێوی لەبن دەستیاندا قرخەبڕ دەبووم. گێژوحۆل، قزە، شەلوشێت، ڕزیوی سیرمە، زلحۆل، ئەوانە سەروبنی زمانی دایکم بوون، بەحاڵ موو-م پساندبایە، ئاوری لەسەر پشتم دەکردەوە، هێندەی بە چەپۆکان پێدادابووم، کاسکاس ببووم، جاری وابوو بە سەعات نێوی خۆم لەبیر دەچۆوە، نەمدەزانی کێم و ئێرە کوێیە و لە کوێڕا هاتووم.

شەوانە منداڵی خەڵک لە غوڕابی خەودا بوو، من دەبوو لانکەی منداڵان ڕاژێنم، یان لە تۆقی سەری هەتا بەری پێی دایکم بشێلم، وەختایەکی دەخەوتم، لە ترسان لێفەکەم بەسەر سەرمدا دەدا، زۆرجار بەرەبەری بەیانی دۆشەگم دەزەللاند، هەتا تختی پشتم دەخووسا، جا وەخەبەر دەهاتم.

بەدڵ ئاواتم دەخواست یەکێک لەو دوعایانەی سینگیان بۆ دادەڕێ بێتە دی، یان گوللەیەکی وێڵەکیم وێ کەوتبایە و لە خوێنی خۆم گەوزیبام، یان سیپەلاکم ڕەش هەڵگەڕابا، یان سوورەکوانێک لەسەر دڵم هاتبایە، یان دەنا دەردی مفاجام بۆ نازڵ بایە و کەس قسەیەکی لێ نەزانیبام.

حەیفێ هیچیان نەهاتنە دی و هەرچی خواردم و دایکم گوتی" بە قڵپەی زووخاوت بێ"، هەر بوو بە گۆشت و بوو بە بەزی

نێوشان بۆ مەینەتی و قەرقەشی.

کورتی ببڕمەوە، خوشک و برا هەموو گەیشتنێ، خوازبێنیکەر یەکلەسەریەک لە پێشخانەی ماڵی بابم چۆکیان دادا و وردەوردە هەموو بەرەو ماڵی بەخت بوونەوە.

کوڕەکانیش تا خوێندیان، خوێندیان، دەنا سەربازیان کرد و ئەوانیش چوونە سەر بەڕەی خەڵک و بووکی سووریان لە حەسارێ دابەزاند.

منیش ببوومە گای قەشان، سەرونەسەمە خراپ و و سەرشین، کەس نەیدەوێرا تخوونم کەوێ، هەرکەس دەینارده سەرم، ئەگەر کاکەمەمی ڕۆمێ بایە، هێشتا دایکم عەیب و نێونیرکەیەکی وەدوو دەخست، هەمووکەس دز و حیز و سەگباب بوو، هەتا من مەیلیان نەدەمێ، هەرچی دەهات، مەحاڵ بوو بەو دەرگاوبانەدا بێتەوە.

بابیشم خۆی گردەنشین و دەرکنار کردبوو، زۆر زۆر بە مات و مەلوولی بیدیتبام دەیگوت: "باوەڵێ، لووتت دامەژەنە، تۆ کچێکی ڕاڕا و وازیوازی، بەوە نییە لەوانی دیکە بەعومرتری، من و دایکت بە تیرێک دوو نیشانمان ئەنگاوتووە، هەم ئەو خوێڕیانە(خوازبێنییەکان) دەکەینە تۆزی بانان، هەم کچی خۆمان لە دم گورگ دەگرینەوە، ئەوانە یەکێکیان دەوێ وەک کچەکانی مریەم شەدەلار، وەک مار بیانبرژێنێ، تۆ کوا دەرەقەتی ئەوانە دێی! ماڵان نۆ من خوێیە، پەلەت نەبێ، خودا مێردێک بە تۆ قەرزدارە."

ئەوەندەم دموودود نەبوو بڵێم: بەسەری هەردووکمان کاکەسەن و مامەسەن هەر یەکە و هەرکتان سوورن لەسەر حۆلی و بێدەستوپلی من.

بەینێک بوو دەورم بەجارێک چۆڵ ببوو، براژنەکانم، هەر دووان و سیانیان یان پێومانگی خۆیان بوو، یان منداڵی نۆپێچکەیان هەبوو، خەریکی ماڵ و مێردی خۆیان بوون و نەدەپەرژانە سەر من. بۆخۆم پەناپەسیوێکم دەدۆزییەوە و بیرم لەوهەمۆ ئاوات و ئارەزووە دەکردەوە کە بە نەگووراوی سەرکوتم کردن، ئەویش هەر لەبەر عەیبەی دنیا و لە ترسی لێدانی دایکم و سەرکۆنە و تیروتانە و قسەی بە توێکڵی خەڵک، کە زۆرجار وەجانیان دێنام.

دایکەکەی خۆم دەیان جاریش لە دەرێ دەهاتەوە، خۆشی خۆشی بەرەوپیری دەچووم و چارشێوم لێ وەردەگرت و قەدم دەکرد، هەر پشووی دەدا، دەیگوت: ئەوە لەگەڵ فلانەکەس لە قسە گیرابووم، دەیگوت: کچەکە، بۆیە دەڵێن مریشک هێلکەش دەکا و

جیقنەش دەکا، ئەو کچانەی دیکەت دەڵێی تووڵەنەمامن، سەدری-شت ئاوایە! ئەرێ تۆ ئیمانت مەگیرانیی سەدریت بە چی کردووە؟"

بەو قسەیەی خۆی ڕەش و شین دەبۆوە، منیش دڵم پڕ دەبوو، فرمێسک دوو ڕیز و سێ ڕێز شۆڕابەی دەبەست، تکتک دەڕژانە سەر کۆشم.

بەینێکی چاک، نازانم کێ لەبنی هەڵدەخوێندن و ترسی وەبەر نابوون کە ئەها سەدری بەسەر دەستتاندا ماوە! دایکم کەوتبووە پەلەقاژە و پەیتاپەیتا بابمی بەو دێهاتانەدا، بە ماڵە دۆست و شوناسدا دەگێڕا، بەشکم لە ملی کەسێکم پەستێوێ.

دەیان جاریش وەختێک بابم دەست لە گونان درێژتر دەهاتەوە، هەر لە دەرگای حەساردێڕا، سەردێڕی هەواڵەکانی دەخوێندەوە:" ژنەکە! وەڵا مەگەر بۆخۆم هەرا بکەم "وەرە گۆشت"، دەنا کەس ناڵێ کەرت بە چەندی".

لە ئاشی زۆریان پێ چووبوو، لە ڕێیە پەلەیان بوو.

دیتم ئەو حاڵە بەو حاڵە ناشێ، بڕیارم دا هەرکەس ناردییە سەرم، بێ یەکودوو مێردی پێ بکەم.

--------------------

زەردەپەڕی ئێوارێ، هێشتا خۆر بەتەواوی لە ئاسۆ ڕۆنەچووبوو، لە وەڕەزیان، شیلانگم لە کووچە گرت، دەرکوبانم ئاوپرژێن دەکرد. پۆلێک کوڕی تەڕپۆش لەژێڵڵا هاتن، دمی شیلانگەکەم لەولا گرت تا پرێشکەیان وێ نەکەوێ، یەکیان بەپەلە خۆی دا قەراغ: " نەمانخووسێنی چاوخومار! بڵێی سبەینێش ئەوەدەمانە بێیە دەرێ."

یەکبەخۆم هەڵبەزیمەوە، ئەوە کێ بوو بە تیری ئەشق ئەنگاوتمی! خۆ هەر ئەوڕۆ کوڕ زیپک و پلاری تێنەگرتبووم، بە سەدان لاتاو، قسەی خۆش و ناخۆشم لێ بیستبوون، یان جنێوێکی مزرم ڕێهاڵاندبوون یان وەسەر خۆم نەهێنابوو و وەمدەزانی بای دێ، کەچی بۆ ئەوەش دەتگوت سەت ساڵە سەوداسەریم!

جا خۆ جاری وا ئەقرەبەی ئەو سەعاتە(ڕاژێن)بەزیادنەبووە لەجێی خۆی دەچەقێ، نەجووڵاوم و ناجووڵێم! خوداخودام بوو ڕۆژ بێتەوە و ئێوارێ دابێ.

مابوومەوە چی لەبەربکەم، خۆ ئەوەندە کۆکوپۆشتە نەبووم، لیباسی شایی و شینم هەر کراسێکی زەڕی مسقاڵی ڕەش بوو، ئەوەندەم لەبەرکردبوو، هەمووی تاڵکێش ببوو، قۆڵەکانی ئەوەندە فش بوون، سەری پیاوێکی بە خڕی تێوەدەچوو، قوڵەقوڵە ببۆوە تاسەر گوێزینگم دەهات؛

خۆم لە ماڵی ئەختەری جیرانمان ڕۆکرد، ئەختەر نەیهێنا و نەیبرد، گوتی: "دمی دایکت لەخۆم بەرنادەم، تۆش خۆت ئاڵۆز مەکە، بچۆ ئەو کراسەی خۆت بشۆ، توندتوند بیکوشە و ڕایوەشێنە، هەڵیخە، هەر تۆزێک کزر بۆوە جا وتووی بکە ، بزانە چۆن درێژ دەبێتەوە و لە عەرزی دەخشێ، ئیدی دەخیلت بم شەڕ بۆ من مەکرە، بۆخۆم پواوم بەدەست سۆرەوتۆرەوە".

دایکم چووبوو کەوشەکانی بزماررێز کا، بە دزەدزە کراسم لە یەخدان دەرکێشا، لەخووسم نا، نازانم دایکم بە کوێدا بە زرموکوت پەیدا بۆوە، دوو سێ جرتی بۆ لێدام:"ئەوە خێرە شکور، شیووکوڵ دەکەی؟ ڕەنگە شاییت بەدەستەوە بێ! هەستە هەستە جرپن، ئەوەش چلکەسوو دەکەی، ئەو ئاوە بگرەوە، پاتۆڵێک هەڵکێشە، ئەو کلۆشە شەش دانە ڕۆژە لەبەر بایە، ئەوشۆ خەرمانکوبمان هەیە، لەگەڵ بابت و سیروان کەوە، لەوسەرەوە پێت دەڵێم، نەچی بیکەیە دەغەڵی و فسەفس و خاوەخاو ! ئەو گەنمە تاقە قوونەکەوێکی دەوێ، ئەویش لەگەڵ سیروان بە دارگیرەکە داکەن.

ئەو لیچەت بۆ کردە بەربەنە، خۆ نەخشی بەڕبەڕ نییە، کچی خەڵکی لە کوورەخانە، هەشت قالبی ڕادەوەشێنێ، هێشتا ڕۆژ نەبۆتەوە هەزار خشتی بڕیوە".

+ "باشە ماڵت نەشێوێ، خۆ زمانم نەگەڕاوە، بەڵام من لەگەڵ مانگای مالوانێ، ئێرە و هۆوێ ناچم، یەستا ئەو قوونلێکەوتوویە شەن و کەوت بۆ دەکا؟ هەر وابووە، هەر کار کاری خاتوونێ و نێو نێوی مەیموونێ".

- چاوت بە بەری پێی، هەی دێڵەسەگ!

کراسەکەم ئاوکێش کرد، بە چۆڕەچۆڕ بە تەنافەکەم دادا، نە کوشیم، نە ڕاموەشاند.

دڵداری، باوباوێن و ژوان، کراسێکی تەسک بوو بە بەری من، نە بە سەرمدا دەچوو، نە دەمتوانی قۆڵی تێهەڵکێشم. کەڵ بەرگەی زەبروزەنگی دایکمی نەدەگرت، دوو سێ جار هاتە سەرم خۆم بێنمە حاڵی جاوی، دەستی بابمم کول بوو، بابم تەنیاباڵ بوو، تاقێکیان یاریدەیان نەدەدا، وەک دەڵێن" مووڕووی خەنجەریان دەکەوتە خوارێ"، هەموو تەرخانخۆری بەر سێبەرێ بوون. بۆیە ملم کەچ کرد و ڕێم لەگەڵ داگرتن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو ڕۆژە هیچ، ڕۆژێکی دیکە بەتەنێ هاتەوە، دە جار ئەوسەرئەوسەری کووچەی کرد هەتا نامەکەی فڕێدا بەرپێم، کووچە پڕ ببوو لە بۆنی عەتری خەبات.

ئەختەر دەیگوت: "کوڕان پیشەی خۆیانە پلارت تێهەڵدەکەن، خۆ ناکرێ تۆش خۆت بۆ هەموویان لە قۆچەقانی نێی یان ئاوا بکەوییە چەقڵەسەما، خوشکێ گیان! من مارانگەستەم، ئەو کاروانەی مێردم لەسەر چەقی ڕێگا چۆکی دادەدا و وەک جوو دەپاڕاوە بۆ نێونیگایەکی من و هەموو جارێ دەیگوت: (کچێ خاڵخاس!

**هەر من بۆ تۆ مردووم**
**تۆش بۆ من گوو نەکردووم**

بەو قسانە هەڵیخەڵەتاندم، دڵم دایە، وامدەزانی ئەو دونیا پان و بەرینە یەک نێرینەی تێدا نییە لەو زیاتر، گەڕەکەماڵێکم بە بۆنەی ئەوەوە خۆش دەویست، دەی هەر هاتینە بن میچێک، لێم هەستا سەرپاشوو، ئەوەی نێوی عاشقایەتی و خۆشەویستی بێ، وەک پلێتە تێکەوت و یەستاویەستاش نەمدیتەوە و تامم نەکرد".

ئەختەری شلک و منداڵ، وەرهەمی هەڵێنابوو بەدەست ماڵی خەزووری قەلاش و هەرچیوپەرچی و مێردی خوێڕییەوە، دڵی پڕپڕ بوو، زۆری گوت و کەمم بیست، هۆش و گۆشم لێ بڕابوو، ئەختەر نەیدەزانی خەریکە ئاسنی سارد دەکوتێ و کار لە کارێ ترازاوە.

مانگێکی پێچوو هەموو ڕۆژێ، نەک هەر لە کۆڵانی خۆمان، لە هەموو کۆڵانەکانی شار چاوەڕێی بووم بەڵام شار چۆڵ و هۆڵ بوو، لەبەر خۆمەوە ئەو گۆرانییەی سامان عومەرم دەگوتەوە:

**تۆ بووی ناخی منت پڕ کرد لە گریە و لە کەساسی**
**بەرلەوەی کە تۆ بناسم کەی گریانم ئەناسی؟**

گلەیی بێ، گلەیی بێ، گلەیی بێ گلەیی، نامەیەکت نەگەیی، هەواڵێکت نەگەیی.

کەوتینە نێوەڕاست مانگی پاییزەوە(خەزەڵوەر/گەڵاڕێزان)، دەستێک کەیخودا لە ژن و لە پیاوی ماقووڵ و یەکییەکی لێمان وەژوور کەوتن، خوداوڕاستان ئەو ڕۆژە دایکم کەلارەیەکی خەنە لە سەری دابوو و بە لاپێچ و لەچکە پێچابووی، پێی عەیب



سەرچاوە
Serchawe

بوو بێتە نێویان و بە درۆ گوتمان لە ماڵی بابێتی.

دەی زۆریـان قسە لەولاولەولا دا، دەرکەوت خـوازبێنیکەرن، کوڕەکەیـان، ئەو ونبـووەی هەمـوو ڕۆژێ ڕبەیەکم فرمێسک بـۆ دەڕشت، لە بەنـدیخانەوە خزموکەسی نـاردبوو نیشـانەم کەن هەتـا لەکیسی نەچم. هەر قسـەکەیان لە زار بەربـۆوە، دایکم بەبێ سەر و سڵاو وەژوور کەوت:

"جا چاک نەبوو هاتمەوە و بە گوێی خۆم هەموو شتێکم بیست، دەنـا ئەو کچەتیوە پووشی وەسەر دەکرد، هەستن هەستن وەدەرکەون، کچم بە نانی شاری گەورە نەکردووە، بیدەم بـە هەتیـومچەیەک، کەس نـازانێ چ گووکـارییەکی کردووە و لەسەر چی لە کونەڕەشیان کردووە"!

کەیخودا یەک پێ هەستانە حەوا، چارشێوم بەسەری ژنەکـان داداوە و هەڵاتم کەوشەکان جووت کەم، کەوش هەر لینگەی لە وڵاتێک کەوتبوو، کەیخودا هەموو لەبەر هەیوانەکە ڕاوەستابوون و سەیری یەکتریان دەکرد و سەریان ڕاوەدەشـاند، سێ بەش لـە عـومرم کەم بـوو، کەوشـەکانم بە رووزەردی هێنـاوە و جـووتم کـردن و لە بـانگی گریـانم دا، یەکیـان لـێم هـاتە پێشـێ، نێوچاوانمی ماچ کرد و گوتی:" ڕۆڵە مەگری! بۆ دەگری! بە سەری بابی هەردووکمان هەر زۆر چاکمان نەجات بوو."

------------------------------

سەرەتای مانگی ڕەشەممە بوو، هەڵیکردبووە بای وەعدە، بەفر خۆی لەبەر نەدەگرت، عەرز پەڵە و رەشایی تێکەوتبوو،

پیاوان لە کووچەوکۆڵان پووڵیان داکردبوو مێشێنیان دەکرد، لەو جەنگەیەدا ژنێکی کاڵ، دوو سێ جار بەبەر دەرگای ئێمەدا هات و چوو، دڵم ئاگای کرد کە شتێکی بە دمەوەیە. هەرام کرد: دادە لە ماڵی کێ دەگەڕێی؟

گوتی: لە ماڵی کەس بەقوربان، تۆ سەدری نی؟

+ بەڵێ بۆخۆمم.

- "من خەزێمم، پووری خەباتم، شکور بەر بووە، ئەو کوتە کـاغەزەی پێدا نـاردووم، بیخـوێنەوە، ئەمـان ئامـان کەس پێت نەزانێ کچێ، گێچەڵ بۆخۆت نەنێیەوە".

کراسەکەم لە پزووی دەرپێکەم هەڵچەقاند و نامەم تێدا شاردەوە.

هەرچۆنێکی بوو، نامەم خوێندەوە، دەست و لاقم وەک شەقشەقە دەلەرزی، دڵم خەریک بوو بوەستێ، پێم سەیر بوو چۆن قەوەی بەوهەمۆ کوڵوکۆ و هورووژە(هیجان) دەشکا!

نامەی لپاولپ کردبوو لە قسەی خۆشی ئاشقانە، لە یەکەم دیدارەوە تا ئەو ڕۆژانەی نێوی منی لەسەر دیوارەکانی زیندان دەنووسی و پێیدا هەڵدەگوتم، لەو ڕۆژانەی هەموو کوڕەکانی دوو بەند ئەولاوەتری بە گۆرانیی "گلەیی"، سامان عومەر وەگریان دەخست.

بۆی نووسیبووم: "چی دی تابشتی دووریت ناهێنم، چارمان ناچارە، دەبێ بڕۆین، پێکەوە، ئەوشەو سەعات یازدە، لە کووچەی ماڵی تەیموور ماشێنێکی سپی چاوەڕێتە. وەرە و خۆشەویستیی خۆت بسەلمێنە سەدرێ".

بێئەوەی بایی نووکە دەرزییەک فکرم ئاڵۆز کەم و دڵاودڵ بکەم، سجیلم هەڵگرت و جێگاوبانی بابم، دایکم و خۆمم ڕاخست. هەر ئەوان خەوتن، بە ماتەماتە ڕۆیشتم، ماشێنەکەی دوور کووژاندبۆوە، دەستێک کەواوپاتۆڵی ڕەشی لەبەردابوو،

سیغارێکی پێکردبوو، لەبن دیوارەکەی ماڵی مەلامینە ڕاوەستابوو. ئامێزمان بۆ یەک گرتەوە، بە حەیاتم ساتەوەختی وا خۆشم تەجروبە نەکردبوو، ئاواتم خواست قەتقەت لەو باوەشە دانەبڕێم.

لە دێهاتێکی نیزیک، لە ماڵی خزمێکیان سێ ڕۆژ ماینەوە، چەند جاریان بۆ مەسڵەت لە بابم ڕاسپارد، هەر نەیکرد، سەری چوارەمین جار، براگەورەکەم بە زۆر و زۆرداری پێی کردبوو، بەڵام بەو شەرتەی هەتاهەتایە چاویان پێم نەکەوێتەوە و لێم بێبەری بن و بە نەعلەتم کەن.
قشەم بە هەمووی ئەوانە دەهات، من کەوتبوومە نێو ئامێزی بەختەوەرییەوە، ژیان ژاندبوومی، مافی خۆم بوو پشوویەک بدەم، قەی چ دەکا، خۆ منیش عەبدی خودا بووم.

ڕۆژگار هات و چوو، خەبات هەر پیاوەکەی جاری جاران بوو، دوو کچ و کوڕێکمان لێ کەوتەوە، خانووبەرە و دووکان و کار و کاسبی چاک، سەری مار و مێروومان لە ماڵێدا بوو، گێرەوکێشەشمان دەبوو، لەهەر جێیەک دەپسا، لەوێ گرێمان دەداوە. دوو سێ زڕدۆستی نابابی هەبوو، دەستیان لەگەڵمان لە قاپەکەدا بوو، بیست و چوار سەعاتە لەبەریان دەخوێند ئەو دووکانە بفرۆشە دەچینە گۆڵدکویست، هەرچی خۆم لە داروبەرد دا، بۆم نەچووە سەرێ، دووکانەکەی لەئاو کرد و چوو لە

تاران دانیشت، پۆل پۆل کوڕی خەڵک لەو شارانەوە دەبوونە دەستی خەبات.

خەبات وای تێکوشیبوو ببێتە میلیاردنێر، بێتەوە، هیچ نەبێ، لایەکی بۆکان بەنەغد بکڕێ.

لەو ماوەیەدا من بەتەنێ مابوومەوە، تا منداڵەکان بەخەبەر بوون، مەنزوورم نەبوو، بەڵام دوایە لە ترسان هەتا شەو شەق دەبوو، هەڵدەلەرزیم، دیواری حەساری زۆر نەوی بوو، خەڵکیش دەیزانی خەبات لە ماڵێ نییە، بۆیە یەکجار ئاوا ترسم ڕێنیشتبوو.

تەلەفۆنم بۆ ئەختەر کرد، گوتی: "جووتێک کەوشی پیاو لە حەساری لەگەڵ کەوشەکانی خۆتان جووت کە، کراس و پاتۆلێکیش بە تەناف دادا، هەرکەس بێتە سەر دیوارەکەت، ئەوانە ببینێ، ناوێرێ خۆی حەواداتە دیوی حەساری". فێڵی چاک بوو، بەڵام خەبات هەر جووتێک کەڵاشی لە ماڵێ هەبوو، ئەویش شووشە نۆشابەم تێگرتبوون تا دەقیان نەشکێ، قەت دڵم نەدەهات بەو سەرما و بەستەڵەکە لە حەساری دایاننێم. بوخچە و چەمەدانی نوێماڵیم هەڵڕشت، کراس و بن پاتۆڵێکی کاڵەوەبووی خەباتم دەرهێنا، شەوانە بە تەنافم دادەدان.

خات خاتوون، جیرانی دەرک بە دەرکمانەوە بوو، گوتی: چاک چاک دەکەی کچم، حەیا و شەرەفی خۆت توند بگرە، بە ناشکوری ناڵێم، ژن داوێنی خۆی لێی دوژمنە، ژن دەناسم لە ئاوی شەوێ پاکتر بوو، کەچی هەر قسەی خەڵکی شاربەدەری کرد.

هانێ ئەو کەوشانەی وەستا نادر بەرە، خۆ بەو تەڕوقوڕییە لەپێی ناکا، هەتا بەهاریش ناچێ بۆ کار، ئەودەمیش یان جووتێکی بۆ بکڕەوە، یان بۆی بێنەوە.

کەوشی وەستای گۆڕینم هێنا و مانگێک، شەوانە دەمبردنە دەرێ و بە ڕۆژ دەمهێنانەوە ژووری.

سەعات چواری بەیانی، هێشتا ئەستێرە بە ئاسمانەوە بوو، لە دەرگایان دا، چون چاوەڕێی خەبات نەبووم، نەمدەوێرا بیکەمەوە، منداڵ هەموو وەخەبەر هاتبوون لەسەرجێگا لێویان دەکرۆشت، چارەگێکی پێچوو، بەسەر دەرگادا خۆی فڕێدا حەساری، جووتە کەوشەکەی هەڵگرت و کەوتە گیانم، لەبەر چاوی ئەو منداڵە بەستەزمانانە، گوڵدانی بە خیزەوە پێدادام، خشتەی سەر کوورەکەی هەڵگرت(گەرمم دەکرد بە قووڵکەی پشتمەوە دەنا، تا ئاهۆن بێتەوە)، ئەو خشتەیەی تێدا شکاندم، کچە گەورەکەم شاڵاوی بۆ ماڵی وەستا نادر برد، بەحاڵ و دووبەڵا نووزەم دەهات، سوێندم دان گوتم ئەو

کەوشانەتان چۆن پێداوم، بۆی بگێڕنەوە، ئەو بێدینە کوشتمی.

هەرکیان گوتیان: "جا دایکم ئێمە کوا لە مەکری ژنان دەگەین، گریمان کەوشەکانیش ئی ئێمە بوو، ئەی ئەو شمەکانەی شتووتن!؟"

گوتم ئەوانە ئی خۆیەتی، شەشساڵیش دەبێ هەڵگرتوون،

خەبات: کچێ قاحبە، من کەنگێ شتی وام لەبەر کردووە!

وەستا و ژنەکەی، هەر ئاویان لە دۆڵاشی خەبات کرد و بۆیان تێچاندم، پێیان وابوو فریوم داون و کاری خۆم کردووە. هەرلەوێ ڕووت ڕووتی کردمەوە و هەتا حەمام ڕایکێشام، لەوێدا بە قایش تێبەرم بوو، هیچ گیانی نەهێشتم، پێنج شەش جاری وەبەر ئەو ئاوە ساردە دەدام و ئەوجار ئاوی کوڵیوی بەسەردا بەردەدامەوە، ئەوەندەم هۆش هەبوو، گوێم لە چریکەی منداڵەکانم بوو دەگەیشتە عەرشی فەلەک، ئیدی وەختایەک وەهۆش هاتمەوە، لە ماڵێکی تەنیشت خۆمان بووم، بە لۆکە ئاویان لە گەروو دەکردم، ئەو ژنە زۆر خانەدان بوو، هێندەی بەسەرمدا باراندبوو، ئەو چاوانەی هەڵنەدەهات.

ئەویش دەیزانی هیچ ئەنوا و ڕووناکاییەک شک نابەم.

ئەو جووتە کەوشە، بەدەست خەڵکی بێویژدان و بێمروەتەوە، ماڵەماڵی دەکرد.

ئەو بۆختانە وەک بنێشتە خۆشکە، کەوتبووە سەرزاران و شارێکی لێ پڕ ببوو؛ "سەدریش پیاوی وەسەر پەڕی، دەڵێن کابرای فەقیر فریای کەوشەکانی نەکەوتووە، هەر بە پێخاوسی بە سەربانادا دەرباز بووە."

-----------------------------------

خەبات بە دەستوبرد تەڵاقنامەی بۆ ناردم، منداڵی نازلێشێواوم، بێدایک، شەوێ لە ماڵێک ڕۆژیان دەکردەوە، دوو سێ جار لەچکەم لە قوڕقڕۆچکەم توند کرد، بەڵام خێرا پاشگەز دەبوومەوە، چونکێ دەبوایە بمێنم و شەڕ بکەم، لەبەر منداڵەکانم، دەبوو ئەو پەڵەیە لەسەر شانی خۆم بکەمەوە.

سەری خۆم ناوە، ئاوارە و تەرەکەمە، هەر جارێ لە ماڵێک و هەرکەسە بەخێرای خۆی سێ چوار ڕۆژ ڕایدەگرتم و بە

بیانوویەک وەدەری دەنام، گڵۆڵەم کەوتبووە لێژێ، کەس چاکی نەدەگوتم.

زاتم نەبوو بە ڕێبواریش بەو گەڕەکەی خۆماندا بڕۆم، بەجێی هەموو ئەوانەی بوختانیان پێ کردبووم و قسەی سووک و ناجایزیان وەدوو خستبووم، من شەرمم دەکرد و سەرم هەڵنەدەهات.

شەش مانگ وەک تۆپ، شەپ شەپێنم پێکرا، ماڵی باب خەنجەریان لێ دەسووم، ماڵی مێرد بە تیر لە سێبەریان دەدام، دەیانگوت" ساڵی بە هەزار چووبێ، ئەو جندەیە دەتۆپێنین".

ڕۆژێک ئەختەر گوتی وەستا نادر شێرپەنجەیەتی و کەوتۆتە گیانەڵڵاوە.

شەوێک بندیوار و بندیوار، خۆم لە ماڵێ هاویشتن، خۆم بەسەر لاقەکانی دادا، ئەوەندەی هێزم تێدابوو گریام، لالامەوە و کڕووزامەوە، گوتم: "کوڕە وەستا پیاوی چاک بە، قەبری خۆت پیس مەکە، کوڕە چیتان دیت و چیتان بیست، ئەوە بۆ خەبات بگێڕنەوە، ئەگەر تاقە جارێک منتان بە سووکی دیتووە، حاشای لێ مەکەن، بەڵام کوا خودابەرداره لەسەر سێ منداڵی چاوگەش هەڵتانپچڕیم!؟ ئەلحان تۆ چۆن دەوێری بمری وەستا؟"

وەڵا کابرام وەگریان خست، کچ و کوڕ، بووک و زاوا، هەموو وەباڵیان بۆ کێشام، وەستا لەکن خۆم زەنگی بۆ خەبات لێدا، بەدەم هەنیسکەوە گەردنئازایی لێکرد، گوتی:" کوڕم! ئەگەر ئەو ژنەی تۆ گەردنم ئازا نەکا، قەت ڕزگار نابم، ئەوانە کەوشی من بوون، بۆخۆت دەزانی پەنجەرەکانمان دەڕواننە سەر حەساری ئێوە، وەڵڵاهی عەیب لە چاوم دابێ، لەو ژنەدا نییە و نەبووە، ئەوانەش شتومەکی خۆت بوون، نەتهێشت ڕۆژ بێتەوە و بە ڕووناکی بیانبینی کە ڕۆژێک لەبەرت کردوون، سەدری شەربەیەکی ئاو خواردباوە، پرسی بە خاتوون دەکرد، کوڕم گەردنم ئازا کەن".

لەو شەوەڕا خەبات ماڵەوماڵی لێ کردم، لە ترسان خۆم بەدەستەوە نەدەدا، لە ماڵی کچە پوورێکم دۆزیمییەوە، هەر چاوی پێم کەوت، بە دەسبێج لە نێوچاوانی خۆی بەربوو، پاشان لە بانگی گریانی دا، دەیزانی چۆنی ورد و خاش کردووم، دەیزانی چ ئەتکێکی بە خۆی و بە من کردووە، دەیزانی ئاوی ڕژاو هەڵناگیرێتەوە، بۆیە هەر گریاو و گوتی:" گووم خوارد سەدری، پەکوو چۆن ماڵی خۆم بەقوڕ گرت و چۆن لە هیچی خۆڕایی، ژنی خۆم لەکەدار کرد و خەڵکم پێ خۆش کرد".

لە جوملەی ئەو شەش مانگەدا بیست کیلۆم کەم کردبوو، بەقەد منداڵێکم لێ مابۆوە، لێم هاتە پێشێ، دەستی لە ملم کرد،

خۆم ڕاپسکاند، کراسەکەم هەڵکرد، شووخاڵەکانی لەشم، جێ برینەکانی سەر سمت و خاڵیگە و پشتم پێشان دا، برینەکانی سەر دڵیشم کەس نەیدی کە قەت قرماغەیان نەبەست.

*دایکبوون* پاش ئەوهەمۆ بێفەزیحەتی و ناوزڕاندن و جەزرەبەیە، من و خەباتی لەژێر میچێکدا کۆکردەوە، بەڵام تازە پاش باران و کەپەنک!

کەپەنک: چەشنێک پەستەک کە شوان بۆ بەرگری لە باران و بەفر لەبەری دەکا.

بەربەنە: بەربەژن، لوولەنشتووی چاوزار(نوشتە) یان ڕشتە موورووی ئەستوور کە ژنان لە تەنیشتی ملەوە تێیان دەکرد

غوڕابی خەو: خەوێکی بەئاسوودەیی و بێخەم کە هیچ ڕایناچڵەکێنێ

مانگای مالوان: ماڵوان نێوی گوندێکە لە نیزیک شارەزوور، بە هۆی پڕپیتیی خاکەکەی لەوەڕێکی چاکی هەیە بۆ مالات، بۆیە دەڵێن مانگاکانی گۆشتن و پڕشیرن، کە تێر دەخۆن پاڵ دەکەون و بە زۆری ناجووڵێن...بۆ کەسی تەمبەڵ و زۆرخۆر و کارنەکەر و قەبە بەکار دێ.

۲۰ی جوونی ۲۰۲۲

## شەهلا

خێزانێکی پڕحەشیمەت، بێسەرەوبەرە، هەرچیوپەرچی و شەڕانی بوون، دوو بەرەکیان بوو، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە و ئەوەی بەحاڵ بۆنی ڕێز و حورمەتی لێ هاتبا، خۆیان لێ نەدەدا.

ڕقەبەرایەتییان بوو، پێکیان هەڵنەدەکرد و چاویان پێک هەڵنەدەهات، ئەوەندەی بۆیان لوابا پاشقولی یەکتریان دەدا، چاڵیان بۆ یەک هەڵدەقەند، جاری وابوو بە عەزمی کوشتن ملیان لەبەر ملی یەک دەنا و بە کەس لێک نەدەبوونەوە.

ئەوانە بەرەی دوو ژنی میرزا ڕەشید بوون، دەنگۆ بڵاو بۆوە گوایە میرزا بە دەوری شکۆفەشدا هاتووە و بە درۆ و دەلەسە هەڵیفریواندووە.

وەختایەکی کەسوکارەکەی بەو کەینەوبەینە دەزانن، خۆیان لە داروبەرد دەدەن بەڵکوو پاشگەزی کەنەوە، شێر و ڕێوی دنیای بۆ دێننەوە، ئاوی نوشتە و جادووی دوازدە شێخ و مەلای دەرخوارد دەدەن، تکا لە تکاکار دەبڕێ و ئاشنا و ڕۆشنا نامێنێ لێی ڕانەسپێرن،

بە کورتی، ئەخت و چار و چۆقی ڕەش دەکەن بۆیان ملزەم نابێ سەر بە هەوێ مێرد نەکا بە پیاوێک کە دوو عومری وی هەیە.

شکۆف دەڵێ قسەم یەکە و نابێ بە دوو، هەر کردوومە و هەر دەیکەم.

لە توانای کەسدا نییە جڵەوداری شکۆفە بێ.

جا شکۆف بە خەیاڵی خۆی وای تێکۆشیوە کە وا عومری میرزا وەک هەتاوی دەم کەل بەرەو ئاوابوونە و بەو زووانە بەجارێ دەبێتە سێحەبی ماڵ و دەوڵەتێکی چاک و دەکەوێتە فەرحانەوە.

بۆخۆی کچی پیاوێکی تووڕە و تۆسن، نانتاڵ و قڕنیس بوو، لە ماڵی بابی کەمایەسییەکی زۆری کێشابوو، ئاواڵکەمی نێو



سەرچاوە Serchawe

ڕەفیقان و داخی زۆر شتی لەسەر دڵ مابوو.

میرزای تەڕپیر و دڵتەر، دەتکوت خودا خەنی کردووە، هەرچی شکۆف دەیکوت دەستی وەبەر دەستی نەدێنا، زێڕ و زەمبەرێکی زۆری وێخستبوو و کۆڵێکی هیوا لەسەر هەڵچنیبوو.

لەنێو پیاوان کوتبووی :ئۆخەی ئەوەندە نەمردم بە " ژن جوان " بانگ کرام، جا ئەوجار ئەگەر مردم گوو بە گۆڕم.

شکۆفە لە ماڵە باوان بێبەری کرابوو، بەڵام میرزا هۆی بۆ دابۆوە، ماپەرە و ئەستی هەموو ڕۆژێ نردوویەکیان نان دەکرد، شکۆفە هەر تخوونی مدبەقیش نەدەکەوت و نەیدەهێشت دووکەڵی بەسەردا بچێ، سەرەڕای ئەوهەمو خاترناسی و نازکێشانەش، فەتحی دڵی هەر نەبوو، دایم و دەرهەم چاوی دەتکوت گۆمی خوێنە، یەکناگا لە دایک و خوشک و برا دابڕابوو، کرابووە ئاماجی تیروتانەی چوار پێنج تیر و تایفە، دایک و بابی ببوون بە وێنجە بەڕەڵا بە دەست ئەو بێ حەشر و نەشرانەوە.

ساڵی تێوەرسووڕاوە، قوونەشەڕ، دمەقاڵە و پێک هەڵپڕژانی ئەو جووتەش دەستی پێکرد، شکۆفە زگی هەبوو، لەسەر پێ و مانگی خۆی بوو، بۆیە میرزا زیاتر خاتری دەگرت و دمی لە دمی نەدەدنا، بەڵام ئەو ژنە نە زمان نە دەستی نەدەپاراست، دابوویە لانی بێعاری و بە عالەمی ئاشکرا لووتی بە میرزا دانەدێنا و هەر دەهات و زیاتر لێی دەکشاوە. جرت و جۆپیشی نەمابوو.

-----------------------------

جەنگەی ترێ ڕنین شەهلا لە نێو چەقە و گوڕەی ئەو قۆڵچماغ و بە چەقە و شڵتاغانە لەدایک بوو.

شکۆف کردی بە هاودەنگ و خەمڕەوێنی خۆی، بەڵام میرزا هەر خۆی تێنەدەگەیاند، میرزا کوڕە جحێڵەیەک نەبوو منداڵی ساوای هەبێ، خۆ چڵە چڵە نەبێ، ڕەشایی لە سەر و ڕدێنیدا نەمابوو.

مانگی خاکەلێوە بوو، هێشتا کوورە و سۆبە لە گۆڕێ بوون، دوو شەو و ڕۆژی ڕەبەق باری، دەتکوت ئاسمان کون بووە، لێی نەدەکردەوە، وەتاخەکەی شکۆفە لە سێ چوار جێگاوە دڵۆپەی دەکرد، شکۆفە گورجوگۆڵ کا و گڵێکی زۆری خۆش کرد و هەڵگەڕا سەربان باگردێنی پێدا دێنا کە لاقی لەسەر قوڕی گوێسوانەکە دەخزێ و بە پشتەوەدا دەکەوێتە حەسارێ.

دەتکوت کەللەسەری بەجارێ هەڵگیراوە، خوێنی سەر و گوێی و کەپۆی ڕانەدەوەستا، وەک کانی هەڵدەقوڵی، نە لەچکە، نە مەلافە، نە پەتۆ، هیچی باشاری نەدەکرد، هەتی بەو حاڵەوە و لەو جەنگەیەشدا جەماعەتی بوختانچی دەستیان لەبەر قەفی پشتێند چەقاندبوو و کۆشیان بەلادا کردبوو، ئەوەی دەیانکوت، نەیاندەکوتەوە.

بەپێی ئەو قسە و لۆغەتانەی ئەوان، شکۆفە بە لانیکەمەوە بۆ ماڵێ پیاوێکی ئەو دێیەی داکەندبوو و ئەوڕۆش باگردێنی کردبووە بیانوو دەنا بۆ ئەحمەد و مەحموود و عەولا و فەتاح... چووبووە ژوانێ.

-----------------------------

وەختایەکی میرزا بەو قسەوباس و سرتوخورتەی خەڵکی زانی، پێ و سۆراغی قسەوباسەکەی نەگرت.

چی دی مشووری لێ نەخوارد و ئەو شارەوشاری پێ نەکرد، ڕێک هێنایەوە ماڵێ و هەر ئەو پشتە بوو تێیکرد، ئیدی خۆی تێنەگەیاندەوە، ژنەی بەستەزمان و بێکەس و بێدەر، ئەوجار لە دنیای ڕوونیش بێبەش ببوو. لەو ڕۆژەوە بوو بە گەپەجاڕی سۆرە و تۆرە و منداڵەورکان.

باری پیس کەوتبوو، خرابووە بەرباری منەت، کەس نەبوو قاپە چێشتێکی بخاتە بەر دەمی، کەس ئێرە و هۆوێ دەستی نەدەگرت و لە ئاو و ئاوریان نەدەپاراست، کەس جامە ئاوێکی بە سەر و گوێلاکیدا نەدەکرد، بۆخۆی مقەستی لە سەر و پرچی نابوو، هەمووی هەڵپاچیبوو، بەو حاڵەشەوە ئەسپێ بە لاجانگیدا قەتارەی دەبەست، ویشک ویشک هەڵاتبوو دەتکوت مار مژتوویەتی، ئەو بازنانە لە دەستیدا دەتکوت چەڵەمەیە.

کچۆڵەکەی لەبەر مەمکان بوو، بە زۆر و زۆرداری لەبەر داوێنی هەڵیان گرت و دایان بە پووری، ئیدی شکۆف بەجارێ لێی شێوا، ڕۆژ هەتا ئێوارێ لەو ژوورەدا دەیلووراند و بە سەریدا هەڵدەکوت.

مالی دەروجیران ئاوەدان بێ، ئەگەر چاوی سۆرە و تۆرەیان شک نەبردبا، جاروبارە بابۆڵەیەکیان لە دەستی دەنا، یان چنگێک مێوژ و گوێزیان بۆ لە گیفانی پاتۆڵەکەی دەکرد.

شەش ساڵی پێچوو، میرزا بە ئیشتیا لە مرە کەوتبوو، کوڕگەل هەموو گەیشتبوونێ و پەل و پێچکەیان لێ ئەستوور ببوو، ماڵیان لەژێر چۆکی خۆیان نابوو، بابەکەیان بێدەسەڵات لەبن دەرکی حەسارێ هەڵترووشکاندبوو.

کابراش وەختی خۆی بەدەماغ، بەزافتە، بە زەبر و زاکوون و بە سام و هەیبەت ببوو، بەو ئاتاج و موحتاجی، گردەنشینی، بێدەسەڵاتی و کەلککەوتنە، ڕۆژێ سەد جار دەمرد و دەژیاوە.

ڕۆژگار هات و چوو، نازانم چەندەی زستان چووبوو، ئەوەندە دەزانم بەفر لەبەر پشتێندی بوو، سەر لە ئێوارێ میرزا دوو سێ جار هاواری تەختی پشتی کرد، کەس بە هێندی نەگرت، ئیدی هەر ئەو هاوارە بوو، سبەینێ کەس قسەی لێ نەبیستەوە.

لە شینگایەکەدا کچۆڵەکەیان بۆ دایکی هێناوە و لەو ڕۆژەوە بوو بە قەڵغان بۆ هەر پلارێکی لە دایکی هەڵدەکرا، بەو منداڵییەی خۆی، نانی بە دمی دایکییەوە دەکرد، سەری لەسەر کۆشی خۆی دادەنا و وەک منداڵ دەیلاواندەوە.ببوو بە بەردەنیان بۆ خەم و دەردەدڵەکانی دایکی.

کورتی ببڕمەوە هێشتا کفنەکەی میرزا ڕەشید زەرد نەببوو، میوان تاق و لۆقە هەر مابوو، کوڕگەل هاتنە سەر میرات بەشکردن. زەوی و زار و مەڕ و ماڵاتەکەیان لەنێوان خۆیاندا بەش کرد و لەسەر دەستی چوار کەیخودا مانگایەکی لەڕیان بۆ دایک و کچی هەناسەسارد دەرکرد و بەو چلەی زستانە شڕوشاڵاتیان بۆ وەدیوی دەرێ نان، هەرچی ڕیشسپی و پیاو و ژنی یەکی یەکی قسەیان لێکرد: "کوڕە ڕۆڵە پیاوی چاک بن جێیان پێ لێژ مەکەن، دوو حافرەتی بێکەس و بێئەنوان، بەو سەرما و بەستەڵەکە ڕوو لە کوێ بکەن؟

کوا، بێنن زێڕ و زەمبەرەکەی خۆی بدەنەوە، خۆ ئەوە میراتی بابتان نییە، مافی خۆیەتی"!

شکۆفە کوا دەرەقەت و دەرۆستی ئەوانە دەهات! بەرەی ماپەرە چاوشین، زۆردار و بێعار، کێچیان بە حەواوە ناڵ دەکرد.
بە گۆڕی ئەو میرزایەی ئەو وەچە ئەسڵ و جسنەی لێ کەوتۆتەوە، زێڕەکەش بوو بە کڵاوی بووکێ و تێدا چوو.

---------------------

لەو بێنەوبەرەیەدا بۆرە خزمێک زگی پێیان دەسووتێ و بە خێرای خۆی، مانگا پیرەی لەگەڵ گاڕانەکەی خۆی دەدا، کەچی ئەویش بەهارێ هەواڵیان بۆ دەنێرێتەوە " :مانگا زەرد چەقۆی نەگەیشتێ، سەدەقە و بەلاگێڕی خۆتان بێ."

------------------------

دایک و کچ، هەڵوەدا و ئاوارە، هەر ڕۆژێ لە قوون دەرکایەک، لارەمل، برسی، توونی، ڕووت و ڕەجاڵ و پێخاوس.

پاش سێ چوار ساڵ، تازە شکۆفە بۆی دەردەکەوێ هەتا سواری ئەسپی خەڵکی بێ، پیادەیە.

هاوین بوو، خەڵک خەلەوخەرمانی هەڵدەگرتەوە، هەستان بەر و بوخچەیان تێک نا و بەرەو شاری بوونەوە.

کچۆڵەی زیت و وریا، بوو بە چاوساغی دایکی و کۆڵان بە کۆڵان دەیگێڕا و سواڵی پێوە دەکرد.

شەهلا کچۆڵەیەکی وردیلە، بەلەباریکە و ڕەشئەسمەر بوو، لەچاو هاوتەمەنی خۆی هەڵێنەدابوو، بەو حاڵەوە کەم نەبوون ئەو گورگانەی ددانیان لێ تیژ دەکرد، ڕۆژ نەبوو چەندین پلاری ڕێ نەهاڵێنن، ئی وابوو پووڵەکەی لە لەپی دەستی دەنا و بە کەیفی خۆی دەستی دەکوشی، هەر کەسە بە جۆرێک تێیان ڕۆدەهات.

لەنێوان چاڵان و ماڵاندا مابوونەوە، ئەولایان دەکرد گورگ دەیخواردن، ئەولایان دەکرد ئاو دەیبردن.

لەو بازاڕە پڕتێکەولێکە و لەو کەس بە کەسەدا، پیاوچاکێک، نەدیو و نەناسیو وەتاغێکی لە حەسارەکەی خۆیدا بۆ ئاوەدان کردنەوە، بەینێک هەر شەواوشەو دەچوونەوە و خۆیان تێدا دەشاردەوە.

وەتاخەکە تەڕەشوح(شێدار) بوو، هەتا نیوقەدی زەللابوو، دیوارەکەی سەر کووچە، ڕێک بن دەربیجەکە، بە دیوی دەرێدا زگی دابوو. ئەو چوار دیوارە بەو میچەی بەسەری کێشرابوو، سەت کۆشکی پاشای دێنا.

گەرچی سێحەبماڵ بەهارێ بۆی نوێژەن کردنەوە و وەک گەورەیەکی چاک باڵی وەسەر کێشان.

دیسان دەروجیران و ئاوماڵ لێیان بوونە کەسوکاری چاک بە هیچ کلۆجێک پێیان لێ نەدەبڕین. ژیانیان تا ڕادەیەکی زۆر موار ببوو.

پەکوو! ئەوانە لە کوێڕا هاتبوون و لە کوێ گیرسابوونەوە و بەرەو کام چارەنووس دەچوون!

ڕۆژ و مانگ و ساڵ بێوچان تێدەپەڕێ و یەستا شەهلا کچە جحێڵەیە و زۆر کەس مرخی لێ خۆش کردووە.

شەهلا بە عومر ١٨ ساڵ بوو، بەڵام چەرخی ڕۆژگار وەک ئەسپۆن هاڕیبووی. زۆر شتی کردبوو کە کاری کردنێ نەبوون.

شەهلا بە چاوی خۆی، بێوەفایی و خەیانەتی پیاوی ژندار، هەوێساری، دووبەرەکی، کۆستکەوتن، ئەتککردن و ناو زڕاندن، دەستپیسی، سپڵەیی و پێنەزانی و نەمەککوێریی خزم و کەس، ئاواڵەکەمی، پەستی و خوێڕێتی هێندێ ناپیاو و هەروەها جوامێری، مەردازایی و نەجیبی زۆر کەسانیشی دیتبوو.

بۆیە هەرکەس لێی ڕادەسپارد، چاک بە بێژینگی دادەکرد، زۆر جار هیچ لە کابرا لەسەر بێژینگێ نەدەماوە.

بۆخۆی ماوەیەک بوو کەچە دووکانێکی گرتبوو خەریکی بەرگدووری بوو، لەو ڕێگاوبانە زۆر کەس بە دەوریدا دەهاتن و پێیان دەکوت، لەنێو هەمووواندا دڵی تەنیا بۆ خەبات دەکورکا، ماوەیەک بوو سات و سەودایان هەبوو، شەهلا عاشق ببوو و ئەوین لە دڵیدا نەک هەر چەقەرەی دابوو، بەڵکوو بە داروديواريشدا هەڵچووبوو، دەیزانی خەبات ڕێک ئەو کوڕەیە کە دەکرێ بە ئەرخەیانی پاڵی وێدا و بە روح بحەسێتەوە.

بۆیە بەینێک بوو زۆر بە دەوری خۆیدا دەهات و خۆی تیفتیفە دەدا و ڕەنگ و ڕووشی لە جاران جوانتر بوو.( درۆیە کە دەڵێن: ئاشقان لە دوور دیارن، ڕەنگیان زەرد و لێوبەبارن.)

بەیانییەک زوو هەڵدەستێ، برێک سوورا و سپیاو دەکا و چاوەکانی دەرێژێ و بەرەو دووکان دەبێتەوە، هەر دەرابەکە هەڵدەداتەوە و کلیلی تێدەخا، ژنێکی گۆشت تاڵە بێ سەر و سڵاو ئەڵەمبازی دەبێ، توند بەرۆکی دەگرێ و بە هەموو هێز و قەوەتی خۆی ڕایدەوەشێنێ: " سیرمەی سوالکەری لەبەرسان مردووی کوێرکێشی کۆلانکوت، نێوی کوڕی من لە کوولەکەی تەرێشدا نەهێنییەوە، تۆ قەت ڕێت ناکەوێ بە بووکی من بی، چاوی خۆت خورد کەوە!

کچێکم بۆ دەستنیشان کردووە دەڵێی باڵەبانە، حەوتی وەک تۆ دەبێ ئاوی بەدەست داکەن."

شەهلا نەیدەزانی روح بۆ کوێ بەرێ، بگری و ببارێنێ؟ لە سەر و سەکتی خۆی بدا و خۆی بڕنێ و بیکاتە داد و هاوار؟ خۆی هەڵاوەسێ یان خۆی دەرمانداو بکا!!

بەڕاستی چۆن؟ چۆنی دەست لە خۆشەویستیی خەبات هەڵگرتبا؟! خۆ کایەی منداڵۆچکان نییە هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی و قوون بداتەوە سەر بەڕەی خۆی.

ئەویش ئەوان! لەنێو خۆیاندا هەموو شتێکیان بڕیبۆوە و لەسەری ساغ ببوونەوە، شەهلا ئەو کوڕەی لەنێو دەیان لاوچاکی

جوامێری ئەو شارە هەڵبژاردبوو، چۆن دەکرا بە سەعاتێک و بە ڕۆژ و حەفتەیەک، خێر بە مانگێک فەرامۆشی بکا؟!

کۆشکی شووشەیی ئەو ئەوینە خرمەی کردوو هاتە خوار، بەڵام شەهلا نەیهێشت بەحاڵ وردە شووشە روح و جەستەی زامدار بکا.

ئەوەی ڕاست بێ، ئەوە شەهلا بوو کە نەدەبوو خۆی بکاتە هاوشانی هەموو کەس، کچێکی ئەمەگناس، بەخزمەت و مەینەتچێشتووی کۆڵنەدەری هەتا خودا حەز بکا بەهێز و بە ورە و متمانەبەخۆ کە شکستی زۆر گەورەتر لە پێی نەخستبوو، ئەوڕۆ تەنیا تەجروبەیەک بە ئەزموونەکانی پێشووی زیاد ببوو.

درۆیە هەرکەس بڵێ دەرگای دڵداریم گاڵە داوە، گاڵە نادرێ، بەڵکوو دەبێ بزانی کەنگێ و بۆ کێی دەکەیەوە.

شەهلا پێی وابوو ژیانێکی سەربەست و سەربەخۆ و شەرافەتمەندانە کە کەس زات نەکا قامکت بۆ ڕادێرێ و خۆت بەسەردا فەرز بکا، هەزاران ژیانی ژێردەستی، ژێرچەپۆکەیی، چاوبەرەوژێری بەقوربان بێ.

ئێستا دایک و کچ بەر و ماڵێکیان هەیە، سەت دڵی ماندووی تێدا دەحەسێتەوە.

ناکرێ ژیان هەر قەرقەشی، چەرمەسەری، دەربەدەری و سووکایەتی بێ، خۆ دەکرێ مرۆڤ لە سووچێکی ئەو ژیانەدا ئۆقرە بگرێ، بە ئەرخەیانی پاڵی لێ بداتەوە و لاقەکانی لێ ڕاکێشێ و چایەکی گێلاسی بخواتەوە.

١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## گورگەمێش:

### داڕشتنی کەیسێکی ڕاستەقینە

بەینێک بوو بابم چاکی نەدەکوت یان کپومات بوو، یان کەسی نەدەپاراست، لەخۆڕا پەڵپ و بیانووی دەگرت، زیز دەبوو، قاپە چێشتی قلێپ دەکردەوە، قسەی تاڵی دەکرد، بێزی لە دایکم دەکرد و دەستاویی نەدەخوارد، دڵپیسی لێدەکرد، لەکن خۆمانە و غەوارە، زیپک و پلاری تێدەگرت، شتی وای لێ دەگێڕاوە هەر ڕانەبردبوو، دایکم ژنێکی قورس و قوڵ، شەرمێون و حەیابەخۆ بوو، جوابەجەنگی نەدەکردەوە، هەرەشە قورسەکەی ئەوە بوو: ساڵی بە هەزار چووبێ سەری خۆم هەڵدەگرم، ئەوەندە دەڕۆم ئەوەندە دەڕۆم، کەس بە پێ و سۆراغم نەزانێ.

دایکم تەنیاباڵ و یەکتەن بوو، کەوتبووە گێژاوێکەوە، بە چرکە هەدادانی نەبوو

من و شنە و شەوبا و شۆڕەسوار، هەموو شەوێ بە دڵەڕاوکێ و ترس‌ولەرزەوە دەنوستین، دەترساین دایکم شەرتەکەی بەرێتە سەرێ و بەجارێ بێکەس و بێ‌ئەنوا بکەوینەوە.

خەمبار بووین، هەر یەکەی لە سووچێک بە کزی کرووشمەمان دەکرد و لێوی خۆمان دەکرۆشت.

دوو ساڵێکمان بەو حاڵە هێنا سەرێ،<br>
زستان دەرگای پێ گرتین و<br>
بابم بەجارێ پەکی کەوت.

ڕۆژێک کەڕەی بەیانی، بەو سەرما و بەستەڵەکە، شڕەوبڕەی کرێنشینی بەستەزمانی وەدیوی دەرێ نا، سەرەڕای ئەوەش کردی بە دز، کردی بە کەڵەگای دایکم و گەڕەکەماڵێکی وەسەر گێڕا. کابراش خۆ لەبن گوێنی نەهاتبووە دەرێ، لە داخان بەردی بەبا دەکرد، هەرچی پارچ و لیوان بوو تێی هەڵکردین، هەموو شووشە و پەنجەرەی هێنا خوارێ، بە کەس زەوت نەدەبوو.

لەوێ ڕۆژێوە، بابم زۆر تەریک کەوتەوە، بێ‌هەست و خوست لە سووچێکی وەتاغێ دادەنیشت، سیغاری بە سیغار هەڵدەکرد،

ئەو ماڵە ئاو بیبردایە، بە بای خەیاڵیدا نەدەهات، دەوران پشتی خۆی کردبووە سەنیر و باڵنج، هەر جارێ بە بارێکدا لەسەریان ڕادەکشا.

ئەو بەینە خەڵک سۆسەی کردبوو، سێ سەرەیان لەسەر هەڵنەدەگرتین، شەوانە ئەو نێوماڵە گەورەیە هەر جمەی دەهات. خۆ بابم نەدەهاتە نێو کۆڕ و مەجلیسان، تێیدا شلوکوت دەبووین، خزم و کەسی لێ ببووە دێو و دوژمن و چاری نەدەویستن. وردەوردە خەڵک لێمان کشانەوە، عەبدەلبەشەر دەرگای لێ نەدەکردینەوە، دەتکوت گولی دووراواین، سەد شایی و بەزم و ڕەزم بایە، لێیان نەدەگێڕاینەوە.

ساڵی ئاخری دواناوەندی بووم و دەبوا بۆ کۆنکوور بخوێنم، ئەو حاڵ و وەزعە تەواو سەری لێ تێک دابووم.

هەچەندی بابم بەو حاڵەوە دەدی، سێ بەش لە عومرم کەم دەبوو، بابم کوا وابوو؟

بابم جحێڵێکی قۆچاغ و خۆشپۆش بوو، قەت نەیدەهێشت ڕیش و سمێڵی سەر دەربێنێتەوە، هەمیشە شەش تیغ و بۆنخۆش بوو.

کەچی وای لێهاتبوو، فەتحی دڵم نەبوو لێی بڕوانم، سەر و ڕدێن هاتوو، قژ ئاڵۆز، چڵک لەسەر گوێزینگی کەمرەی بەستبوو،

ڕۆژ تا ئێوارێ دادەنیشت کتێبی دەخوێندەوە، شیعری دەنووسی، گۆرانیی خەمگینی دەگرت، سوور سوور دادەگیرا و یەکناگا بە مست لە چۆکی خۆی ڕادەکێشا و قاقا پێدەکەنی، جاری واش بوو هەردوو دەستی لە قژی خۆی دەنا، قامکەکانی تێدا قفڵ دەبوو، هەتا بە بانگ و سەڵا نەگریابا، بەری نەدەدا.

بابم کوڕە گەورەی دایکی بوو، بابی ئەوەڵی ئینقلاب، لەبەر چاوی بابم گولـلەی وێڵەکی وێ دەکەوێ و کەس قسەی لێ نابیستێ، دایکیان بەتەنێ منداڵان دێنێتە حاسەڵاتێ و بە شلکی بابم دەکاتە سێحەبی ژن و منداڵ.

ماڵی بابم، لەخۆڕا چاویان بە دایکم هەڵنەدەهات، نازانم ئەو کۆنەقینە چی بوو لێیان هەڵگرتبوو! لەمێژ بوو هیچیانم لە ماڵی خۆمان نەدیتبوو، بەو حاڵەشەوە ڕۆژێک ملم پێوەنا، هانام بۆ بردن: "ئەی هاوار بۆ نایەن مشوورێک لە کوڕەکەی خۆتان بخۆن! خۆ ئێمە حەیاتی ڕەشمان لێ بڕا ئەو چەند ساڵە، کوا دایک و فەرزەندایەتی ئاوایە"!



سەرچاوە Serchawe

هەر ئەو ڕۆژە، تەنگی شێوان، نەنکم و مام و پوور، بێ سەر و سڵاو، بە لالووتێکەوە لێمان وەژوور کەوتن، دایکم گورجێک بەرەوپیریان چوو، چارشێوی لێ وەرگرتن و ئەولاوئەولای ماچ کردن، کەچی لەبزیان لە لەبزی نەگەڕا و دەستیان کرد بە لاتاو هاویشتن.

نەنکم دەستی لە کەلەکەی نا، کوتی:

"سیحرباز زۆرن، ئی وایە دەرپێکەی دەفرۆشێ، لە مستی شێخ و مەلای دەکا، ئەوەش بێ و نەبێ یان جندۆکەیان لەپاڵ خستووە یان دەستیان لێ وەشاندووە، کچی ماڵی ساڵە ڕەشیش وابوو، لە ماڵی شێخی برهانیان هاویشت هەتا چاکچاک نەبۆوە، نەیانبردەوە.

ناسر، شێتیش بووبێ ناحەقی ناگرم، هەتیوەکەم بەجارێ سەری لێ شێواوە، هەرچی دەکا باشاری خەرجیی قڕتێکەوتوو و ئەو ژنەتیوە ئەبلەخەرج و دەست قەڵپ و ماڵوێرانکەرەی ناکا".

دایکم ئەو سەرەی دایخست، هەڵینەهێنا، دوو ڕیز و سێ ڕیز فرمێسکی دەباراند و بە لوی لەچکەکەی دەیسڕییەوە، هەتا گلەبانی چاوەکانم دەکەن ئەو بێدەسەڵاتییەم لەبیر ناچێ.

مامێکم کوتی: "دایە خۆ گیامان بە کێوییەوە نەخواردووە، منداڵێک دەزانێ کاکم نەخۆشە، بە عالەمی ئاشکرا کاکم تێک چووە، بەجێی ئەو تانەوتەشەر و کای کۆن بەباکردنانە، با خەمێکی لێ بخۆین، دوکتوورێکی چاکی بۆ بدۆزینەوە، ناکرێ دەست لەسەر دەست دانێین.

براژن گیان، بەش بە حاڵی خۆم، هەتا هەبم نۆکەریی کەوشەکانت دەکەم، جەرگت بەقەد سێڵێک پانە، چەنگای چەند ساڵە بە ڕووی سوورەوە لەگەڵ برای ئێمە هەڵتکردووە و لەسەر ماڵ و منداڵی خۆت دانیشتووی.

بابم دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو، گۆرانیی "مەڕۆ مەڕۆ بابە مەڕۆ"ی محەممەد جەزای تەواو باتر کردبوو، مێشێکی لێ میوان نەبوو.

نەنکم و وان بە شین و شەپۆڕ ڕۆیشتنەوە.



سەرچاوە Serchawe

دەیانکوت نەنکم ماڵی شێخ و مەلای ئەو ناوەناوە نەمابوو خۆی تێ نەهاوێ، ئەوە هەموو مشوورەکە بوو لێی خواردین.

قاوەڵتوونێکی مانگی خاکەلێوە بوو، هەر بە بن پاتۆڵ و کراسێکی تەسکەوە لەبەر دەرکی خۆمان هەڵترووشکابوو، دایکم حەجمانی لێ هەڵگیرابوو، دەترسا خەڵک نێو و ناتۆرەی وەدوو بخەن، چی وای پێ نەچوو، قاڵمەقاڵم پەیدا بوو، سەرم لە پەنجەرەی وەتاغێ بردە دەرێ، دوو کوڕی باریکەڵەی هەرزەکار، بابمیان لەبن خۆیان نابوو، دم و لووتیان پڕ کردبوو لە خوێن، خەڵک تێیان هالابوون، یەک کەس خۆی لە قەرە نەدەدان و نێوبژی نەدەکردن، دەروجیران هیچی نەیدەدواندین، دایکم بە زیقە و هاوار لەبن دەستیان ڕاپسکاند، باوەشمان پێدا کرد، هێنامانەوە ژوورێ.

ئێمە هەمووما‌ن زۆر قزە بووین، لێشیان دابواین دەستمان بۆ نەدەکراوە، بابم خورپەیەکی لە دڵمان خستبوو، دارودیوارمان لێ ببوو بە دز و چەقۆکێش. هەمیشە پێی وابوو کەسێک دێ دەیکووژێ، دەیکوت: " خەڵک خۆشیان ناوێم، بە خوێنی سەرم تووینن، لێم سوور و عەیانە کەسێک دەنێرن بمکووژێ".

ئاخ! هێندێک ئازار هەن، قەت نانووسرێنەوە، قەتیش خۆش نابنەوە.

سەر و گوێلاکیمان بۆ شوشتەوە و لەسەر ڕانی دایکم درێژ بوو، هەر قسەی لە جێیەکی دەکرد، نەدەچووەوە سەر قسەکانی، لەنەکاو هەستا کوتی: "هەلالە ئەو هەتیوانە قاوت و ئاردەتوو دەفرۆشن، فریوی ئەوانە نەخۆی کچێ، ئاگام لێیە بە دەورتدا فیتەفیتیانە".

دایکم زاری هەڵنەپچڕی، ماڵی لەگەڵ کوتنێ نەبوو.

دایکی ڕەنجەڕۆم، کەوتبووە ناو ئەو بازنە بێدەربازگەیەوە، نە پاشەکشەی بۆ دەکرا، نە هەنگاوی لەدوو دەهات. دەستەوئەژنۆ بە سەعات چاوی لە جێیەک دەبڕی.

کەس نەبوو بێ دڕوویەک لە قالبمان دەربێنێ.

هەر ئەو ڕۆژە، دایکم بە فێڵ و تەڵەکە بردی بۆ دوکتوور و جێبەجێ لە نەخۆشخانە خستیان.

بابم ماڵەکەی چۆڵ چۆڵ کردبوو، بەڵام هیوایەکمان بەو دوکتوور و دەرزی و دەرمانانە بوو.



سەرچاوە Serchawe

دوکتوورەکان لەسەر نەخۆشیی سایکۆز(جنوون) ساغ ببوونەوە و لەقسان زۆری لێ پیس کردبوو، دەبوایە هەتا دوو مانگی ڕەبەق لەژێر چاوەدێریی چڕوپڕی خۆیان دابێ.

بەڵام بابم حەجمینی لێ هەڵگیرابوو، هیچ کەسی لەو نەخۆشخانەیە نەدەهێشت: بۆ قاحبەباب پێتان وایە من شێتم؟ ئەو دینەت دەسووتێنم هەڵاڵە، ئەوە هەمووی پەندی تۆیە، دەزانم تۆڵەی چیم لێ دەکەیەوە. تۆ ئەو ژنەی ڕەوانپزیشک بێنییە سەر من؟ بۆ یانی لە تۆش شێتترم؟ تۆ بڵێی هەروا دەستبەسەر بم؟

بابم پاش سێ حەوتوو بە خواست و خوایشتی خۆی مەرەخەس کرا، بەڵام دەوا و دەرمانێکی زۆریان دابوویە، تەواو پێیان گۆڕابوو، گێرەت لەسەر سەری کردبا لێڵ نەدەبوو، خێراخێرا لاجانگ و دەستی دایکمی ماچ دەکرد، وەک منداڵی ساوا بە شان و پیلییەوە دەگریا، دهاتە سەر سفرە و تێروپڕی نان دەخوارد.

ئەو ڕۆژەی ئەو دەستە کەواوپاتۆڵە شینبەشەی بە دوورین دا، شایی لە دڵماندا دەگەڕا، ڕۆژێ سێ جاری لەبەر دەکردن، دەچووە بەر ئاوێنە، برێکی سەیری خۆی دەکرد و دایدەکەندنەوە، جا هێندەشی لێ دەکاڵاوە، لێی ببوون بە نەخش.

هەموومان بووژابووینەوە، دایکم دەتکوت تازەبووکە دموچاوی هەڵگرتبوو، دوو ساڵ دەبوو دەزووی وێ نەکەوتوو.

ئێمەش تێکڕا لە دەرس و دەوران سەرخۆش ببووینەوە و بە هەر بزەیەکی بابم، هومێدێک لە دڵماندا چەقەڕەی دەکرد. خۆم خۆش کردبوو لە زانکۆ دەروونناسی بخوێنم و ئازار و خەمەکانی بابم بڕەوێنمەوە.

پاش نیوەڕۆیەکی مانگی گوڵان بوو، دایکم پاش چوار پێنج ساڵان تازە دەستێکی جلی کوردی کڕیبوو، چووبوو لەکن دەستەخوشکێکی بە دوورینی بدا، شنە و شەوبا لە مەدرەسە بوون، من و شۆڕەسواری حەوت ساڵان و بابم لە ماڵێ بووین.

بابم سەری لە وەتاغێ نا:

+ شکۆف! ڕۆڵە! تۆ دەزانی بەربەسێڵ چی و چی دەوێ؟

--- نەوەڵا بابە گیان، پەلەت چییە! ئیستێک بگرە تا دایکم دێتەوە.

+ بابی خۆت ناناسی چەند چڵێس و نەوسنە! لەسەر دایکت ڕانەوەستاوم، گۆشتەکەم وەسەر ناوە، دەترسم ماستەکەی تێکەم، لێم هەڵگەڕێ.

--- هێلکەیەک لە ماستەکەدا بشلەقێنە، هەڵناگەڕێ.

+ ئەوە فێڵی چاکە شکۆف...

تەواو ئیمانم بەو پەندە هێنابوو کە دەڵێ: تەنگانە بەریان کورتە. لەخۆڕا بزەم دەهاتێ و خۆم وەک جەنگاوەرێکی شەکەت بەڵام پڕدەسکەوت دەهاتە بەرچاو، شەرڤانێک کە دوو ساڵی ڕەبەق لە بەرەی شەڕ بووە و ئەوڕۆ پۆتینەکانی داکەندووە و جووت لاقی لێ ڕاکێشاوە.

من وەک نۆبەرەی دایکم و بابم، ئەرکێکی قورسم لەسەر شان بوو، بابم دەلاواندەوە، ورەم بە دایکم دەدا، خوشک و برام دەحاواندەوە، میوان و گێلان و دووکان و بازاڕ و بەرپەرچدانەوەی خەڵک، هەمووی لە ئەستۆی من بوو.

+ "کچی بابەی، هەتا گۆشتەکە دەکوڵێ، دەچی سێ چوار دەسک تەرەپیواز و کوراده بۆ بابی خۆت بکڕی؟ لەسەر داشقە دایانناوە، بەتەنێ مەچۆ، شۆڕەسواریش بەرە".

قەتم وا سەرودڵخۆش و ڕەنگ و ڕوو کراوە نەدیتبوو، دوو جار هاتم باوەشی پێدا بکەم و تێرتێر نێوچاوانی، چەنەی، ڕوومەتەکانی ماچ بکەم، کەچی هەرچی کردم، لە ڕووم هەڵنەهات.

دەستی شۆڕەسوارم گرت و ڕۆیشتم، مێرمنداڵان لە کووچە تۆپێنیان دەکرد، تۆپێکیان لە تەختی پشتم ڕاکێشا، نرکە لە جەرگ و دڵمەوە هات، شۆڕەسوار زانی ئێشم پێ گەیشت، گەڕاوە قسەیەکی منداڵانەی پێ کوتن، کەچی هەر چوار و پێنجیان دەوریان داین، کردیانە قلقوهۆڕ: "کوڕی ناسرە شێت بۆ ناچی بابت بێنییە سەرمان."

نە جارێک، نە دوو جار. نازانم چۆن روحم دەرنەچوو! چۆنم تابشت هێنا، ئەو لاقانەم وەک شەقشەقە دەلەرزین و وەسەر خۆم نەدێنا. شۆڕەسوارم لەبن باڵم نا و لێیان دوور کەوتینەوە. شۆڕەسوار کوتی: دادە بۆ بە بابم دەڵێن "شێت"، کوا بابم شێتە؟

فرمێسکەکانم بە سەر قۆڵم سڕییەوە، کوتم نا بەقوربان، باب چۆن شێت دەبێ! باب قەت شێت نابێ.

چووینەوە ژوورێ، چرەدووکەڵ ئەو ماڵەی هەڵگرتبوو، چاو چاوی نەدەدی، گۆشتەکە سووتابوو، ببوو بە قاقەناز.

لەلایەک تەلەفۆنی بابم زەنگی دەخوارد، دایکم بوو، کوتی بە بابت بڵێ تازە بۆ ئەوشۆ بەربەسێڵ ناگاتێ، شتێکی سووک دەخۆین، سبەینێ بۆی لێدەنێم.

هەموو وڵاتم لە بابم کرد، دیار نەبوو، چوومە ژێرخان، پەنجەرەکەی دەیڕوانییە سەر حەسار خەڵوەتی، لەوێ پیاوێکی کەواوپاتۆڵ لەبەری، سەر و کاکۆڵ ڕەش، پشتێندەکەی لە قەدی کردبۆوە و لە ملی کردبوو. بەو جۆرە برینێکی قووڵی لە جەرگ و دڵمان کرد، نە قەت قرماغە دەکا نە خۆش دەبێتەوە، هەتا بەسەر زیندووین هەر خوێن دەدەڵێنێ.

**داڕشتنی کەیسێکی ڕاستەقینە**

**٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥**

---

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ و تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک**

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٣٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٣٦ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ خاتوو لەیلا قادری(ساکار) بۆ نووسین و ئامادەکردنی چیرۆک و نووسراوەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

